سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٩) ئەیلولی ٢٠٢١، ساڵی دووەم

## تەگبیری کوردستان؛ لە چوارسەرەوە بۆ چوارقۆڵی

### دۆسیەیەک سەبارەت بە پێگەی کورد لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا




- عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمەریکادا
- سەردەمی ڕەئیسی و ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گێچی کورد لە تەرازووی هەڵبژاردنی ٢٠٢٣ی تورکیادا
- بەڕێوەبردنی ڕووسیاییانەی قەیرانی سووریا و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (٩) ئەیلولی ٢٠٢١، ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنوسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین:
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری:
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژکاران:
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیـــزایـــن: شـێـرکـۆ خـانـزادی

هەڵـەبـڕ: بــاخــان ئـەحـمــەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



ئایندەناسی، پێشبینی و
بەرنامەڕێژی؛
لێکچوون و جیاوازییەکان ..27-10



عێراق و هەرێم لە ئەگەری
ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمەریکادا
...36-28



گرەو لەسەر کوردانی دڵشکاو
گێچی کورد لە تەرازووی هەڵبژاردنی
٢٠٢٣-ی تورکیادا ...51-37



سەردەمی ڕەئیسی و
ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
...61-52



بەڕێوەبردنی ڕووسیاییانەی قەیرانی
سووریا و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاوای
کوردستان ...79-62




ئاڵنگارییەکانی بەردەم بایدن؛
ئۆتۆنۆمیی کوردی و فراوانخوازیی
تورکی ...93-82



وانە ئەفغانستانییەکان لە عێراق؛
ئەگەرەکانی پاش ڕۆڵگۆڕین یان کشانەوەی
هێزەکانی ئەمەریکا ...103-96




دووبارە بیرکردنەوە لە شیرازەی
نوێی جیهانی
...111-106



سیناریۆ ئایندەییەکان
...115-114

سەروتار

# لە کوردستانی چوارسەرەوە بۆ کوردستانی چوارقۆڵی



د. هەردی مەهدی میکە

نێوچەکە ژانی لەدایکبوونی هاوکێشەی نوێی سیاسی و دابەشکردنەوەی هەژموونی هێزە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکان گرتوویەتی، کوردستان لەگەڵ هەرچوار پایتەختە دابەشکراوەکان بەسەریدا، حاڵەتێکی ناکارایی و کارتێکراوی تێدەپەڕێنێت. گەر لە چاوی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا و وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لێی بڕوانرێت، گەڕاوەتەوە دواوە، لە کەرکووک و نێوچە دابڕێنراوەکانەوە بیگرە تا دەگاتە مافە سیاسی و کولتوورییەکان لە ئێران، تورکیا و شام، سەرلەبەر نەک پێشێل دەکرێن، بەڵکوو لە ڕیزبەندیی ئامانج و پلانی کاردا فەرامۆش کراوە، لەنێو خۆشیدا لەبریی تەگبیری چوارقۆڵیانە، بووەتە چوار سەر و سەری یەک دەخوات.

دەوڵەتانی سەربار زیرەکانە نەک ئامانج و خەباتی سیاسی، بەڵکوو پرسی مافە سەرەتایی و شوناسییەکانیشیان لە کرۆکەوە گۆڕیوە بۆ خواستی کاتی، وەک: لە هەرێم پرسی کەرکووک گۆڕدراوەتەوە بە ڕێککەوتنێکی ساڵانە بودجە و مانگانەی ٢٠٠ ملیاردی، لە ئێران پرسی سەرەتایی قسەکردن و نووسین بە کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا گۆڕدراوەتەوە بەوەی لەسێدارەدانی گەنجانی کورد ڕابگرێت، لە تورکیا کۆی پرسی کورد فەرامۆش و بەستراوەتەوە بە خواستی ئازادکردنی "ئۆجالان"ەوە، لە سووریا پرسی مافی سیاسی و شوناسی کورد لە ڕیشەوە کراوەتە مافێکی مەدەنی و لە خواستە چەپ و شام-تەوەرەییەکەیدا توێنراوەتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی و ئامانجەکانی، لەکوێی ئەم پەرەسەندنە مەترسیدارانەدان؟ دۆخە جیهانییەکە هیچ لە بەرژەوەندیی گەلانی بێماف یاخود مافداری لاواز و بێڕۆڵدا نییە، لە سایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیی زلهێزان و هێزە هەرێمییەکان نەک مافی مرۆڤ تێیدا تەوەر نییە، بەڵکوو ئامادەیە هەق و مافە یاسایی و وەدەستهاتووە ڕەنج بۆ کێشراوەکانی گەلانیش بگۆڕێتەوە بە هێزێکی بێڕیشە و ستەمکار تەنها لە پێناو ڕاگرتنی هەژموونی باوی جیهانیی زلهێزاندا، ڕێک وەک ئەوەی لە ئەفغانستان، تورکیا، میسڕ، تونس و سووریادا ڕووی دا و ڕوو دەدا، سەرجەم هاوکێشەکان بەبێ ڕەچاوی دەنگ و ماف و مرۆڤایەتی-تەوەری، هەق ڕادەستی ناهەق دەکرێت و "ئاوی نێو جامێکیش جووڵە ناکات". لە کاتێکدا دۆخی کورد لە چوار پارچەدا چەند بەرامبەر لەدوای ئەو شوێنانەوەیە کە باس کران لە ڕووی سەروەری، شوناس و بەدەنگەوەهاتنی نێودەوڵەتیدا. لەم جۆرە حاڵەتانەدا نابێت دەستبەجێ بۆ وەڵامی خێرا بگەڕێین و بڵێین خەتای کورد نییە و خیانەتی زلهێزان و دەرودراوسێ وای لێ کردووین و سەرکردەکانی سیاسەتی کوردستانیش وەک بەرزەکی بانان لە بەرپرسیارێتی دەرباز بکەین! ئەمە نەک خیانەت نییە، بەڵکوو تێنەگەیشتنە لە دۆخ و بنەماکانی ململانێی نێودەوڵەتی و واقیعگەرایی نوێ لە ئاراستەکردنی پرسە سیاسییەکاندا، دەردەکەوێت ئەوە زەینکۆڵی سیاسییە کە لە پێگەی سیاسیی خۆی نەگەیشتووە و لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمیی خۆی و بنەماکانی نەگەیشتووە. لە دنیای تازەدا هێزی دەوڵەتی و نادەوڵەتی ئەوانەن کە ڕۆڵ دەگێڕن لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕۆڵت هەبوو دەمێنیتەوە، نەتبوو گەر سەروەرییشت هەبێت ئەوا سوکانەکەت لێ دەسەنرێتەوە، خۆ سەروەریی سیاسییشت نەبێت، وەک کورد و ئەکتەری نادەوڵەتی بێت، ئەوا نەک سوکان، ئەوەشی بەدەست هاتووە، دوور نییە نیوەی یان هەمووی لەدەست بدرێت. ئەمە واقیعە تاڵەکەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەوڵەتییە؟ ئێستا کورد لە کوێی ئەم ستادیۆم و وێنە گەورەیەدایە؟ بەر لە گەڕان بەدوای وەڵامدا، دەبێت لە سروشتی جووڵانەوەی سیاسیی پرسی کوردستان لە چوار پارچەدا بگەڕێین:

١. سروشتێکی هەرێمایەتی هەیە نەک نێودەوڵەتی: تا هەنووکەش پرسی کورد وەک مافی سیاسی و مەدەنی هێشتا سنووری چوار وڵاتەکەی خۆی نەبڕیوە و بە نێودەوڵەتی نەبووە، واتە قەبارە و توانای بزووتنەوە سیاسییەکە هەر چەندێک بووبێت، نەیتوانیوە لە پایتەختێکی جیهانیی دەرەوەی ئەو چوارە (تاران، ئەنکارا، شام و بەغدادەوە) مافەکانی دەستەبەر بکرێت، هەموو هاتنەدەنگێکی

نێودەوڵەتییش وەک خەڵک و مرۆڤ بووە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکیاندا نەک وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت (وەک ئەوەی لە کۆڕەودا هەندێ لە زلهێزان وەدەنگ هاتن)، ئەمەش بەو مانایە دێت هێشتا جیهان هەر باوەڕی بەو سنوور و کلێشە دەوڵەتییە باوانە هەیە کە هەیە، نەک ئەوەی خواروخێچییەکی نوێ لە نەخشەی سیاسیی وڵاتاندا دروست بکات و لە ڕێیەوە مافی سیاسی و کیانێکی بۆ گەلێکی وەک کورد لێ وەبەر بهێنرێت و سەر بە خۆی بێت نەک ئەوانی دیکە.  کورد دەبێت لەوە بگات تا ئەو دەمەی نەتوانرێت دبلۆماسیەت و پارادبلۆماسیەتی کوردستانی بگاتە ئاستێکی نێودەوڵەتی کە لەسەروو دراوسێکانیەوە وەک نەتەوە لەسەری وەدەنگ بێن، دەبێت لە دەرکەی یەکێک لە پایتەختەکانەوە بێت کە لە ئێستادا چاکی نێو خراپانیان بەغدایە؛ جووڵە بکات، چونکە:

ا. لەبەر ئەوەی وەک هەرێمێکی دەستووری، نیوەی باشووری کوردستانی لە ڕووی مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردەوە لە دەستووردا جێگیر کردووە.

ب. بواری ململانێ و ئاڵۆزیی سیاسی لە بەغدا کراوەتر و لەبارترە، لە هەموو ئەوانی دراوسێش لاوازترە و کوردیش هەم هاوبەشە لە دەسەڵات و هەم کابینە حکومییەکانی پێویستیان بە هێزی کوردستانە، لەوەش بترازێت چ وەک دانپێدانان و چ وەک گێڕانەوە مێژوویەکان عەرەبان لە فارس و تورکان بەئینسافتر بوون و ئینکاریی بوونیشیان لە ڕووی شوناس و جوگرافیاوە نەکردووین، بەڵکوو میراتی جێماوی عەرەبییە کوردستانێتیی خاکمانی لە ئێران و تورکیاش پێ دەسەلمێنرێت، ئەمەش وەک ستراتیژ هیچ ناکۆک نییە لەگەڵ ئامانجە گشتییەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا.

٢. جووڵانەوە کوردستانییەکان هێزگەلێکی چەند پاکێجی و پەرتەگوتارن: چونکە بۆ بونیادنانی کیانێک کە ئامانجێکی ڕۆژی هەوەڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانییە، لە ئامانجەوە نەبووەتە ستراتیژ، هەر بە کلێشەیی و درووشمبازی ماوەتەوە، ئەی ئەوە نییە هەر بە کوردی باشوور؛ باکوور و بە باکوور؛ باشوور و بە ڕۆژئاوا؛ ڕۆژهەڵات و...تاد لاواز و قەتیس و پاسیڤ دەکرێن و کراون! لە کاتێکدا دەبوو وەک ئامانج و ستراتیژیش پاکێجی خەباتی کوردستانی لەلایەن هێزەکانی هەر چوار لاوە جێگیر بکرایە و ئامانجڕێژی و وەک نەگۆڕی سیاسەت کاریان لەسەر بکرایە، ئەم کردەیە سوودگۆڕکێی سیاسیی وەدی دەهێنا و هەر لایەک دەبوونە نەرمەهێز و هێزی پشتیوان و وەک کارتی فشار لەسەر پایتەختەکانی دەوڵەتانی سەردەست نەک پێچەوانەوە وەک ئێستا کە بوونەتە کارتی فشار و زیان لەسەر یەک. گەر ئەمە نەکەن، ئەوا دەبێت ئیمان بهێنن بەوەی کە چیتر ناوی خەباتی کوردستانی لە خۆیان بکەنەوە، ناکرێت لە ئاشتەواییدا پشت لە ستراتیژ و ئامانجەکانی ڕزگاریخوازیی بێت و وەک ڕەجعیەت بناسرێت و لە ئانی پەلاماری سەردەستەیەکیشدا بکرێتەوە کارتی بەهاناوەچوون و پاڕانەوە!

گەر ستراتیژ و ئامانجی نیشتمانی لەنێو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار لادا دابڕێژرێت و وەک نەگۆڕ بەرەو پێشەوە ببرێت، دەتوانرێت ڕۆڵی لە هەر چوار پارچەدا (وەک تەکنیک و شێواز) پێ دابەش بکرێت و لە پارادبلۆماسی و نەرمەهێزی یەکدیدا سوودگۆڕکێ و وەرچەرخانی ئەرێنی دەستەبەر بکرێت.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر پەرەگرافی یەکەم، هیچ کات نێوچەکە هێندەی ئێستا ئاڵۆز و لە سەرووبەندی ڕۆڵ دابەشکردنەوە و گۆڕانکاریی هەژموونی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا نەبووە، بەڵام هیچ کات وەک ئێستاش هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار لا پاسیڤ و کەمئەرک نەبوون کە بێئەرکی مەترسییە گەورەکەیە، چونکە مەترسیی گەورە لە ململانێ نیودەوڵەتییەکاندا نەبوونی هێز  نییە، بەڵکوو نەبوونی ڕۆڵ و ئەرکە لە ماشێنە گەورەکەی پازڵی سیاسەتدا. مافە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان لە ئێرانی سەردەمی ڕەئیسی و خۆبونیادنانەوە هەنگاوی دووەمی شۆڕش (٤٠ ساڵی دووەم)، تورکیای بەردەم هەڵبژاردنی ٢٠٢٣ (چەسپاندنەوەی عوسمانیی نوێ)، سووریای سەردەمی بنیادنانەوە و بەغدای پاش هەڵبژاردنی ٢٠٢١ و ئەگەرەکانی ڕۆڵگۆڕینی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، سەرلەبەر ئاماژەن کە ئەوەی لە کوردستان گەرەکە: پرسە کوردستانییەکە وەک پاکێجێک لە هەر چوار لادا وەپێش بخرێت و ستراتیژ و گوتارێکی هاوبەشی بێتە ئارا، تا دیسانەوە لە دەیەی بیستی سەدەی بیست و یەکدا وەک دەیەی بیستی سەدەی بیست بێ ڕۆڵ و دەستکەوت لێی دەرنەچین و تا هەنووکەش کوردستان پێیەوە بتلێتەوە و تەنانەت زمانەکەشی لە زۆر شوێن قەدەغە بێت نەک مافە شوناسی و سیاسییەکانی. لەبەر ئەوەیە کوردستان تەگبیری چوار قۆڵیی دەوێت نەک چوار سەری!

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# ئایندەناسی، پێشبینی و بەرنامەڕێژی؛

## لێکچوون و جیاوازییەکان



ئەژی ئازاد ئەبوبەکر    توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



## بەرایی

ئایندەناسی وەك بوارێكی ئەكادیمی و مەعریفی كە بە ڕای بەشێك لە پسپۆڕان دەشێت وەك زانستێكی نوێ لێی بڕوانرێت، لە ئێستادا پێویستییەكە بۆ ئامادەكردنی مرۆڤ بۆ پێشوازی لە ئایندە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕووداوانەی كە دێنە سەر ڕێی و توانای پێشبینیكردنی تەواوەتییانی نییە. ڕێكنەكەوتنی پسپۆڕانی بوارەكە لەسەر هەڵبژاردنی چەمكێكی دیاریكراو و جیاوازی بۆچوونەكان لەسەر سنوور و ئەركی هەریەكە لە لقەكانی تری پەیوەست بە ئایندەناسی وەك بەرنامەڕێژی و پێشبینی، هۆكارێكی سەرەكین كە چەندین پسپۆڕی و بواری جیاواز لەژێر چەتری ئایندەناسی بكرێنەوە و هەر كامیان بەپێی ئەرك و بەرپرسیارێتییەكانیان كۆمەڵێك چوارچێوە بۆ خۆیان دیاری بكەن. سەرباری هەموو ئەمانەش، ئایندەناسی بە هۆی بەردەوام نوێبوونەوەی میتۆدەكانی كاركردنی و جیاوازیی نێوان لقوپۆپەكانی، ئەستەمە كە لە پێناسەیەكی دیاریكراودا بگونجێت و زۆریی ئەو توێژینەوە و نووسینانەی كە سەبارەت بە بابەتەكانی پەیوەست بە ئایندەنووسی دەنووسرێن، دەرخەری فراوانیی ئەم زانستە و لە هەمان كاتدا ئاڵۆزبوونیەتی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە سێ بابەتی ئایندەناسی، بەرنامەڕێژی و پێشبینی چەمكناسی بكرێن و لایەنە لێكچوو و جیاوازییەكانیان بخرێنە ڕوو.

## ئایندەناسی؛ لە دوارۆژەوە بۆ ئیستا

هاوشێوەی زۆربەی چەمكەكانی تری زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشێكی چەمك و دەستەواژەكانی پەیوەست بە ئایندە و ئایندەناسی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراون. چەندین وشەی لێكچوو كە لە ناوەرۆكدا جیاوازن بۆ لێكۆلینەوەكانی سەبارەت بە ئایندە، لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە بەكار هاتوون: futures Study Future studies/ (لێكۆڵینەوەی ئایندەیی/لێكۆڵینەوە ئایندەییەكان)، Future Analysis (شرۆڤە ئایندەییەكان)، Futuristic (پەیوەست بە ئایندە)، Futuribles (ئایندەبینی)، Futurology (ئایندەناسی)، Foresight (دووربینی)، Futures field (بوارە ئایندەییەكان)، Prognostics (هێما ئایندەییەكان)، هەروەها چەمكەكانی تری وەك “Forecasting” و “Prediction” كە بە مانای پێشبینی دێت[١]. ئەمە جیا لە چەندین دەستەواژەی تری وەك: Future research (توێژینەوەی ئایندەیی)، Future thinking (بیركردنەوەی ئایندەیی)[٢] و Futurism (ئایندەخوازی)[٣]. هەروەها لە زمانی فەڕەنسی چەندین دەستەواژەی وەك: Prospective (المستقبل المنظور)، Prévision(الروية المسبقه)، Planification (بەرنامەڕێژی) بۆ ئاماژەدان بەم بوارە بەكار دێن[٤]. زۆری و جیاوازیی ئەو چەمكانەی كە بۆ ئەم كایەیە

بەکار هاتوون، جیا لە نوێبوونی ئەم کایەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێککەوتنێك لەنێو پسپۆران بۆ دیاریکردنی گونجاوترین وشە بۆ ناساندنی ئەم بوارە نەهاتووەتە کایەوە(٥).

سەرجەم ئەم دەستەواژانە سەرەڕای جیاوازییان لە پێناسە و شێوازی کارکردنیان، بەڵام خاڵی کۆکەرەوەیان بیرکردنەوەیە لە ئایندە و ڕێگاکانی درکپێکردن و ناسینی ئایندەیە. لە زمانی کوردیدا تاوەکوو ئێستا زیاتر دوو چەمکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و ئایندەناسی بۆ ئەم زانستە بەکار هاتوون، کە یەکەمیان وەرگێڕاوی چەمکی ئینگلیزی "Future Studies" لە زمانی ئینگلیزی و "الدراسات المستقبلیة" لە زمانی عەرەبی و "آیندەپژوهی" لە زمانی فارسییە و دووەمیان کە لەم نووسینە بەکار هاتووە؛ زیاتر لە وشەی "Futurology" نزیکترە.

ئایندەناسی لە پێناسەیەکی کورتتدا بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئاراستە هەنووکەییەکان بە مەبەستی پێشبینیکردنی گۆڕانکارییەکانی ئایندە(٦) بە شێوەیەکی سیستماتیك کە لە خواستەکانی ناو کۆمەڵگەوە سەرچاوە بگرێت(٧). ئەم هەوڵە سیستماتیکە تێڕوانینە بۆ ئایندەیەکی "درێژمەودا" لە سەرجەم بوارەکانی زانیاری، تەکنەلۆجیا، ئابووری، ژینگە و کۆمەڵگە و وەبەرهێنان لەو بەشانەی کە زۆرترین سوودیان بۆ لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەبێت. بۆیە ئایندەناسی بریتییە لە "خۆئامادەکردن بۆ ئایندە" و بەکارهێنانی "سەرچاوە هەنووکەییەکان" بە باشترین شێواز لە پێناو "بەها ئایندەییەکان"(٨). ئایندەناسی ئاماژەیەکە بۆ توانای وێناکردنی ئەوەی کە پێدەچێت ڕوو بدات و ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە هەوڵی هێنانەدیی بدات ئەگەر بە قازانجی بێت یان ڕێگریی لێ بکات ئەگەر بە زیانی بشکێتەوە. بەم شێوەیە چەمکی ئایندەناسی دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە بریتین لە "درککردنی ئایندە" و "پێشبینیکردنی ئایندە"(٩).

لە مانایەکی گشتیدا، ئایندەناسی لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیکیی گشتگیریی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجی و ژینگە، بە مەبەستی دۆزینەوەی شێواز و چۆنێتیی ژیان و کاری مرۆڤ لە داهاتوودا. ئایندەناسی دەگەڕێت بەدوای تێگەیشتن لەوەی چی لەوانەیە بەردەوام بێت و لە داهاتوودا لەوانەیە بگۆڕدرێت. بەشێک لەم دیسیپلینە گەڕانێکی سیستماتیکییە بەدوای تێگەیشتن لە ڕابردوو، ئێستا و دەرخستنی ئەگەری ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو(١٠). ئایندەناسی چاوی مرۆڤەکان سەبارەت بە ڕووداو، هەل و مەترسییەکانی ئایندە دەکاتەوە و ناڕوونی و دڕدۆنگی کەم دەکاتەوە و ڕێگە بە مرۆڤایەتی دەدات بۆ ئەوەی بزانن: بۆ کوێ دەتوانن بڕۆن، بۆ کوێ دەبێت بڕۆن و

لە کام ڕێگەوە بە ئاسانییەکی زیاتر دەتوانن بگەن بە ئایندەی خوازراو و پیشانیان دەدات کە چۆن "لە هەناوی گۆڕانکارییەکانی ئێستا؛ واقعیەتی دوارۆژ دەردەکەویت"[١١]. هەر بۆیە ئایندەناسی زانستێکە کە دەتوانێت خولیا، حەز و ئامانجەکانی تاك، دامەزراوە و گەلێك بهێنێتە دی و تەنانەت لە ڕۆژگاری ئێستادا چاوەڕێی لێ دەکرێت کە لە ئاستی دەرخستن و پێشبینی تێپەڕێت و "ئەندازیاری ژیرانەی ئایندە" بێت[١٢].

بە ڕوویەکی تردا، ئایندەناسی "چاودێری ئایندەیە" و ئاسۆی ئێستایە بەرەو داهاتوو، بە شێوەیەك کە ئاسۆی یەکەم لە کاتی ئێستادایە و پێویستە مرۆڤ لە ئێستادا بژیەت بۆ ئەوەی بەوردی لە بابەتەکان تێبگات، ئاسۆی دووەم خەونە و پێویستە بزانرێت بۆ کوێ دەڕوات و ئاسۆی سێیەم سەختی، گۆڕانکاری و ناڕەهایەتیی ڕووداوەکانە، لەم ئاسۆیەدایە کە مرۆڤ درك بەوە دەکات کە جیهان چۆن دەگۆڕدرێت و چۆن دەتوانێت لەم گۆڕانکارییانە بە باشترین شێواز سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە ئێمە پێویستە هاوکات لە هەرسێ ئاسۆکەدا بوونمان هەبێت[١٣]. هەروەها ئایندەناسی ئەگەرچی ئاسۆکەی بەرەو داهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پردی نێوان ڕابردوو و ئێستایە، بەو پێیەی کە زۆرینەی ئایندەناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە پێکهێنەرەکانی گەردوون؛ یەکپارچە و گرێدراوی یەکترن و و مرۆڤیش وەك هەموو بوونەوەرەکان بەشێك لە گەردوون پێك دەهێنێت. جیهانی ئایندە لە دەروونی جیهانی ئێستاوە دروست دەبێت و وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو؛ یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینی ئایندە[١٤]. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ئایندەناسیدا تەنیا کاری سیستماتیك لەسەر "یەك ئایندە" ناکرێت، بەڵکوو بەردەوام "چەندین ئایندەی وێناکراو" و گریمانەکراو کاری لەسەر دەکرێت[١٥]. هەر ئەمەشە کە وای کردووە ئایندەناسان سوود لە دەستەواژەی لاتینیی "Future studies" وەربگرن و وشەی "Futures" بەکار بهێنن، کە ئاماژەیە بۆ بوونی چەند ئایندە[١٦].

پرسیارێکی لەمێژینە و سەرەکی لەسەر ئایندەناسی، پەیوەندیی ئەم بوارەیە لەگەڵ بوارەکانی تر و بەتایبەتی زانست و وڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئایندەناسی زانستە یان نا؟ لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سێ بۆچوونی سەرەکی بوونی هەیە: بەشێك پێیان وایە زانستە و بەکارهێنانی چەمکەکانی وەك "Mellontology" و "Futurology" لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بۆ ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە[١٧]. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ئایندەناسی لقێکە لە زانست و تەکنەلۆجی. زانستە، چونکە لەسەر بنەما مەعریفییەکان و تیۆری ورد و مێتۆدۆلۆجی بونیاد دەنرێت و لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان وەك بوارێکی

خوێندن کاری لەسەر دەکرێت. تەکنەلۆجییە، چونکە پشت بە کۆمەڵێك تەکنیکی زانستیی دیاریکراو دەبەستێت و دەتوانێت لە چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی ئاینده بەکار بێت، لەم ڕوانگەیەوە ئایندەناسی دەچێتە چوارچێوەی "تەکنەلۆجیای نەرم"ەوە[١٨]. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەو بۆچوونە هاتە کایەوە کە ئایندەناسی دەچێتە چوارچێوەی "هونەر"ەوە و ناساندنی بە زانست لۆجیکیانە نییە، چونکە بیرکردنەوە لە ئاینده پێویستی بە خەون و خەیاڵ، زەینێکی بێسنوور، ئازاد و کراوە هەیە بۆ بیرکردنەوە لەو شتانەی کە کەسانی تر ناتوانن بیری لێ بکەنەوە[١٩]. لەگەڵ ئەمەشدا ناتەباییەکانی دیاریکردنی سنوور و مەودای کارکردنی ئایندەناسی و چۆنیەتیی پەیوەندیی لەگەڵ زانستدا، وای لە بەشێکی تر لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کردووە کە ئایندەناسی بە بوارێکی "Multidisciplinary" (فرەپسپۆڕی)، یان "transdisciplinary" (سەرووپسپۆڕی) بناسێنن و پێیان وایە بە هۆی فرەڕەهەندیی بابەتەکانی پەیوەست بەم بوارە و سەرکێشانی بۆ زۆر کایەی جیاواز لە یەکتری؛ بە بوارێکی دیاریکراو نەبەسترێتەوە[٢٠]، یان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی "Interdisciplinary" (نێوپسپۆڕی) جێ بکرێتەوە[٢١].

نوێبوونی ئەم بوارە و تێکەڵبوونی لەگەڵ کایەکانی تردا، بووەتە هۆی دروستبوونی گرفتی مێتۆدی و زانستی و تاوەکوو ئێستا لەلایەن کۆمەڵگەی زانستییەوە وەك "زانستێکی سەربەخۆ" نەناسرێت. ئەگەرچی بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە ئایندەناسی لە "زانستە کۆمەڵایەتییەکان" نزیکە، بەڵام لەوانەیە وردتر ئەوە بێت کە ئایندەناسی وەك بوارێکی ئەکادیمی-مەعریفی پێناسە بکرێت[٢٢]. ئەم بۆچوونەش بوونی هەیە کە سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە پسپۆڕانی ئەم بوارە دەیدەن بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی مێتۆد و کەرەستە نوێیەکانەوە زانیاریی بڕاوەتر و قابیلی پشتبەستن بە ئاییندەیان دەست بکەوێت، بەڵام سەرجەمی ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە دواجار بگەنە ناسینی ئاینده بەتەواوەتی و ببێتە هۆی یەقینی ئێمە لە ئاییندەدا، چونکە هێشتا ئاینده نەهاتووەتە کایەوە و ڕووی نەداوە کە ببێتە بابەتی "زانست". بە واتایەکی تر: ئێمە ناتوانین دەستەواژەی "زانستی ئاینده" بەکار بهێنین و لەبریی ئەوە ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ئاییندەیی یان ئایندەناسی جێیان بووتەوە[٢٣].

## ئایندەناسی و جیهانی مرۆڤ؛ ئامانج و گریمانەکان

بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و گریمانەکانی ئایندەناسی، سەرەتا پێویستە لەو پرسیارە سادەیەوە دەست پێ بکرێت کە گرنگیی ئەم

زانستە لە چیدایە؟ وەڵامێکی سادەی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە "ئێمە بۆ ئایندە دەڕۆین"، هەمووومان بەرەو ئایندەیەك هەنگاو دەنێین کە بەشێك لە ژیانمان لەوێ بەسەر دەبەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین کە ئەم ژیانە چۆن دەبێت؟ لەوێ چی دەکەین؟ ئایا بەپێی بەرژەوەندییەکانمان دەتوانین ئەو ئایندەیە هەڵبژێرین کە دەمانەوێت و لە قازانجماندایە؟ و دواجار ئایا ئایندەناسی دەتوانێت لە هەڵبژاردنی ئایندە، گەڕان تێیدا، لابردنی ناڕوونییەکان و هەڵماڵینی پەردە لەسەر هێزە کاریگەرەکان یارمەتیمان بدات[٢٤]؟ گرنگیی ئایندەناسی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدایە و ئامانج و گریمانەکانیش لەم پێناوەدا دیاری دەکرێن.

ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتیی ئایندەناسان بریتییە لە پاراستن و زیادکردنی خۆشگوزەرانی و کامەرانیی مرۆڤ و تواناکانیەتی بۆ بەردەوامیی ژیان لەسەر ئەو زەوییەی کە تێیدا دەژیەت، هەر ئەمەشە وایکردووە بەردەوام لە بیری ئایندە جیاواز و بەدیلەکان بێت و لە خەمی ئەو ئایندانە بێت کە دەتوانرێت بێنە کایەوە، یان لەوانەیە و گریمانەی بۆ دەکرێت یان پێویستە بێنەکایەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم ئامانج و بەهاکان دیاری دەکرێن، ڕێڕەو و شێوازی کارەکە شی دەکەنەوە، بارودۆخ هەڵدەسەنگێنن و دواتر ئایندە جیاوازەکان دەخەنە ڕوو و ڕوونیان دەکەنەوە[٢٥].

گرنگترین ئامانجەکانی ئایندەناسی بریتین لە:

- ئامادەکردن و ڕێکخستنی چوارچێوە گشتییەکان بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکان کە لە ئایندەدا ڕوو دەدەن و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پێشبینی کراون.
- ناسین و درکپێکردنی دروست لە بابەتە تازەدەرکەوتووەکان و ئەو ئاڵنگارییە سیاسییانەی کە دێنە پێش.
- داڕشتنی بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن و پێشگرتن لە دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی ڕووداوە پێشبینینەکراوەکان.
- خۆبەدوورگرتن لە چوونەناو دۆخ و ڕووداوە پڕ لە مەترسی و نەناسراوەکانی ئایندە.
- پەسەندکردن و تێگەیشتن لە گرنگیی بیرۆکەکان، بەها و تێڕوانینە ئەرێنییەکانی ڕابردوو و هەنووکە لە پێکهێنان و دروستکردنی ئایندەدا.
- ڕاڤەی ئاراستە سیاسییەکانی ڕابردوو و ئێستا بە مەبەستی ناسینی ئەو بابەت و ئەزموونە نەرێنییانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئایندە.
- هێنانەکایەی تێڕوانینێی ڕێکخراو و لۆجیکیانە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئایندە بە پشتیوانیی مەعریفەی بووناسانە[٢٦].

بەرنامەڕێژیی مامناوەند و درێژەمەودا، کەمکردنەوەی ڕووداوە لەناکاوەکان، پێشبینیی وەرچەرخانەکانی ئایندە، ناسینی تەکنەلۆجییەکانی ئایندە و چۆنێتیی

مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ناسینی کارەکتەرکان و ئەو کەسانەی کە جیهان بەرەوپێشەوە دەبەن، تێگەیشتن لە بنەماکانی گەمەکان لە ئاستی جیهاندا، ناسینی سنوورەکانی زانست و زانین، دروستکردنی کۆدەنگی و یەکانگیریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە بڕیارەکانی پەیوەست بە ئایندە و... هتد[٢٧].

بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی هەر چالاکییەکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەشێت بۆ دوو ئاراستەی پەیوەندیدار بە یەکەوە دابەش بکرێت: ئامانجە گشتییەکان، ئەو ئامانجانەن کە لە هەر بەرنامەیەکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کەم تا زۆر ئەگەری ڕوودانیان هەیە و کەم تا زۆر بینەری ڕوودانیانن. ئامانجە تایبەتییەکان بریتییە لەو ئامانجانەی کە مەرج نییە ڕوو بدەن، بەڵکوو جێبەجێکردنیان پێویستی بە وردبوونەوە و بەرنامەڕێژیی تایبەت هەیە[٢٨].

**بەشێك لە گریمانەکانی تایبەت بە ئایندەناسی:**

١. کات بە شێوەیەکی تاکلایەنانە و بەبێ گەڕانەوە دەچێتە پێشەوە، لە ڕابردووەوە دەست پێ دەکات، ساتێکی کورت دەبێتە ئێستا و دواتر بەرەو ئایندە دەڕوات.

٢. مەرج نییە هەر شتێك کە لە ئایندەدا ڕوو بدات، ئێستا بوونی هەبێت یان لە ڕابردوودا بوونی هەبووبێت[٢٩]. بەم شێوەیە ئەگەری هەیە ئایندە هەندێ ڕووداو و لایەن لەخۆی بگرێت کە هیچ پێشینەیەکی نەبووبێت. ئەم بابەتە هۆکاری پێویستیی مرۆڤ بە بیری نوێ، بەرداشتی نوێ و کاردانەوەی نوێ دەردەخات.

٣. بیرکردنەوە سەبارەت بە ئایندە بۆ کردار و هەنگاوەکانی ئێستای مرۆڤ بابەتێکی پێویستە، چونکە "کاردانەوەی بێ تێفکرین بۆ ئایندە ڕێی تێدەچێت، بەڵام جووڵە ئەگەری نییە، چونکە کردار پێویستی بە پێشبینیکردنە". هەر بۆیە وێنەکانی ئایندە (ئامانج، مەبەست، ئومێد، نیگەرانی و ئاواتەکامنان) هۆکاری کردارەکانی ئێستای ئێمەن.

٤. ئایندە بە شێوەیەکی تەواو و ڕەها پێشتر دیاری نەکراوە، کەواتە ئایندە پێشتر و بە شێوەیەکی نکۆڵیلێنەکراو لەسەر مرۆڤەکان نەسەپێنراوە، بۆیە "ئایندە کراوەیە و کۆتایی پێ نەهاتووە"[٣٠]. ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتێکی سەرەکیی ئایندەناسییە، واتە لە ئایندەدا هیچ شتێك ڕەها و براوە نییە و قابیلی گۆڕانکارییە، هەروەها ئایندە تەنیا ئیعتبارێکی زەینی نییە، بەڵکوو واقیعیەتێکە لەسەر شانی حەقیقەت[٣١].

٥. ئەنجامەکانی ئایندە تا ڕێژەیەك لەژێر کاریگەریی کرداری تاکەکەسی و بەکۆمەڵی مرۆڤەکانە، واتە کاریگەرە بەو هەڵبژاردنانەی کە تاکەکان لە ژیاندا دەیکەن.

٦. وابەستەیی هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی بوون، وامان لێ دەکات کە بۆ بڕیاردانێك، تێڕوانینێکی "گشتی" (کلی نگر) و چەند لایەنەمان هەبێت. ئایندەناسان جیهان وەك "بوونێکی بەیەکەوە گرێدراو" و "پەیوەست بە

یەکەوە” دەبینن و پێیان وایە کە هیچ سیستم و یان هیچ بەشێکی ئەم بوونە بەرەهایی لە یەك جودا نین.

٧. هەندێك لە ئایندەکان لەوانی تر باشترن، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایندەناسان بەدوای دۆزینەوەی ئایندە باشەکان، ئایندەگریمانەکراو و ڕێتێچوو (محتمل) و مومکینەکان دەگەڕێن.

٨. ”بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەی دروست لە جیهاندا، تەنیا زانستێکی بەڕاستی سوودبەخش؛ زانین و مەعریفەی سەبارەت بە ئایندەیە.“ ئەم گریمانەیە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە چیتر ”ڕابردوو بوونی نییە و کۆتایی پێ هاتووە“. سەرەڕای هەموو ئەو سوود و وانانەی کە ڕابردوو بۆ ئێمە هەیانە، ناتوانین ڕابردووی خۆمان بگۆڕین، بەڵام ئایندە بۆ ئیرادە و هەنگاوەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە، چونکە هێشتا ڕووی نەداوە[٣٢].

گریمانەیەکی تری ئایندەناسی بەپێی ئەو پێناسەیەی کە ئایندەناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیکیی ئایندە مومکین، ڕێتێچوو و خوازراوەکان کە ئەو جیهانبینی و ئەفسانانە دەگرێتەوە کە زەمینەسازیی هەر ئایندەیەکە[٣٣]، لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە لە دیدی ئایندەناسانەوە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئایندە لە چوار ئاستەوە قابیلی ڕوونکارییە (تبیین)، یان دەتوانین بڵێین چوار ئایندەی جیاواز لەیەکمان هەیە کە گریمانەی بۆ کراوە:

١. ئایندەی مومکین (Possible): کە هەموو ئەو دۆخە ڕێتێچووانە دەگرێتەوە کە ئەگەریان (might) هەیە لە ئایندەدا ڕوو بدەن و ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە مومکینە ڕوو بدەن، تەنانەت ئەگەر نەزانین کە هەر کامێکیان چۆن ڕوو دەدەن، بەڵام لەوانەیە ڕۆژێك بگەینە ئەو زانینە. سەبارەت بەم ئایندەیە، تێبینی دەکرێت کە پێویستە بارودۆخ و ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەك بن کە زەمینە و ئامادەیی ڕوودانیان هەبێت، بە واتایەکی تر: بۆ دۆزینەوەی ئایندە مومکینەکان، دەبێت پێداچوونەوە بە دۆخی هەنووکەیی بکرێت، ئەمەش بەکارهێنانی مێتۆدی نوێی پێویستە.

٢. ئایندەی گونجاو (Plausible): هەر حاڵەتێکی ئایندە کە بەپێی زانینی ئەمڕۆی مرۆڤ قابیلی ڕوودانی هەیە، یان دەتوانێت بێتە کایەوە (could). ئایندەیەك کە ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە لەوانەیە لەسەر بنەمای درکی هەنووکەییمان لە شێوازی کاری گەردوون (یاساکانی فیزیا، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و...) ڕوو بدەن.

٣. ئایندەی ڕێتێچوو (Probable): ئاماژەیەکە بۆ ئەو ئایندەیانەی کە دەشێت (likely to) ڕوو بدەن و درێژەپێدانی ڕەوتی هەنووکەیی لەو ئایندەیانەیە کە پێدەچێت ڕوو بدەن. لەم ئایندەیەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لە ماوەیەك و قۆناغێکی دیاریکراو و بەپێی ئەوە شتانەی کە لەبەر دەستە، ڕێتێچووترین

ئاینده چی دەبێت؟ ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ڕێتێچووترین ئاینده بۆ دیاردەیەکی تایبەت چی دەبێت؟

٤. ئایندەی خوازراو (Preferable): ئایندەیەکە کە خواستی ئێمەیە و بە بەراورد بە ئایندەکانی تر خواستی زۆرتری لەسەرە، یان لەنێو ئایندەکانی تر پەسەندی زۆرتری هەیە. ئایندەیەك کە ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە پێویستە و دەبێت (should ought) ڕوو بدەن و لە بەرامبەردا ئایندەیەك هەیە کە نەخوازراوە (un-preferred) و پێمان باشە ڕوو نەدەن و ڕێی پێ نەدەین[٣٤].

لەگەڵ ئەم دابەشبوونە، بەشێك لە توێژەران چەند ئایندەیەکی تر وەك جۆرەکانی ئاینده ناو دەبەن، بۆ نموونە:

- ئایندەی شاراوە (Potential): "هەموو شتێك لەوپەڕی ساتی ئێستاوە، ئایندەیەکی بەهێزە". ئەم ڕستەیە لەو گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاینده نادیارە و "کراوە" نییە، بەڵکوو حەتمی و "جێگیر"ە.

- ئایندەی ناماقوڵ (Preposterous): ئەو ئایندانەن کە بەلامانەوە "گاڵتەجاڕانە" و "نامومکین"ن، یان "هەرگیز" ڕوو نادەن.

- ئایندەی پلانبۆدانراو (Projected): پێشبینیی بەردەوامی ڕابردووە لەناو داهاتووی ئێستادا. ئەم ئایندەیە بە بەهێزترین ئەگەر لەناو ئەگەرەکانی ئاینده دادەنرێت.

- ئایندەی پێشبینیکراو (Predicted): ئایندەیەك کە کەسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕوو دەدات[٣٥].

- **ئایندەناسی و بەرنامەڕێژی؛ خۆئامادەکردن و نەخشەدانان:**

بەرنامەڕێژی بریتییە لەوەی کە لەسەر بنەمای پێشبینی و دووربینییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك؛ پێویستە چ کارێك ئەنجام بدرێت، چۆن ئەو کارە ئەنجام بدرێت و لە چ بازنەیەکی کات و لە ڕێگەی چ کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت. بۆیە بەرنامەڕێژی پرۆسەیەکە لە گرتنەبەری کۆمەڵێك بڕیاری پەیوەست بە یەکتر، پێش ئەوەی پێویست بکات جێبەجێ بکرێن، بەو پێیەی کە بڕوا وایە بەبێ هەڵنانی هەنگاوی کرداری ئەگەری ڕوودانی دۆخی خوازراو لە ئاییندەدا بوونی نییە و لە ئەگەری ئەنجامدانی؛ ئەگەری گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان زیاتر دەبێت[٣٦]. بەرنامەڕێژی لە پێناسەیەکی کورتدا "وێنای ئایندەی خوازراو دیاریکردنی ئامراز و ڕێگە کردارییەکانیەتی بۆ گەیشتن پێی"[٣٧]. لە پرۆسەی بەرنامەڕێژیدا، بەرنامە (کەرەستەی ڕێکخستن و سازگاری) تەنیا قۆناغێکی بەرنامەڕێژییە (کەرەستەی وتوێژ). بەرنامە دەبێت لە یەك کاتدا زانیارییەبەخش (دەستنیشانکردن)، ئاماژەدەر (چارەکان) و ڕێنماییدەر (ئامانج و ئامرازەکان) بێت[٣٨].

لە سەرجەم ئەو پێناسانەی کە بۆ بەرنامەڕێژی کراوە، سێ تایبەتمەندیی گشتی و سەرەکی بوونیان هەیە: ١. بەرنامەڕێژی

لە بنەڕەتدا بە "پێشبینی" بەستراوەتەوە و پێویستە پێش ئەوەی کارێك ئەنجام بدرێت، جۆرێتیی کار و چۆنێتیی ئەنجامدانی دیاری بکرێت. ٢. بەرنامەڕێژی، سیستمێکی بڕیاڕدانە. ٣. بەرنامەڕێژی جەخت لە ئەنجامی خوازراو دەکاتەوە کە لە "ئایندە"دا بەدەستدێت[٣٩]. کەواتە لە پێناسەی بەرنامەڕێژیدا چەمکەکانی پێشبینی و ئایندە بوونی سەرەکییان هەیە، وەك ئەوەی لە بەشێك لە پێناسەکانی تر بەرنامەڕێژی بریتییە لە پێشبینیکردنی ئایندە و خۆئامادەکردن بۆی، هەروەها بریتییە لە بەکارهێنانی گریمانەکانی تایبەت بە ئایندە بۆ گەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان. بەرنامەڕێژی "هونەری هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ ئایندە" و ئەمە ئەرکی لەپێشینە و خاڵی سەرەتای هەر پڕۆسەیەکی بەرنامەڕێژییە. بەم شێوەیە بەرنامەڕێژی دوو بنەمای سەرەکی دەگرێتەوە: پێشبینی سەبارەت بە ئایندە و خۆئامادەکردن بۆ ئایندە[٤٠].

**بەرنامەڕێژی لە ڕووی ئاستی ڕێکخستنەوە سێ شێواز لەخۆ دەگرێت:**

١. بەرنامەڕێژیی ستراتیژی (strategic): دیاریکردنی بەرنامەی درێژخایەن و چارەنووسساز، ڕێکخستن و شێوازی گەیشتن پێی، بە ڕەچاوکردنی هۆکارە کاریگەرەکانی دەوروبەر و بە گرتنەبەری ئایندەی ڕێکخراوەکە.

٢. بەرنامەڕێژیی تەکتیکی (tactical): گرتنەبەری بڕیارە کورتمەوداکان بۆ سوودوەرگرتنی بەکەڵك لە سەرچاوە هەنووکەییەکان بەپێی گۆڕانکارییەکانی ژینگە.

٣. بەرنامەڕێژیی کردەیی (operational): دیاریکردنی کردە (چالاکی) پێویستییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژی لە ڕێگەی ئامێرە دیاریکراوەکان[٤١].

لە سەرجەم ئەم بەرنامەڕێژییانەدا کۆمەڵێك "سیناریۆ" بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو ئایندەیەی کە نەزانراوە؛ دادەڕێژرێت و سیناریۆکان دەبنە کەرەستەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە بارەی ژینگەی ئایندە ئەلتەرناتیڤەکان (بەدیلەکان) کە دەکرێت بڕیارەکان بە ڕەچاوگرتنی جۆرەکانی ئایندە جێبەجێ بکرێن[٤٢]. بە واتایەکی تر: سیناریۆکان وەسفی دۆخی ئایندە گریمانەییەکان دەکەن و دۆخ و تواناکان بۆ ئایندە بەدیلەکان شی دەکەنەوە و کۆمەڵێك بژاردە دەخەنە ڕوو کە تیایدا ئەنجامە پێشبینکراوە باش یان خراپەکانی تێدا هاتووە، هەر چەندە کە ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەوە بکات کە بەڕوونی کەی و چۆن ڕووداوەکانی ئایندە دێنە کایەوە[٤٣].

سەرباری لێکچوون و هاوکاریی نێوانیان، جیاوازیی نێوان ئایندەناسی و بەرنامەڕێژی لە چیدایە؟ بەرنامەڕێژی پڕۆسەیەکی "پرس میحوەر"ە بۆ چارەسەری ئاڵنگارییە خێراکان و

ئامانجە دوورمەوداکان بۆ ئاینده، بە واتایەکی تر: دەشێت بڵێین کە بەرنامەدارێژەرەکان لە هەوڵی "کۆنترۆڵکردنی ئاینده"دان، لە کاتێکدا کە ئایندەناسان بەدوای "کردنەوە و ئاشکراکردن"ی ئایندەوەن. ئایندەناسان لە ئایندەوە بۆ ئێستا دەگەڕێنەوە و لە ڕێگەی بەرنامەڕێژیی ئایندەوە ڕێڕەوە ستراتیژییەکان دیاری دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەرنامەڕێژیدا بەرنامەدارێژەران لە ساتی ئێستاوە بەرەو ئاینده هەنگاو دەنێن و بە تێگەیشتن لە ئێستا؛ بەرنامەی دوارۆژ دادەنێن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە لە بەرنامەڕێژیی ماوەی دیاریکراو (بۆ نموونە ١ بۆ ٥ ساڵ)، کەمترە لە ئایندەناسی (بۆ نموونە ٥ بۆ ١٥ ساڵ)[٤٤]، یان ٥٠ ساڵ کە ئاسۆی سێیەم (٢٠-٣٠ ساڵ) بە ئاسۆی دووەم (٥-٢٠) و ئاسۆی دووەم بە ئاسۆی یەك (لە ئێستاوە بۆ ٥ ساڵ) بەیەکەوە دەبەسترێنەوە[٤٥]. لە بەرنامەڕێژیدا پشت بە واقعیەتی هەنووکەیی ڕەها دەبەسترێت، بەڵام بەو پێیەی کە لە ئایندەناسی بە پێچەوانەی بەرنامەڕێژی بیر لە چەند ئاینده و ئاینده بەدیلەکان دەکرێتەوە، هەر بۆیە گوزارشتی جیاواز لە واقعیەت دەخرێتە ڕوو[٤٦]، بە واتایەکی تر: هەروەك چۆن ئایندەناسی بیر لە ئاینده بڕواپێکراوە ئەلتارناتیڤەکان دەکاتەوە، بە هەمان شێوە شرۆڤەی جیاواز بۆ واقعیەت (reality) دەخاتە ڕوو[٤٨]. لە لایەکی ترەوە بەرنامەڕێژی "مسۆگەربوون"ی نییە، ئەگەر سبەی وەك ئەمڕۆ بێت، ئێمە دەتوانین بەمسۆگەری بەرنامەڕێژی بکەین، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییە فراوان و بەردەوامەکان لە ئایندەدا، ئەگەری بەرنامەڕێژیی ورد بوونی نییە. لە ئایندەناسیدا ئێمە بە "خەونێك" دەست پێ دەکەین و دواتر لە خەونەکان واقعیەت دروست دەکەین. ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە و وڵاتانەی کە کارنامەی لاوازیان هەیە، "توانای خەیاڵکردنیان سنووردارە". ئایندەناسی ئەوەیە کە تۆ خەونی تایبەت بە خۆت هەبێت کە زۆرینەی خەڵك نییانە، یان لە خەونەکانی ڕابردوو یان خەونی کەسانی تردا دەژین. هەر بۆیە ئایندەناسی "تەنیا تەقەلاکردنێکی زانستی نییە، بەڵکوو بە تەقەلایەکی ڕۆحی، هونەرمەندانە، هەوڵێکی تاکەکەسی و لە هەمان کاتدا کۆمەڵایەتی دادەنرێت"[٤٨].

هەر لەم گۆشەنیگایەوە بەرنامەڕێژیی ستراتیژییش لەگەڵ ئایندەناسیدا سەرەڕای لێکچوون و هاوکارییان، جیاوازی هەیە. لە ئایندەناسیدا بە شێوەیەکی گشتی چەندین حاڵەت بۆ ئایندەیەکی درێژمەودا پێشبینی دەکرێت: ئایندەی مومکین، ئایندەی ڕێتێچوو و ئایندەی خوازراو، بەڵام بەرنامەدارێژەرانی ستراتیژی بە سوودوەرگرتن لە زانستی بەڕێوەبردن، بۆ گەیشتن بە "ئایندەیەکی خوازراو" بەرنامەڕێژی دەکەن. جیاوازییەکی

تری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایندەناس بەرنامە دانانێت، بەڵکوو یارمەتیی بەرنامەداڕێژەران دەدات لە ڕێگەی "وێناکردن"ی ئایندەوە[٤٩]. هەروەها لە ئاستی دامەزراوەکانیشدا جیاوازیی ئایندەناسی لەگەڵ دیدی ستراتیژی (Strategic vision) کە ئامانج، ڕێڕەو و چالاکییەکانی هەر دامەزراوە و ڕێکخراوێکی تێدا باس کراوە؛ بەدی دەکرێت. ئامادەکردنی دیدی ستراتیژیانە جەخت لەسەر حەزی ناوخۆیی و ئەولەویەتەکانی دامەزراوە یان ڕێکخراوەکە دەکات، لە کاتێکدا ئایندەناسی بەها بە حەزە دەرەکی و ئەو هۆکارانە دەدات کە لەوانەیە ئەنجامەکەی ئایندەی خوازراوی ئێمە بێت و لەوانەشە نەبێت. بەم شێوەیە ئایندەناسی تێڕوانینێکی فراوانتری هەیە و داتا بەدەستهاتووەکانی لە دانانی دیدی ستراتیژی بەکار دێن. بە واتایەکی ڕوونتر: "ئایندەناسی کارێکی سەرووترە لە دانانی دیدی ستراتیژی و مادام بڕیار و ئاراستە نوێیەکانی ئێمە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ئایندەناسییە، هەر بۆیە ئەنجامەکانی ئایندەناسییە کە گۆشەنیگا و وێنای ئێمە بۆ ئایندە دەگۆڕێت"[٥٠].

**ئایندەناسی و پێشبینی؛ وێناکردنی داهاتوو**

پێشبینی (Foresight, Forecast, Prediction) بە یەکێك لە کۆنترین هەوڵە زانستییەکانی مرۆڤ دادەنرێت بۆ ناسینی ئایندە. پاش ئەوەی کە مرۆڤ دووبارەبوونەوەی ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەری بینی، ئەو گریمانەیەی بۆ دروست بوو کە دەکرێت ئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەو ڕووداوانە بۆ سەرجەم دیاردە و پێشهاتەکانی تر بگشتێنرێت، واتە بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردوو و دۆخی ئێستا، پێشبینیی ئایندە بکرێت. ئەم پشتبەستنە بە کۆمەڵێك بنەما، مۆدێل و بینراوە دووبارەکان، وا دەکات پێشبینی لە چوارچێوەی زانستە ئەزموونییەکان (experimental sciences) جێی ببێتەوە[٥١].

پێشبینی واتە "دیدی پێشوەخت" و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایندە چۆن دەبێت؟ واتە دۆخێك کە لە کورتمەودا، مامناوەند و درێژخایەندا ڕوو دەدات[٥٢] و لە کۆمەڵێك ڕاستی و زانیاری کە ئیعتباریان هەیە بۆ دیاریکردنی ئایندەیەکی شیمانەیی بەکار دێت و بۆ ئەم مەبەستە پێشبینی بە واتای خەملاندی ڕەوتێك، بە ڕێژەیەك لە دڵنیایی (ئەگەر) بە درێژایی قۆناغێکی دیاریکراو دێت[٥٤]. ئەم خەملاندنە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ژمارەکانەوە دەخرێنە ڕوو و لەسەر بنەمای داتاکانی ڕابردوو و ژمارەی گریمانەکان ڕاوەستاوە[٥٤]. پێشبینی دەربڕینێکە لە بارەی داهاتووەوە و گوزارشت دەکات لە باوەڕێك کە لەسەر بنەمای بەڵگە بونیاد نراوە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەك[٥٥]. لەگەڵ ئەمەشدا لە بەشێك لە پێناسەکان، دیدی پێشوەخت تەنیا بەوەوە کە دۆخی کۆتایی چۆن دەبێت

ناوەستێت، بەڵکوو گرنگی بە چۆنێتیی گەیشتن بەو دۆخەش دەدات. ئەمە نەك تەنیا پەیوەندیی بە خاڵی کۆتاییەوە هەیە، بەڵکوو پەیوەندیی بە پرۆسەیەکەوە هەیە کە دۆخی ئێستا دەگۆڕێت بۆ خاڵی کۆتایی (یان هێشتنەوەی)[٥٦].

لە پێشبینیدا وا دادەنرێت کە "جیهان یەکلا کراوەتەوە" و دەتوانرێت پەی بە ئاینده ببرێت و بناسرێت کە بە شێوەیەکی گشتی ئەمە بۆ بەرنامەڕێژی بەکەڵك بێت[٥٨]. پێشبینییەکان ئەگەر واقیگەرایانە بن، لەوانەیە ڕاست دەربچن و بەپێچەوانەوە دەشێت بە لاڕێدا بڕۆن، بەڵام دواجار لە پێشبینیدا سێ گریمانەی سەرەکی بوونیان هەیە:

١. ئاینده وەکوو واقیعەتێك قابیلی دەستپێڕاگەیشتنە.

٢. لەوانەیە لە ئایندەی پێشبینیکراو، واقیعەتێکی وەهمی لەبریی واقیعەتی

**جیاوازیی سەرەکیی نێوان پێشبینی و ئایندەناسی لە خۆئامادەکردنی ئایندەناسان دێت بۆ ئەو پێشبینییەی کە دەکرێت، بەواتایەکی تر: ئەگەر ئەرکی پێشبینیکەران لە قۆناغی پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ئایندەدا دەوەستێت و کۆتایی پێ دێت، بەڵام بۆ ئایندەناسان ئەمە سەرەتای کارەکانیانە و پێویستە بە خوێندنەوەی ورد بۆ ئێستاو لێکدانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان خۆیان بۆ ئاینده پێشبینیکراووەکان ئامادە بکەن.**

بۆچوونی بەرنامەدارێژەران و شرۆڤەکارانی سیاسی، ئابووریناسان و ئەستێرەناسانە کە هەوڵی پێشبینیکردنی ئاینده دەدەن و هەوڵ دەدەن ئاینده بکەنە شوێنێك بۆ پسپۆڕێتی و دەستبەسەراگرتن[٥٧]. سەرباری ئەمانەش، پێشبینی سەبارەت بە ئایندەیەکی "نادیار"ە و مادام لە زۆربەی بابەتەکاندا بەدەستهێنانی "زانیاریی ورد" لەسەر ئاینده مومکین نییە، لێرەدا پێشبینی دەتوانێت وەکوو یارمەتیدەرێك

واقیعانە بوونی هەبێت.

٣. ئاینده لە بنەڕەتدا نادیارە، بەڵام زەینی داهێنەرانەی ئایندەناسی دەتوانێت نفووزی تێدا بکات[٥٩].

پێشبینی لای زۆرێک لە پسپۆڕان بریتییە لە یەکێک لە ئەرکەکانی زانست، بۆ نموونە "ڤان دالین" باوەڕی وایە کە زانست سێ ئامانجی سەرەکیی هەیە کە بریتین لە زیادکردنی توانای مرۆڤ بۆ ڕاڤەکردن،

پێشبینیکردن و ڕێکفکردنی دیاردە و ڕووداوەکان. بۆیە ئەگەر ڕاڤەکردن لە زانستدا بریتی بێت لە دۆزینەوەی ئەو یاسایەی کە پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی سروشتی یان کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێک دەخات، ئەوا پێشبینی بریتییە لە خستنەڕووی ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوان گۆڕاوەکان و لێکەوتەکانی لە ئاییندەدا. هەر چەندە ئەم تێگەیشتنە بۆ پێشبینی، جێگەی ڕەخنەگرتنی "کارل پۆپەر"ە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە پێی وایە پێشبینی لەم زانستانەدا ئارەزووی دارِشتنەوەی ئاییندەیە نەک وەک زانستە سروشتییەکان کە زانینی پێشوەختی ئەگەری دووبارە ڕوودانەوەی دیاردەیەک بێت، بۆیە هەرگیز پێشبینیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە هەمان وردیی پێشبینیی زانستە سروشتییەکان نییە(٦١).

ئەگەر ئەو پێناسەیەی چەمکی ئاییندەناسی وەربگرین کە بریتییە لە درککردن و پێشبینیی ئاییندە، لێکۆڵینەوە ئاییندەییەکان سێ حاڵەت لەخۆ دەگرێت: لە حاڵەتی یەکەمدا دەتوانێت پێشبینیی ئاییندە بکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت هیچ کارێك لە بارەیەوە ئەنجام بدات. لە حاڵەتی دووەمدا دەتوانێت ئاییندە پێشبینی بکات و ئامادەیی بۆ سوودوەرگرتن لە وەرچەرخانە پێشبینیکراوەکانی هەبێت و لە حاڵەتی سێیەمدا دەتوانێت ئاییندە پێشبینی بکات و هەنگاوگەلێك بۆ کارتێکردین بە شێوەیەك کە خوزراو بێت؛ ئەنجام بدات. لێرەدا ئاییندەناسی پەیوەندیی بە حاڵەتی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوە ئاییندەییەکانەوە هەیە، بەڵام پێشبینی پەیوەندیی بە حاڵەتی یەکەمەوە هەیە(٦١). بە دەربڕینێکی تر: پێشبینی بە دوو شێوازی پێش هۆشیاری و پاش هۆشیاری (پیش آگاهی و پس آگاهی) ئەنجام دەدرێت. پێشبینی لە شێوازی یەکەم، نزیکە لە "پێشگۆیی"، بەڵام دووەمیان لەگەڵ ئاییندەناسی پەیوەندیی هەیە و لەلایەن ئاییندەناسانەوە گرنگیی پێ دەدرێت، چونکە بابەتەکەی ئاییندەیە(٦٢). بەم پێیە دەتوانین بڵێین جیاوازیی سەرەکیی نێوان پێشبینی و ئاییندەناسی لە خۆئامادەکردنی ئاییندەناسان دێت بۆ ئەو پێشبینییەی کە دەکرێت، بە واتایەکی تر: ئەگەر ئەرکی پێشبینیکەران لە قۆناغی پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ئاییندەدا دەوەستێت و کۆتایی پێ دێت، بەڵام بۆ ئاییندەناسان ئەمە سەرەتای کارەکانیانە و پێویستە بە خوێندنەوەی ورد بۆ ئێستا و لێکدانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان خۆیان بۆ ئاییندە پێشبینیکراوەوەکان ئامادە بکەن.

بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لە چەمکی پێشبینی و بەراوردی لەگەڵ ئاییندەناسی، دەکرێت چەند جیاوازییەکی وردی تێدا بدۆزینەوە. لە ڕووی "کات"ەوە، پێشبینی بۆ ماوەیەکی کورتە بە پێچەوانەی

ئایندەناسی کە وەك باسی لێ کرا ئامانجی دوورمەودایە. سەبارەت بە "دۆخی هەنووکە"یی، لە پێشبینیدا بەتەواوی بە دۆخی ئێستا وابەستەیە و لە هەوڵی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی نییە کە ئەمە پێچەوانەی ئایندەناسییە کە دەیەوێت دۆخی هەنووکەیی بۆ ئامادەکردنی زەمینە بۆ ئایندە بگۆڕێت. لە پێشبینی، "ئامانج" خستنەڕووی پێشنیارە حەتمییەکانە بۆ کردار و گۆڕانکاری، و هەر ئەمەش وا دەکات ڕێڕەوی پێشبینی لە ئێستاوە بۆ ئایندە بێت، لە کاتێکدا لە ئایندەناسی پێچەوانەکەی ڕاستە[٦٣]. لە ئایندەناسیدا بەشێکی زیاتر و فراوانتری خەڵك بەشداری دەکات، لە کاتێکدا پێشبینی سوود لە کەسانی شارەزا و بەئەزموون وەردەگرێت. هەروەها پێشبینی زیاتر جەخت لە بوارە تایبەتەکان دەکات، بەڵام ئایندەناسان بوارەکانیان فراوانتر و گەورەترە و دواجار لە پێشبینیدا ئایندەی خوازراو دیاری ناکرێت و هەوڵی دروستکردنی نادرێت، لە کاتێکدا ئایندەناسان بەدوای ڕێگەچارەکانی دیاریکردنی ئایندەی خوازراو و هێنانەکایەی دەگەڕێن.[٦٤] دواجار ئەگەر بمانەوێت ڕوونتر بدوێین، پێشبینی و ئایندەناسی هەردووکیان "هۆشیاری" دەبەخشنە مرۆڤ، بەڵام بە شێوازی جیاواز، بە جۆرێك کە ئایندەناسی تەنیا بە پێدانی هۆشیاری ناوەستێت، بەڵکوو هەوڵی هێنانەدی و دروستکردنی ئایندەش دەدات[٦٥].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بێتوانایی مرۆڤ لە پێشبینیکردنی ئایندە و پێویستیی بە ڕوانگە، کەرەستە و شێوازە نوێیەکان بۆ درکی ئایندە؛ هۆکاری سەرهەڵدانی ئایندەناسی بووە. ئایندەناسی بەبێ ڕەتکردنەوەی پێشبینی و پۆزیتیڤیزم، هەوڵ دەدا لەسەر بنەمای داهێنان، هاوبەشی و شارەزایی؛ کۆمەڵێک شێواز بۆ تێگەیشتن لە ئایندە بخوڵقێنێت[٦٦].

**ئەنجام**

سەرەڕای ئەو پێناسانەی کە بۆ ئایندەناسی کراوە و دەکرێت و سەرباری ئەو گۆڕانکاری و پێشنیارانەی کە بۆ پێشخستن و کارتێکەریی زیاتری ئەم بوارە دەخرێنە ڕوو، بەڵام ئەوەی کە لە سەرجەمیان هاوبەشە و خەمی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارەیە، ناسینی ئایندەیەکە کە مرۆڤ لێی دڵنیا نییە و ترسی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی هەیە کە بە پێچەوانەی حەزی مرۆڤ و لە دەرەوەی پێشبینیکردنی ئەودا ڕوو بدەن. ئەمە وای لە ئایندەناسان کردووە لە پێناو ناسینی ئایندەدا، سوود لە ڕابردوو وەربگرن، ئێستا بەباشی بخوێننەوە و بە لێکدانەوەیەکی ورد بۆ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی و گۆڕانکارییەکانی گەردوون؛ وێنای ئایندە

جیاوازەکان بکەن و هەوڵ بدەن ئایندەی خوازراو بۆ مرۆڤ بهێننە کایەوە. لەم پێناوەدا پێوستە ئایندەناسی لەگەڵ دوو بواری تری پەیوەست بە ئایندەدا، واتە بەرنامەڕێژی و پێشبینیی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی هەبێت و پێکەوە تەواوکەری ئەو هەوڵانە بن کە ئەگەرچی لە ناوەرۆکدا سنووری جیاوازی ئەرك و پابەندبوونیان بەرامبەر بە ئایندە هەیە، بەڵام دواجار درێژەدەری ئەو ئامانجە سەرەکییەن کە ناسینی ئایندەیە. لێرەدا پەیوەندیی ئایندەناسی بە هەریەکە لە بەرنامەڕێژی و پێشبینی بە شێوەیەکە کە لە یەکەمیان ئایندەناسی لە خزمەتی بەرنامەڕێژیدایە و پسپۆڕانی ئەم بوارە لە بەرنامە و سیناریۆکانیان بۆ دوایین زانیاری و تێڕوانینی ئایندەناسان دەگەڕێنەوە، بەڵام لە دووەمیاندا، پێشبینی وەك بوارێك کە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، لە خزمەتی ئایندەناسیدایە و بەشێك لە ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ. دواجار ئایندەناسی چەترێکی گەورە و جیاواز لە هەردوو بواری بەرنامەڕێژی و پێشبینی کە ئاسۆی کار و تێڕوانینیان لە ئێستاوەیە بۆ ئایندە، ئەوا ئایندەناسان بە خوێندنەوەی ئایندە، هەوڵی زەمینەسازی بۆ ئێستا دەدەن لە پێناو گەورەترین ئامانجیان کە ناسین و خۆئامادەکردنە بۆ ئایندە و دواجار دروستکردنی ئایندەی خوازراو.

سەرچاوەکان:

(١) ناظمی، امیر و قدیری، روح الله (بی تا)، آینده نگاری از مفهوم تا اجرا، تهران: مرکز صنایع نوین، ص ٥؛ الرمضاني، مازن (٢٠١٦)، "دراسات المستقبلات؛ رؤية في إشكاليات المفهوم ومقاربات التوظيف"، استشراف، كتاب الاول، ص١٧١.

(٢) بخشنده، آرزو و جهانیان، رمضان (١٣٩٧)، "آینده پژوهی"، دوماهنامه مطالعات کاربردی در علوم مدیریت و توسعه، سال سوم، شماره سه (پیاپی: یازده)، جلد دو، ص٦٦.

(3) . Lexico (2021), “Futurism”, available on: https://www.lexico.com/definition/futurism.

(٤) الرمضاني، مصدر السابق، ص١٧١.

(٥) بخشنده و جهانیان، همان، ص٦٦.

(6) O'Toole, James Joseph (2021), “Futurology”, available on: https://www.britannica.com/topic/futurology.

(7) Lexico (2021), “futurology”, available on : https://www.lexico.com/en/definition/futurology.

(٨) بنیاد توسعه فردا (١٣٨٤)، روش های آیندەنگاری تکنولوژی، تهـــران: بنیاد توسعه فردا، ص٢٥.

(٩) شریف استراتژی (٢٠٢١)، " تعریف دقیق آینده پژوهی استراتژیک چیست؟"، قابل مشاهده در: https://sharifstrategy.org/strategic-foresight/.

(10) Voros, Joseph (24/2/2017), “The Futures Cone, use and history”, available on: https://thevoroscope.com/2017/02/24/the-futures-cone-use-and-history/.

(١١) جلالی، لیلا (١٣٩٤)، " مفاهیم و کاربرد فناوري نرم ، آینده پژوهي، آینده نگریی" ، کنفرانس بین المللي پژوهش هاي نوین در مدیریت و مهندسي صنایع، دوره اول، ص ٦؛ معبودی، محمدتقی (١٣٩٩)، " تبارشناسی مفهوم و مبانی پارادایمی آینده پژوهی"،

فصلنامه چشم انداز شهرهای آینده، دوره اول، شماره ٤، ص٤٣.

(١٢) معبودی، همانجا.

(١٣) ایسنا (١٣٩٣/٦/٣٠)، "«آینده پژوهی»، عبور از «پیشگویی» به خلق «آینده های بدیل »"، قابل مشاهده در: https://www.isna.ir/news/٩٣٠٦٣٠١٧٧٩٣/.

(١٤) عیوضی، محمدرضا (١٣٩٥)، "آیندەپژوهی سیاسی"، فصلنامه راهبرد، سال بیست و پنجم، شماره ٧٩، ص١٨٠.

(١٥) بخشنده، آرزو و جهانیان، رمضان، همان، ص ٦٥؛ معبودی، همان، ص٤٣.

(١٦) مظفری، علی (١٣٨٨)، " آینده پژوهي، بستر عبور از مرزهاي دانش"، فصلنامه نظم و امنیت نظامی، سال دوم، شماره ٤، ص٢٧؛ معبودی، همانجا.

(١٧) منصور، محمد ابراهیم (٢٠١٣)، "الدراسات المستقبلية: ماهيتها وأهمية توطينها عربياً"، ورشة العمل حول الدراسات المستقبلية ضمن فعاليات منتدى الجزيرة السابع، الدوحة، قطر، صص ٣٥-٣٦؛ جندلي، رابح عبدالناصر(٢٠١٧/٢/٢١)، " الدراسات المستقبلية : تأصيل تاريخي، مفاهيمي ومنهجي"، مجلة علوم السياسية و القانون، عدد ١، متوفر على الرابط: https://democraticac.de/?p=٤٣٨٣٣.

(١٨) دفتر مطالعات و پژوهش های راهبردی، همان، ص٧.

(١٩) منصور، مصدر السابق، صص ٣٦-٣٧؛ جندلي، مصدر السابق.

(٢٠) فاتح راد، مهدی؛ جلیلوند، محمدرضا؛ مولایی، محمدمهدی؛ سمیعی، سعید؛ نصرالهی وسطی، لیلا (١٣٩٢)، " مختصات رو ش شناختی فرارشته آینده پژوهی به مثابه یک فراپارادایم یکپارچه"، فصلنامه مطالعات میان رشته ای در علوم انسانی، دوره ششم، شماره ١، ص١٣٦.

(٢١) مظفری، همان، ص٢٨؛ ناظمی و روح الله، همان، ص١٧. بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم چەمکانە بڕوانە: خورسندی طاسکوه، علی (١٣٨٨)، "تنوع گونەشناختی در آموزش و پژوهس میان رشتەای"، فصلنامه مطالعات میا نرشت های در علوم انساني، دوره اول، شماره ٤.

(٢٢) گۆران، یوسف (٢٠٢٠)، "لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی، پوختەی دەروازەیەکی تیۆری"، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی یەکەم، ژماره ١، ل١٦-١٧.

(٢٣) حاجیانی، ابرهیم و قصاع، محمود (١٣٩٢)، "آینده و سناریونگاری؛ طبقەبندی روشها و دستەبندی سناریوها"، فصلنامه راهبرد اجتماعی فرهنگی، سال دوم، شماره ٨، ص٣٥.

(٢٤) منصور، مصدر السابق، ص٣٨.

(٢٥) اسلاتر، ریچارد و همکاران (١٣٩٠)، نواندیشی برای هزاره سوم (مفاهیم، روشها و ایدەهای آیندەپژوهی)، ترجمه: عقیل ملکی فر و وحید وحیدی مطلق و سید احمد ابراهیمی، تهران: انتشارات موسسه آموزشی و تحقیقاتی صنایع دفاعی، صص١١-١٢.

(٢٦) عیوضی، محمدرحیم، همان، ص١٨١.

(٢٧) حیدری، امیرهوشنگ (١٣٩٣)، "مبانی و مفاهیم آیندەپژوهی"، فصلنامه ترویج علم، سال پنجم، شماره ٧، ص٨٣.

(٢٨) دفتر مطالعات و پژوهش های راهبردی (٢٠٢١)، "آشنایی با مبانی آینده پژوهی"، ص٧، قابل مشاهده در: https://www.smtc.ac.ir/documents/١٠٣٣٩/١١١٠٥٩٥٢/.

(٢٩) حیدری، همان، ص٩٢.

(٣٠) اسلاتر و همکاران، همان، صص١٥-١٦.

(٣١) گروه نویسندگان، همان، ص٢٠٠.

(٣٢) اسلاتر و همکاران، همان، صص١٦-١٧.

(33) Inayatullah, Sohail (2021), “Futures Studies: Theories and Methods”, available in: https://www.bbvaopenmind.com/en/articles/futures-studies-theories-and-methods/.

(٣٤) حسینی، حسین و باقری چوماکی، سیامك (١٣٩١١)، "آینده پژوهي و پیش بیني در جنگ نرم"، فصلنامه آفاق، شماره ١٦، ص٢٧ ؛ حاجیانی، ابرهیم

و قصاع، محمود (١٣٩٢)، "آینده و سناریونگاری؛ طبقه‌بندی روشها و دسته‌بندی سناریوها"، فصلنامه راهبرد اجتماعی فرهنگی، سال دوم، شماره ٨، ص٣٦، حیدری، همان، ص٨٦؛ Voros, ibid

(٣٥) Voros, Ibid.

(٣٦) معتمد وزیری، فریدون (١٣٧٣)، "برنامه ریزی"، مجله تعاون، شماره ٣٨، ص٢٠.

(٣٧) گوده، همان، ص١٣.

(٣٨) همانجا.

(٣٩) دانشگاه علوم پزشکی ایران (٢٠٢١)، "برنامه ریزی"، قابل مشاهده در: https://vct.iums.ac.ir/files/vct/files/Modiriat_Madar_Nozad_Rooz٢.pdf

(٤٠) مبروك، ساحلي (٢٠١٩)، "مناهج وتقنيات الدراسات المستقبلية وتطبيـــقاتها في التخطيط"، المجلة الجزائرية للأمن والتـــــنمية، جلد الرابع، رقم ٢، ص٢.

(٤١) دانشگاه علوم پزشکی ایران، همان، ص١١.

(٤٢) حەسەن، کامەران (٢٠٢١)، "سیناریۆ و بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ"، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی دووەم، ژمارە ٨، ل١١٩.

(٤٣) جندلي، مصدر السابق.

(٤٤) دفتر مطالعات و پژوهش های راهبردی، ص٩-١٠.

(٤٥) Inayatullah, ibid.

(٤٦) دفتر مطالعات و پژوهش های راهبردی، همان، ص٩-١٠.

(٤٧) Inayatullah, ibid.

(٤٨) ایسنا (١٣٩٣/٦/٣٠)، "«آینده پژوهی»، عبور از «پیشگویی» به خلق «آینده های بدیل»"، قابل مشاهده در: https://www.isna.ir/news/٩٣٠٦٣٠١٧٧٩٣.

(٤٩) دفتر مطالعات و پژوهش های راهبردی، همان، ص١٠.

(٥٠) بنیاد توسعه فردا، همان، ص٢٧.

(٥١) ناظمی و روح الله، همان، صص٧-٨.

(52) Encyclopedia (2021), “Prediction And Futures Studies”, available on: https://www.encyclopedia.com/social-sciences/encyclopedias-almanacs-transcripts-and-maps/prediction-and-futures-studies.

(٥٣) مبروك، مصدر السابق، ص١٢.

(٥٤) گوده، همان، ص١٣.

(55) Scruton, Roger (2007), Dictionary of Political Thought, the Palgrave Macmillan, New York, PALGRAVE MACMILLAN, p 547.

(56) Encyclopedia, ibid.

(57) Inayatullah, ibid.

(٥٨) پرتوی، محمدتقی؛ مهرگان، محمدرضا؛ رشیدی، مجید؛ خراشادی زاده، محمدرضا (١٣٩٨)، " تحلیل اهمیت-عملکرد و کاربرد روشهای پیشبینی و آیندهپژوهی درتصمیمگیری محیطهای عملیات مشترک و مرکب، فصلنامه آینده‌پژوهی دفاعی، سال چهارم، شماره ١٤، ص١٣٧.

(٥٩) گروه نویسندگان (١٣٩٧)، آینده‌پژوهی جهان، ناظر علمی: سیدیونس ادیانی، تهران: مرکز پژوهش های مجلس شورای اسلامی، ص١٥٢.

(٦٠) ئایندەناسی (٢٠٢٠)، "پێشبینی (التنبؤ - Prediction)"، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی یەکەم، ژمارەی ٢، ل١٧٠-١٧١.

(٦١) شریف ستراتیژی، همان.

(٦٢) گروه نویسندگان، همان، ص١٤٨.

(٦٣) کاظمی، معصومه؛ قرونه، حسن؛ کاظمی، نفیسه، بابکی راد، اعظم (١٣٩٧)، " بررسی مفاهیم و مبانی پسنگری و مقایسه آن با پیشبینی و چشمانداز سازی"، فصلنامه آینده‌پژوهی مدیریت، سال بیست و هشتم، شماره ١١٤، ص٣٣.

(٦٤) تبیان (١٣٨٦/٩/١٩)، "معرفی آینده‌پژوهی"، قسمت دوم، قابل مشاهده در: https://article.tebyan.net/٥٤٥٦٧/.

(٦٥) ناظمی و روح الله، همان، ص١٤.

(٦٦) حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

# لە کابوولەوە تا بەغدا

## عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمەریکادا



یاسین تەها
توێژەری سیاسی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

**بەرایی**

لە دەمی دەستبەکاربوونی جۆ بایدنەوە، ئاماژەکانی گرنگیدانی ئەمەریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبەناو لە پاشەکشەدایە، هەر لە سایەی ئەم دۆخەشدا سێبەری دەستهەڵگرتن لە دۆسیە تەقلیدییەکانی ناوچەکە بەسەر هاوکێشە سیاسییەکاندا زاڵە، لەوانەش دۆسیەی عێراق کە خاڵی هاوبەشی زۆری هەیە لەگەڵ ئەفغانستان. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین لە بارەی بارودۆخی کورد و پێکهاتەکانی تری عێراق هەڵوێستە بکەین لە قۆناغی دادێی عێراقدا.



**لێکەوتەکانی ئەگەری کشانەوەی ئەمەریکا**

بەگوێرەی ئەنجامەکانی دیالۆگی ستراتیژیی عێراق-ئەمەریکا کە دوایین گەڕی لە دیداری جۆ بایدن و مستەفا کازمی لە کۆتاییەکانی تەمووز بەڕێوە چوو، هێزە شەڕکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تا کۆتایی ئەمساڵ (2021) دەچنە دەرەوەی عێراق و دەکشێنەوە[١]، هەر چەندە دڵنیاکردنەوە و لە هەمان کاتدا لێکدانەوەی زۆریش هەن لە بارەی ئەوەی گۆڕینی ئەرك و ناونیشان لە کشانەوەوە بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری، ناکاتە کشانەوە و ئەوەی ڕاگەیەنراوە، تەنها یاریکردنە بە ناونیشان و "شانۆیەکی دیبلۆماسییە"[٢]، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ترس و دڵەڕاوکێ هەیە کە ئەم گۆڕینی ئەرکە بە مانای دەستهەڵگرتن بێت لە دۆسیەی عێراق و بە مانای ڕادەستکردنی وڵاتەکە بێت بە ئێران و باڵەکانی، وەك چۆن ئۆباما لە دیموکراتەکان ساڵی 2011 کردی. ئەم ئەگەرە هەر چەندە لاوازیش بێت، مایەی ترس و نیگەرانیی کورد و سوننە بە پلەی یەکەم و پاشان هێزە عەلمانی و مەدەنییەکانی ناو پێکهاتەی شیعەیە[٣]، چونکە سەرجەمیان کێشەی هەڵکشانی هەژمونی هێزە ڕادیکاڵەکانی شیعەیان هەیە کە هەوڵ بۆ سەپاندنی نموونەی ئێرانی دەدەن و هێزگەلێکی ساز و ئامادەن بۆ جێگرتنەوەی هەر بۆشاییەکی ئەمنی کە دروست ببێت.

چ لە ئەفغانستان و چ لە عێراقیش، بە درێژایی دەوروبەری 20 ساڵ، ئەمەریکا قوربانییەکی مرۆیی و خەرجییەکی بێشوماری دارایی پێشکەش



کردووە کە خۆی دەدات لە چەندەها ترلیۆن دۆلار، بەڵام ئەم خەرج و هەوڵانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی بتوانێت ڕژێمێکی سیاسیی جێگیر یان سەرکەوتنێکی بەرچاو و دیار نە لە کابوڵ و نە لە بەغدا مسۆگەر بکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکە ئاسۆی سەرکەوتنیشی لە ئایندە و دوورمەودادا لەم دوو وڵاتە لە کۆشکی سپی و ناوەندەکانی بڕیاری ئەمەریکییەوە دیار نییە و لەم بارەیەوە بێهیواییان زیاترە، ئەمەش جگە لەوەی قورس دەکەوێت لەسەر گیرفانی باجدەری ئەمەریکی، مایەی سەرئێشە و بێزارییشە بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا کە زۆربەیان ئەوە ناشارنەوە کە گرتنی عێراق یەکێکە لە هەڵە ئەمەریکییەکان کە بەمیرات ماوەتەوە بۆ ئۆباما و ترەمپ و لە ئێستاشدا بایدن، بێزارییەکەش لە خەرجیی شەڕ و لێکەوتەکانی گەیشتووە بەو ئاستەی لە ئەفغانستان سەرباری ئەوەی جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤی بزووتنەوەی تاڵیبانی توندڕەوە، هێشتا جۆ بایدن هەر پەشیمان نییە لە بڕیاری کشانەوە[٤]، لە کاتێکدا بڵاوبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتە شەرعیەتی نێودەوڵەتیی هەبوو، جۆرێك لە ڕەوایەتیی ناوخۆیی ئەمەریکییشی تێدا بوو بەو پێیەی لەوێوە پلانی هێرشەکانی 11ی سێبتەمبەری 2001 دانرا کە نزیکەی سێ هەزار ئەمەریکیی تێدا بووە قوربانی.

جگە لە وەڕسبوون لە خەرجی و قوربانیدان و نەبوونی ئاسۆی سەرکەوتن، شارەزایان باس لەوە دەکەن ئەمەریکای ئێستا زۆر کێشەی دیکەی بۆ دروست بووە کە سەرقاڵی دەکات بەوەوە کە تا بێکۆتایی لەگەڵ کێشە تەقلیدییەکانی وەك عێراق و ئەفغانستان و ململانێی عەرەب و ئێران دەستوپەنجە نەرم بکات، لەوانەش: گۆڕانی کەشوهەوا، دەرد و پەتا کوشندەکانی لە چەشنی کۆرۆنا، مەترسیە سیبریانییەکانی ڕووسیا و پەلکێشانە فراوانەکانی چین کە ئابوورییەکەی خەریکە ئابووریی ئەمەریکا بکاتە پلە دوو[٥].

کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق کە گریمانەیەکی ڕێتێچووی بە دوور نەزانراوە، یان کەمکردنەوەی گرنگیدانی واشنتۆن بە دۆسیەی عێراق کە هاوتایە لەگەڵ ساردوسڕیی ئەمەریکا و بێخەمی لە ئاست پەلکێشانی ئێران، ئەم وڵاتە دەخاتە بەردەم پێشهات و بارودۆخێکی نوێ و ئاڵۆز. باوەڕێکی زاڵ هەیە کە کشانەوەی ئەمەریکا بۆشاییەکی گەورە لە عێراق دروست دەکات کە زۆر لا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن، لەوانەش ئێران و تورکیا و لە دووریشەوە ئیسرائیل کە بە هۆی سووریاوە ئاسایشەکەی زیاتر پەیوەندیدار بووە بە ڕەوشی عێراقەوە. ئەوەشی کە زۆر لەو کشانەوە و بارودۆخە گریمانکراوە سوودمەند دەبێت بە پلەی یەکەم ڕەنگە زیاتر ئێران بێت[٦]، چونکە جگە لەوەی لەدوای 2003 بەتەواوی پەلی کێشاوە لە عێراقدا، لەپاش 2014 و هاتنی داعش بە پاساوی شەڕی تیرۆر؛ چەندین باڵی سەربازی و پێگە و دەستکەوتی تری لە عێراق بە شێوەی فەرمی بەدەست هێناوە، هەر بە پاساوی شەڕی تیرۆری داعشەوە لە ئێرانەوە تا

قەراغی دەریای سپیی ناوەڕاستیش باڵ و میلیشیا و چەکداری بڵاو کردووەتەوە و ساز و ئامادەن بۆ هەر ئەرکێك کە پێیان بسپێردرێت[٧]. بەپێی هەموو پێدراوە سیاسییەکانیش، هەنووکە ئێران لە هەموو دەوڵەتانی تر ئامادەترە بۆ جێگرتنەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە کشانەوەی ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمان دروست دەبێت، بەو پێیەی چەندین کارت و ئامرازی تری گوشاری لەبەر دەستدایە کە جۆراوجۆرن و بەسەر سێکتەری ئەمنی و سیاسی و کولتووریدا دابەش دەبن.

لە دەرەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، بۆچوونێکی زاڵ هەیە کە پێی وایە کشانەوەی ئەمەریکا یان خاوکردنەوەی مشتە سەربازییەکەی لە عێراق، هاندەر دەبێت بۆ هێزە ڕادیکاڵ و توندڕەوەکان کە چاو لە تاڵیبان بکەن بۆ هەوڵی ژیانەوە و پەلکێشان، نزیکترین ئەگەریش لەم حاڵەتەدا زیاتر بۆ داعش یان گرووپە چەکدارەکانی تری فەزای داعش و ئەلقاعیدەیە کە مەترسیی گەورەن بۆ سەر سەرجەم پێکهاتەکان و پرۆسە سیاسییەکە بەتایبەت کورد کە ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵیان هەیە، چ بەر لە 2003 و ساڵانی دواتریش، یان لەدوای 2014 کە لەگەڵ داعش کەوتە شەڕێکی خوێناوییەوە.

هەر لە ناوخۆی عێراقیشدا، جگە لە مەترسیی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی سوننە، ئەو هێزانەی کاندیدن کە بۆشایی هێزەکانی ئەمەریکا پڕ بکەنەوە بە پلەی یەکەم بریتین لە حەشدی شەعبی و باڵە سەربازییەکانی پەیوەست بە بودجەی حەشدی شەعبی کە ئامادەییەکی بەهێزیان لە جومگە ئەمنییەکانی عێراقدا هەیە، کە ئێستا سەرقاڵی ئەوەن لەسەر شێوازی 2018 زۆرترین باڵ و نوێنەرایەتییان بگەیەننە پەرلەمان بە کەتیبەکانی حیزبوڵڵاشەوە کە هێزێکی تەواو ئێرانییە و پەیوەندیدارێتی و سەرچاوەی ئیلهامی بە پلەی یەکەم ویلایەتی فەقیقە و "بەرەی موقاوەمە"یە، لەم میانەیەشدا ترسی ئەوە هەیە هێزەکانی سەر بە حەشدی شەعبی هەوڵی گۆڕینی ئەم سیستمە سیاسییەی عێراق بدەن بەو پێیەی بونیاتێکی فشۆڵی هەیە، یان بەتەواوی دەست بەسەر پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەرییشدا بگرن وەك چۆن ئێستا بەسەر ئاسایشدا گرتوویانە[٨].

مەترسییەکانی ئەگەری کشانەوەی ئەمەریکا تەنیا دڵەخورتێیەکی کوردی نییە، بەڵکە دۆستانی کوردیش لە ئەمەریکا و لەناو دامەزراوەکانی بڕیاری ئەمەریکادا ناوبەناو باسی دەکەن و هەندێك لە سیناتۆرەکان بەهیوان فشار بکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، چونکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کشانەوە؛ هەمان هەڵەی ساڵی 2011 دووبارە دەکاتەوە کە عێراقی کردە نێچیری تیرۆری داعش لە لایەك و پەلکێشانی زیاتری ئێران لە لایەکی تر و جارێکی تر دەبێتە هۆی هۆی دروستکردنی ناسەقامگیری و نەهامەتی لەسەر شێوازی ئەفغانستانی ئێستا[٩].

**گۆڕینی ئەرك و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان**

چەند ڕۆژێك پاش دروستبوونی مشتومڕی کشانەوە، ماتیۆ تولەر؛ باڵوێزی ئەمەریکا لە

عێراق، بەدوای ئەویشدا وتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانانان، جەختیان لەوە کردەوە گۆڕینی ئەرکی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا مانای کشانەوە نییە لە عێراق و ئەوان دەمێننەوە[١٠]. لە بارەی هۆکاری مانەوەشەوە، بەدیاریکراوی باسی پاڵپشتی و پێشکەشکردنی ڕاوێژیان بە هێزە ئەمنییەکان کردووە، لەوانەش پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان[١١]، ئەمەش بە دۆخێکی زۆر باشتر دێتە بەرچاو بەراورد بە ئەگەری کشانەوە کە لێکەوتەکانی خراپن و پێشتر ئاماژە بە هەندێکیان کرا.

هەر چەندە گۆڕینی ئەرك؛ پاساو دەبێت بۆ مانەوەیەکی زیاتری هەژموون و پێگەی ئاسایشی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام دوورە ببێتە هۆی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری، چونکە نابێتە پاساوێکی قایلکەر بۆ ئەو باڵە سەربازییانەی حەشد کە هەموو قورسایی و پاساوی هەبوون و چالاکیی خۆیان لەسەر "بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر" و دژایەتیی ئەمەریکا بنیات ناوە، بەم پێیەش ئەگەری هێرش و پەلاماریان بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمەریکییەکان کراوە دەبێت، لەوانەش فڕۆکەخانەی هەولێر یان هەر ئامانجێکی تر لە کوردستان بەتایبەت کە سەرچاوە ئەمنییە عێراقییەکان باسیان لەوە کردووە تا ڕادەیەك ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە بنکەی هەریری سەربازی یەکێك دەبێت لەو پێگانەی ئەمەریکییەکانی تێدا دەمێننەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ و مەشق بە هێزە عێراقییەکان[١٢]. بەگوێرەی لێدوانی باڵوێزی ئەمەریکاش لە عێراق، ئەم بنکەیە ژمارەیەکی کەم هێزی ئەمەریکای تێدایە کە ئەوانیش پشتیوانی لە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان دەکەن دژی داعش و بڕیاردان سەبارەت بە گواستنەوەشیان لە ئەستۆی بنکەی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمەریکایە[١٣]، بەڵام ئێرانییەکان هەمیشە چاویان لەسەر ئەوەیە کوردستان نەبێتە پاڵپشتی ئەمەریکا دژی ئەوان، جگە لەوەش خاکەکەی نەبێتە پەناگەی هێزەکانی ئەمەریکا ئەگەر لە ناوەڕاست و باشووری عێراق تەنگەتاو کران و لەم چوارەچێوەیەشدا هەندێك زانیاری باس لەوە دەکەن ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری نوێی ئێران هەڕەشەی بە فالح فەیازی سەرۆکی حەشدی شەعبیدا ناردووە بۆ هەرێمی کوردستان[١٤].

هێزە عێراقییەکان، لەوانەش هاوپەیمانێتیی فەتح کە نوێنەرایەتیی باڵە ئەمنییەکانی حەشد دەکات، پێشوازی دەکەن لە هەنگاوەکەی ئەمەریکا و ئەو ڕێککەوتنەی کراوە بۆ گۆڕینی ئەرکی سوپاکەیان[١٥]، بەڵام ئەو گرووپە شیعانەی خۆیان بە "موقاوەمە" دەزانن و ئەنجوومەنێکی هەماهەنگیان هەیە، بەگومانن لە هەنگاوەکەی ئەمەریکا و باس لەوەش دەکەن لە هەر چرکە و ساتێکدا پێکداادان و بەرەنگاربوونەوە لەنێوان هەردوو لادا ڕوو دەدات و هێرشەکانیش بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمەریکییەکان دەگێڕنەوە بۆ دۆخی جاران[١٦]، ئەمەش هەمان بیروڕای زۆرێك لە شارەزایانی کاروباری ئەو گرووپانەیە، بەو پێیەی شەرعیەتی مانەوەیان لەپاش کۆتاییهاتنی

شەڕی داعش لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە شەڕێکی "پیرۆز" بدۆزنەوە بۆ جۆشدانی بنکە جەماوەرییەکانیان و دۆزینەوەی "ئەوی تر" کە زۆر جار پێویستە بۆ دوورخستنەوەی سەرنج و کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوروبەری ئامانجەکان. لەمەش گرنگتر، زانیارییەکان ئاماژە بە یاخیبوونی هەندێك لە گرووپەکان دەکەن لە ئاراستەکردن و ڕێنماییەکانی ئیسماعیل قائانی فەرماندەی فەیلەقی قودس (جێگرەوەی قاسم سلێمانی)، کە دەیەوێت سیاسەتی گرووپەکان لەگەڵ ڕەوتی دانوستانەکانی ئێران و بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی ئێراندا ڕێك بخات[١٧]، ئەمەش بە مانای هەڵەشەیی زیاتر و ئەگەری هێرشی زیاتر دێت لەژێر ناوی نامۆ و پێشتر نەبیستراودا بۆ دوورخستنەوەی گرووپە ناسراوەکان لە لێپێچینەوە.

**کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا مشتومڕەکانی پەیوەست بە دەستوور و سیستم**

سێکوچکەی حوکمڕانی لە عێراق لەپاش 2003 لەسەر پێکهاتەکانی شیعە و سوننە و کورد بنەڕەت بوو. ئەم دابەشکارییە تائیفییە ئەگەرچی لە دەستووردا بەئاشکرا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام لە عورفی سیاسیدا و بە درێژایی چوار خول بەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان و دیاریکردنی پلە تایبەتەکاندا زاڵ بووە. لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی ناکۆکی و دابەشبوونەوە کێشەی لاوەکی و گەورە لەناو پێکهاتە سەرەکییەکاندا سەری هەڵدا، بەم هۆیەشەوە بڕیاری پێکهاتە سەرەکییەکانیش کەرت و پەرت بوو بە پێکهاتەی کوردیشەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئاڵۆزکردنی دۆخی سیاسیی عێراق لە لایەك و قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی کوردستان و ناو شیعەکان لە لاکەی تر و سێبەر و کاریگەرییشی بەسەر هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراو هەیە، چ لە تشرینی یەکەم بێت (پێشوەختە) یان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا کە دەکاتە بەهاری 2022.

شیعەکان هەمیشە دڵیان بەو بڕگەی دەستوور خۆش بووە کە دەڵێت دانانی سەرۆکوەزیران مافی "گەورەترین لیست"ە, بەڵام لە دانانی عادل عەبدولمەهدی (2018) و بەدوای ئەویشدا مستەفا کازمی (2020)، زۆرینە و لیستی پەرلەمانی وەلا نرا، لەگەڵ پاراستنی نەریتی شیعەبوونی سەرۆکوەزیران، ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانی و ترس و بێزاری لای هەندێك لە شیعە کە پێیان وایە سەرەتای کەمکردنەوەی ڕۆڵی نوێنەرایەتییەکانیانە[١٨]. کورد کە لە یارییەکەدا سەرۆکایەتیی کۆماری بەر کەوتووە، بەر لە هەڵبژاردن جارێکی تر کەوتووەتە بەر داواکاریی سوننەکان بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی کۆماریان ڕادەست بکات و بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕازی بێت[١٩]، هەر چەندە دیاریکردنی بەرژەوەندی و لایەنی باش و لایەنی خراپی ئەم دوو پۆستە بابەتێکی ئاوکێش و گۆشەیەکە بۆ هەڵوێستە و توێژینەوە، بەڵام ئەگەری ئاڵوگۆڕکردنی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان هێمایەکە بۆ گۆڕانی بنەما سەرەتایی

و عورفە باوەکانی پڕۆسە سیاسییەکەی عێراق بەتایبەت کە لە پەنای ئەمەشدا خواستێکی بەهێز لای هەندێك لایەنی شیعەوە هەیە کە سیستمی حوکمڕانی لە عێراق لە پەرلەمانییەوە بگۆڕدرێت بۆ سەرۆکایەتی یان نیمچەسەرۆکایەتی کە بۆنی مەرکەزیەتی لێ دێت[٢٠]، لە کاتێکیشدا کە دڵەخورتێی کشانەوەی ئەمەریکا هەیە، ڕژێمی سەرۆکایەتی مەترسی لەسەر کەمایەتییەکان و پێکهاتەکانی تر دروست دەکات.

**پەرتەوازەیی گوتار و ئاراستە**

لە هەڵبژاردنی پێشوودا (2018) هێزە کوردییەکان بە چەند لیست و ئاراستەیەکی جیا بەشدار بوون لە هەڵبژاردن، کەچی درزی نێوانیان لە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی خولی پێنجەمدا زیاتر فراوان بووە و نەك ئەگەری دروستبوونەوەی سەردەمی "هاوپەیمانیی کوردستانی"ی لە مەحاڵ نزیك کردووەتەوە، بەڵکە دوو هێزە سەرەکییە حوکمڕانەکەی هەرێم لەپاش تۆمارکردنی لیستەکانیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، هەریەکە و بەلای بەرەیەکی سیاسیدا ڕۆیشتوون کە لە ئاراستە و بیرکردنەوەدا جیاوازن. پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سەدرییەکاندا سەرقاڵی هاوپەیمانێتی بوو[٢١]، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش (بەر لە ڕووداوەکانی 8ی تەمموز) لەگەڵ هاوپەیمانێتیی فەتح بڕیاری دابوو هاوپەیمانێتی گرێ بدات[٢٢] کە بەرەیەکی سیاسیی ڕکابەر و ناکۆکە لەگەڵ سەدرییەکان، ئەمەش دەکرێت وەها لێك بدرێتەوە کە لە لایەك پەرتەوازەبوونی دوو هێزە سەرەکییە حوکمڕانەکەی کوردستانە لە بەغدا، لە لاکەی تر بەشداریکردنیانە لە یاریی ژمارە و پێکهێنانی هاوپەیمانێتییە حزبییەکان بە شێوەیەکی پێشوەختە و بەر لە هەڵبژاردن، ئەمەش جیاوازە لە جاران کە وەك نوێنەرایەتیی هەرێم مامەڵەیان دەکرد و چاوەڕوانی یەکلاییبوونەوەی ماڵی شیعەیان دەکرد، پاشان ئەمانیش دەبوونە تەواوکەری پرۆسەکە.

ئەم دابەشبوونە پێشوەختەی هێزە کوردییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لیست و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پێکهاتەی نەتەوەیی و تائیفییەوە دەبات بەرەو کوتلەی پەرلەمانی، ئەمەش ڕەنگە لە بەرژەوەندیی دۆخی گشتیی هەرێمدا نەبێت، بەو پێیەی هێزە کوردییەکان هەر چەند کورسی بهێنن هەر کەمینەن لەناو پەرلەمانێکدا کە 329 کورسییە، قەبارەی کورسییەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێمیش 46 کورسییە لەگەڵ هەندێك کورسیی گریمانکراو لە کەرکووك و دیالە و موسڵ و ناوچەکانی کێشەلەسەر لەنێوان هەرێم و بەغدا و لە باشترین حاڵەتدا لە 60 کورسی تێپەڕ ناکەن لە کۆی 329.

جگە لە دۆخی پەیوەست بە هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتییەکان و ئەگەرەکانی گۆڕانی سیستمی سیاسی، بەردەوام مەترسیی زاڵبوونی عەقڵیەتی گرووپە چەکدارییەکانی شیعە بەسەر حوکمڕانیی عێراقدا هەیە، هەروەها گلەیی و نارەزایی زۆریش هەیە لە پاشەکشەی پرسی کورد لە عێراق و

گۆڕانی داواکارییە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی (کەرکووك و 140، پێشمەرگە، هاوسەنگی، زمان، نوێنەرایەتی و... هتد) بۆ پرسی بودجە و مووچە کە ئەویش بە هۆی باکگراوەندە سیاسییەکانەوە کێشە و گرفتی زۆری دێتە پێش، بۆ نموونە لە سەردەمی ئەیاد عەلاوی پشکی کورد (17%)ی بودجە بوو، دواتر لە سەردەمی مالیکی (شوباتی 2014) بڕدرا و کرا بە سفر، لە سەردەمی عەبادی (2014-2018) کەم کرایەوە بۆ 317 ملیار دینار، لە حکومەتی مستەفا کازمیدا، بەئەستەم بڕیاری خەرجکردنی 200 ملیار دیناری وەک پێشینە بۆ هەرێم دەرکردووە و بەپێی حساباتی وەزارەتی دارایی عێراقیش بێت هەرێمی کوردستان قەرزاری عێراق دەبێت و پێویستە لەجیاتیی بودجە وەرگرتن؛ پارە ڕەوانەی بەغدا بکات بە هۆی ئاڵۆزیی حسابات و جیاوازیی لێکدانەوەی بەند و بڕگە یاساییەکان لەلایەن هەردوو لاوە پرسەکە بەهەڵواسراوی هەر ماوەتەوە[٢٣].

**سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانی قۆناغی داهاتوو**

- ئەگەری کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق وەك مەترسییەك لەسەر کورد و پێکهاتەکان؛ جێگەی دڵەخورتێ و نیگەرانی دەبێت، بەتایبەت پاش سەرقاڵبوونی ئەمەریکا بە دۆسیەی گرنگتر و کشانەوەی بێباکانە لە ئەفغانستان.

- ئەگەرچی گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا لە شەڕکردنەوە بۆ ڕاوێژکاری، بەگوێرەی دیالۆگی ستراتیژی ئاماژەیە بۆ مانەوەیەکی دوورمەودای ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و ناوچەکە، بەڵام ئەمە هیچ گرەنتی و دڵنیاکردنەوەیەکی تێدا نییە لەسەر وەستانی هێرش بۆ سەر هەندێك ئامانجی ڕۆژئاوایی لە کوردستان.

- عێراق لە هاوکێشەی شیعە و سوننە و کورد زیاتر دەخزێتە ناو قووڵبوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو پێکهاتەکان خۆیان و دابەشبوونیان بەسەر جەمسەری جۆراوجۆردا، کە ئەمەش ئاسۆکانی چارەسەری سەرجەم کێشەکان ئاڵۆزتر و تەمومژاویتر دەکات.

- ئەگەری گۆڕانی سیستمی سیاسی لە عێراق لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی یان نیمچەسەرۆکایەتی؛ پێشهات و گۆڕانێکی جێگە مشتومڕ و بێزارکەر دەبێت بۆ کورد، بەتایبەت لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا.

- پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کورد و نەبوونی گوتارێکی گشتگیر و کۆکەرەوە لە ئاستی عێراق بۆ هێزە کوردییەکان، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە نوێنەرایەتیی پێکهاتەوە دەیانگۆڕێت بۆ کوتلەی پەرلەمانی و سەنگ و قورسایی جارانیان لاوازتر دەکات.

- لەپاش "ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی" لە 2017، ناڕوونی و پاشەکشەیەکی گەورە لە گوتاری کوردیدا دروست بووە سەبارەت بە خواست و خەون و خولیاکانی لە عێراقی فیدراڵ پاش بە بنبەست گەیشتنی خەونی سەربەخۆیی و گەلاڵەکردنی شوناس و کۆمەڵێك داواکاری وەك پێداویستی دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

(١) بي بي سي عربي (٢٠٢١/٧/٢٦)، جو بايدن يعلن "انتهاء المهمة القتالية" للقوات الأمريكية في العراق مع حلول نهاية العام الحالي، https://bbc.in/3iyYepc

(٢) DW عربية (٢٠٢١/٧/٢٩)، اتفاق الانسحاب الأمريكي من العراق.. مجرد "مسرحية دبلوماسية"؟ https://bit.ly/3iCte7O

(٣) سكاي نيوز عربية (٢٠٢١/٧/٢٤)، مخاوف من "تسليم العراق لإيران" بعد الانسحاب الأميركي المحتمل، https://bit.ly/3lYfoid

(٤) ديلى صباح (٢٠٢١/٨/١١)، رغم تقدم طالبان.. بايدن "غير نادم" على سحب قوات بلاده من أفغانستان، https://bit.ly/2VJEqX4

(5) Graham Allison (15\1\2021), "Grave New World: Why Biden's job will be so much harder than his predecessors" https://bit.ly/3AvLOED

(٦) الخليج الجديد (٢٠٢١)، ملء الفراغ: التنافس الدولي حول مساحات الانسحاب الأمريكي، https://bit.ly/3jIgzzw

(٧) بي بي سي عربي (٢٠٢١/٧/٢٩)، هل إيران في طريقها لتحقيق هدف استراتيجي بخروج القوات الأمريكية من العراق؟، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-58010562

(٨) الحرة (٢٠٢١/٦/٢٢)، بعد الانسحاب الأميركى.. سطوة ميليشيات تهدد الدولة العراقية، https://arbne.ws/3fW5qKi

(٩) کوردستان ٢٤ (٢٠٢١/٨/١١)، سیناتۆرێکی ئەمەریکی بۆ کوردستان٢٤: هیوادارم ئەمەریکا هەڵەی ٢٠١١ دووبارە نەکاتەوە، https://bit.ly/37zU3D6

(١٠) وكالة أخبار العرب (٢٠٢١/٨/٣)، إنذار أميركي شديد اللهجة: باقون في العراق رغم أنف إيران وميليشياتها، https://bit.ly/3lWQijI

(١١) ناس کورد (٢٠٢١/٨/١٠)، یەکەم کاروانی هاوپەیمانان کشانەوە و وتەبێژەکەیان باسی پێشمەرگە دەکات، https://www.nasnews.com/kurd/view.php?cat=31056

(١٢) ناس کورد (٢٠٢١/٨/٧)، کشانەوەی ئەمەریکا دەست پێ دەکات...، بنکەی هەریریش دەگرێتەوە؟ https://www.nasnews.com/kurd/view.php?cat=30964

(١٣) میهر نیوز (٢٠٢١/٨)، هەڵوێستی باڵوێزی ئەمەریکا لە بەغدا لەسەر بنکەی سەربازیی "حەریر"ی هەولێر، https://bit.ly/2U93XIM

(١٤) صحيفة العرب (٢٠٢١/٨/١٣)، طهران تحمل فالح الفياض رسالة تهديد وإغراء إلى قيادة كردستان العراق، https://bit.ly/3yNgDnH

(١٥) وكالة الأناضول (٢٠٢١/٧/٢٧)، العراق.. ترحيب سياسي واسع باتفاق الانسحاب الأمريكي من البلاد، https://bit.ly/3sbIJGL

(١٦) روسيا اليوم (٢٠٢١/٧/٣١)، "المواجهة قد تبدأ".. فصائل "المقاومة" في العراق تشكك بإعلان انسحاب القوات الأمريكية، https://bit.ly/3lSGjf9

(١٧) يوتيفى (٢٠٢١/٨/١١)، الفصائل تترنح تحت وطأة الخلافات: هل سيملأ "آية الله" فراغ "الجنرال"؟ الحق يقال مع عدنان الطائي، https://www.youtube.com/watch?v=pKMdw8sL2mc

(١٨) سليم الحسني (٢٠٢١/٨/١٢)، خطوة الدستور.. خطأ الشيعة الأكبر، http://saymar.org/2021/08/125703.html

(١٩) أندبندنت عربية، سنة العراق يتحركون لاستعادة منصب رئيس الجمهورية (٢٠٢١/٥/٢٧)، https://bit.ly/2XpOq8P مركز المستقبل للأبحاث والدراسات (٢٠٢١/٥/٥)، أسباب تصاعد الجدل حول تغيير النظام البرلماني في العراق، https://bit.ly/2VQgX74

(٢٠) أندبندنت عربية (٢٠٢١/٥/٢٧)، سنة العراق يتحركون لاستعادة منصب رئيس الجمهورية، https://bit.ly/2XpOq8P؛ مركز المستقبل للأبحاث والدراسات (٢٠٢١/٥/٥)، أسباب تصاعد الجدل حول تغيير النظام البرلماني في العراق، https://bit.ly/2VQgX74

(٢١) الشرق الأوسط (٢٠٢١/٦/٥)، بوادر بوادر تحالف انتخابي بين الصدر وبارزاني، https://bit.ly/3iHgBIp

(٢٢) ناس نيوز (٢٠٢١/٦/٦)، تحالف مرتقب بين تحالف الفتح والاتحاد الوطني https://www.nasnews.com/view.php?cat=62215.

(٢٣) الشرقية نيوز (٢٠٢١/٨/١٤)، حوار السبت مع خالد شواني، https://bit.ly/3ADj2lm

# گرەو لەسەر کوردانی دڵشکاو

## گێچی کورد لە تەرازووی هەڵبژاردنی ٢٠٢٣-ی تورکیادا



**ئەحمەد قادر عەلی** توێژەر و خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی گازی لە ئەنقەرە - تورکیا




**بەرایی**

تا دێت باسوخواسی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣-ی تورکیا گەرمتر دەبێت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەش یەکێکە لە ئەگەرەکان. هەردوو لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لەگەڵ گەرمتربوونی ململانێکانیان، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ڕاکێشانی دەنگی کوردەکانی تورکیا بەلای خۆیاندا، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی کرداری بنێن بۆ نزیکبوونەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) کە زیاتر بە پارتی کوردەکان ناسراوە. پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) کە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بەدەستە، لە لایەک بۆ ڕازیکردنی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا (MHP) و لە لایەکی

ترەوە بۆ دەرهێنانی پارتی باش (İyi Parti) لەناو هاوپەیمانیی میللەت (Millet İttifak) و ڕاکێشانی بۆ ناو هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı)، لە هەوڵی داخستنی “HDP” دایە لە ڕێگەی دادگای دەستووریی تورکیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ترسی لەدەستدانی زیاتری دەنگەکانی لە ناوچە کوردییەکان، ئاک پارتی بابەتی داخستنی ”HDP“ی خستووەتە سەر پشتی کیسەڵێک و دەیەوێت ئەو کیسەڵە دوای هەڵبژاردن بگاتە هەوارگەی خۆی.

**هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2023**


هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣-ی پەرلەمان و سەرۆککۆماری تورکیا، گرێ بەر داوەتە میدیای تورکیا. ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بە سەرکردایەتیی پارتی گەلی کۆماری (Cum-huriyet Hal Partisi) (CHP)) لە لایەک بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکەن و لە لایەکی دیکەوە بە هەرچوار لادا دەسەڵاتی ئاک پارتی ڕەخنەباران دەکەن. لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ئاک پارتی و “MHP” هەموو ئەو پارت و لایەنانەی لە دەرەوەی ڕێککەوتنەکەی ئەواندان (ڕێککەوتنی کۆمار) بە ”هاوکارانی تیرۆریستان و دەستی دەرەکی“ ناو دەبەن و لە لایەکی دیکەشەوە تا ئێستا هیچ بە پێویستی نازانن هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە سەرۆکی ئاک پارتی و سەرۆککۆماری تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) وەک سیاسییەکی ئەزمووندار لە یارییەکی تاقەتپڕووکێندایە بۆ پەرتکردنی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و لەبەریەکهەڵوەشاندنی هاوپەیمانیی میللەت و لە هەمان کاتدا داخستنی ”HDP“ بەبێ ئەوەی دەنگەکانی ئاک پارتی لە هەڵبژاردندا کەم بکات، یاخود هیچ نەبێت لە گەڕی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا کاندیدی هاوپەیمانیی کۆمار کە خۆیەتی؛ بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار سەر بکەوێت.

لە ئێستادا بەپێی دەرەنجامی ڕاپرسیی سەنتەرەکانی توێژینەوە بێت، دەنگی پارتەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانیی کۆمار لە دابەزیندان و دەنگی پارتەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانیی میللەت لە بەرزبوونەوەدان، دەنگی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)یش نزمبوونەوەیەکی کەمی بەخۆیەوە بینیوە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ناوەندی توێژینەوەی ڕای گشتیی ئاڤراسیا (Avrasya Kamuoyu Araştır-malarι Merkezi) (AKAM) بێت کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بڵاو کراوەتەوە، دەنگەکانی هاوپەیمانیی کۆمار لەنێوان مانگی کانوونی دووەم بۆ مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بە ڕێژەی ٤.٧٪ کەمی کردووە و دەنگەکانی هاوپەیمانیی میللەت بە ڕێژەی ٣.٩٪ زیادی کردووە، هەر چی دەنگی ”HDP“یە بە ڕێژەی ٠.٥٪ کەمی کردووە، بەڵام ئاستی دەنگەکانی “HDP” هێشتا لە ئاستێکدایە بەتەنها خۆی دەتوانێ بەربەستی ١٠٪-ی پەرلەمانی تورکیا ببڕێت.

| ناوی پارتی | AKP | MHP | CHP | İYİ PARTİ | HDP | هاوپەیمانیی کۆمار | هاوپەیمانیی میللەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەمی ٢٠٢١ | ٣٤,٥ | ٨,٤ | ٢٦,٢ | ١١,٥ | ١١,٦ | ٤٢,٩ | ٣٧,٧ |
| حوزەیرانی ٢٠٢١ | ٣١,٥ | ٧,١ | ٢٧,٥ | ١٤,١ | ١١,١ | ٣٨,٦ | ٤١,٦ |

دەرەنجامی ڕاپرسییەکەی ناوەندی توێژینەوەی ڕای گشتیی ئاڤراسیا[١]




**لاوازیی ئەگەری گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ**

لەپاش لێدوانێکی پەرلەمانتاری ئەستەنبوڵی "HDP"، ئێرۆڵ کاتریجی ئۆغلۆ (Erol Katırcıoğlu) بۆ سایتی هەواڵی "kronos34.news" لە ٢٩ی حوزەیران، کە باسی لەوە کردبوو ئەگەر لە بابەتی چارەسەری کێشەکاندا ئەردۆگان و ئاک پارتی هەنگاوێک بنێن، بەڵێ دەکرێت گفتوگۆ دەست پێ بکەینەوە و "HDP" لەگەڵ ئاک پارتی ڕێک بکەوێت. ئەردۆگان خۆی کەسێکی باشە و مەیلی ڕێککەوتنی بەلای کورددا هەیە، بەڵام دەوروبەری و ئەوانەی لەگەڵیدا ڕێک کەوتوون؛ ڕێگەی پێ نادەن[٢]. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو ئاک پارتیدا گەیشتوونەتە پلە هەستیار و کاریگەرەکان و بەرپرسانی "MHP" کە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی کۆمارەوە (Cum-

hur İttifakı)هەر شتێکیان بوێت بۆ دژایەتیکردنی کورد، بە ئاک پارتی جێبەجێی دەکەن. بەڵگەیەکی ڕوونیش، کوشتنی ئەندامێکی "HDP" بە ناوی دەنیز پۆیراز (Deniz Poyraz) بوو لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لە شاری ئیزمیر کە بە بڕوای ئەو ئەندامپەرلەمانەی "HDP"، "ئەو هێرشە پەیامێک بوو بۆ ئەردۆگان کە بە هیچ جۆرێک بیر لەوە نەکاتەوە نزیک ببێتەوە لە کوردەکان"[٣].

نووسەری سایتی ئیڤرەنسەل (Evrensel)؛ ڤەدات ئیلبەی ئۆغلو (Vedat İlbeyoğlu)، لە نووسینێکدا لە ٤ی تەمووز ئەو پەرلەمانتارە و هاوشێوەکانی بە "ئەو کەسانەی کە حەزیان بە ڕێککەوتنی کورد و ئاک پارتییە[٤]" وەسف دەکات، هیچ بەهایەکی بۆ قسەکانی دانەناوە.

لە لایەکی دیکەوە هاوسەرۆکی "HDP"؛ میدحەت سانجار (Mithat Sancar) لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی "İndipendent Türkçe" لە ٢ی تەمووزی ٢٠٢١، باسی لەوە کرد کە ئەوە بۆچوونی ئێرۆڵ کاتریجی ئۆغلۆیە و گوزارشت لە سیاسەتی گشتیی "HDP" ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا میدحەت سانجار بەتەواوی بۆچوونەکانی پەرلەمانتارەکەی "HDP"ی ڕەت نەکردەوە. سانجار لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی کە "بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێویست بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی فراوان و هاوبەش دەکات"، باسی لەوەش کرد کە "پێشنیار و بژاردەمان بریتییە لە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتییەک کە هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەخۆ بگرێت و پاڵپشت بێت بە بناغەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی فراوان و ڕۆڵی پەرلەمان کاریگەر و بەهێز بکاتەوە و پرۆسەیەکی نوێی یاسایی ڕوون و ئاشکرا سەرپێ بخات[٥]".

ئەم لێدوانەی میدحەت سانجاریش بە جۆرێک لە جۆرەکان نیەتی "HDP"ی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆی لێ دەخوێنریتەوە، بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ ئاک پارتیدا نا، بەڵکوو لەگەڵ هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیادا. لە هەمان کاتدا هەمان پێشنیاری "سەلاحەدین دەمیرتاش"ە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی سێیەم و دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فراوانتر لە هاوپەیمانیی کۆمار و هاوپەیمانیی میللەت. لەگەڵ ئەوەشدا لێدوانی ئەو پەرلەمانتارە لەلایەن بەشێک لە بەرپرسانی "HDP"وە زۆر بەتوندی ڕەت کرایەوە و پێیان وا بوو "لە کاتێکدا هەزاران ئەندام و لایەنگری 'HDP' لە زینداندا بێت، گفتوگۆ بۆ ڕێککەوتن قسەی پڕووپووچە[٦]".

لە لایەکی دیکەوە هاوسەرۆکی "HDP"؛ پەروین بوڵدان (Pervin Buldan)، لە ١٤ی تەمووز لە چوارچێوەی "بانگەشەی

به‌رگری" (Savunma Kampanyası) له‌ شاری ئورفا (Urfa) له‌ وتارێکدا باسی له‌وه‌ کرد "له‌پاش ئه‌و هه‌مووه‌ کاره‌ نایاسایی و سته‌مه‌ی له‌لایه‌ن ئاک پارتییه‌وه‌ کراوه‌، هیچ کوردێک نییه‌ که‌ ئاماده‌ی گفتوگۆ بێت له‌گه‌ڵ ئاک پارتیدا[٧]"، ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه‌که‌ بۆ تووڕه‌یی "HDP" له‌ ده‌سه‌ڵاتی تورکیا.

به‌م پێیه‌ بێت ڕه‌وتی به‌هێز له‌ناو "HD-P"دا هه‌روه‌ک ڕه‌وتی به‌هێزی ناو ئاک پارتی و ڕێککه‌وتنی کۆمار، هیچ ئاماده‌ییه‌کی گفتوگۆ و ڕێککه‌وتنی له‌ دۆخی ئێستای تورکیادا له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدارانی تورکیادا نییه‌.

## قه‌ده‌ری هه‌ڵبژاردنه‌کانی ٢٠٢٣ له‌ ده‌ستی کورد و "HDP"دا

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پارتی گه‌لی کۆماری (CHP) به‌بێ داواکاری و ڕێککه‌وتنێکی ئاشکرا له‌گه‌ڵ "HDP" و کوردی تورکیادا توانیی له‌ هه‌ڵبژاردنی شاره‌وانییه‌کانی تورکیای ٢٠١٩ به‌ ده‌نگی کورده‌کان و لایه‌نگرانی "HDP" سه‌رکه‌وتنی گه‌وره‌ تۆمار بکات. ئه‌وکات به‌ هۆی زویربوونی کورد له‌ ده‌سه‌ڵات و بێباکیی ئاک پارتی و ئه‌ردۆگانیش به‌ کورده‌کان، ده‌ره‌نجامی هه‌ڵبژاردنی شاره‌وانییه‌کان به‌و جۆره‌ کاره‌ساتباره‌ بۆ ئاک پارتی کۆتایی هات. کورده‌کان جگه‌ له‌ بژارده‌ی کاندیدی "CHP"، هیچ بژارده‌یه‌کی دیکه‌یان شک نه‌ده‌برد تاوه‌کوو وانه‌یه‌کی باش به‌ ئاک پارتی و ئه‌ردۆگان بده‌ن که‌ به‌بێ کورد سه‌رکه‌وتنی له‌ هه‌ڵبژاردندا مه‌حاڵه‌. له‌ هه‌مان کاتدا "CHP" له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دڵنیا بوو که‌ ئاک پارتی هیچ مه‌یلێکی به‌لای کورددا نه‌ماوه‌ و "HDP" و ده‌نگده‌ری کوردیش به‌ هه‌ر جۆرێک بوو ده‌یانویست ئاک پارتی و ئه‌ردۆگان شکست بهێنێت، بۆیه‌ به‌ئاشکرا هیچ داوای له‌ کورد و "HDP" نه‌کرد ده‌نگ به‌ کاندیده‌کانی بده‌ن.

به‌ڵام هه‌نووکه‌ بارودۆخ گۆڕاوه‌، له‌ لایه‌ک "HDP" و کورده‌کان نایانه‌وێت هه‌ر وا به‌بێ ده‌ستکه‌وتێک بۆ کورد و ته‌نها له‌ پێناو شکستی ئاک پارتی ده‌نگ به‌ کاندیده‌کانی "CHP" و ڕێککه‌وتنی میلله‌ت (Millet İttifakı) بده‌ن و له‌ هه‌مان کاتدا هه‌ڵبژاردنی ٢٠٢٣ بۆ په‌رله‌مان و سه‌رۆکایه‌تیی کۆماره‌ و جیاوازه‌ له‌ هه‌ڵبژاردنی شاره‌وانییه‌کان، له‌ لایه‌ک "HDP" خۆی کاندیدی بۆ په‌رله‌مان ده‌بێت و له‌ لایه‌کی دیکه‌ش پێویسته‌ پارته‌کانی ناو هاوپه‌یمانیی میلله‌ت ته‌نها یه‌ک کاندیدیان بۆ سه‌رۆکایه‌تیی کۆمار هه‌بێت و له‌به‌رامبه‌ر ڕکابه‌ره‌که‌شیان که‌ ئه‌ردۆگانه‌؛ زۆرترین ده‌نگی بۆ کۆ بکه‌نه‌وه‌، به‌پێچه‌وانه‌وه‌

دەکرێت ئەو دەنگانەی کە پارتەکانی هاوپەیمانیی میللەت باکیان پێی نییە، لە ڕێککەوتنێکی درەنگوەختیشدا بێت بڕواتە سەبەتەی ئەردۆگانەوە.

لە هەمان کاتدا ئیدی ئەردۆگان و ئاک پارتییش گەیشتوونەتە ئاستی بێئومێدی لە دۆخی "MHP"ی هاوپەیمانیان و پێیان وایە "MHP" نەک ناتوانێت دەنگەکانی زیاد بکات، بەڵکوو ئاک پارتییش بە هۆی ئەو سیاسەتەی لەگەڵ "MHP" لە چەند ساڵی ڕابردوودا جێبەجێی کردووە؛ دەنگەکانی بەردەوام لە کەمبوونەوەدان، بەتایبەت ئەو دەنگانەی کە لەنێوان ئاک پارتی و "HDP"دا مابوونەوە، وردە وردە دەڕۆنە سندووقی "HDP"وە. لەبەر ئەمەیە نووسەرێکی وەک ئاڵتان تان (Altan Tan) کە وەک کەسایەتییەکی ئیسلامیی نەتەوەپەرستی کوردی لە دوو خولدا پەرلەمانتاری "HDP" بووە، لە نووسینێکیدا لە ٢ی تەمموزی ٢٠٢١، پێی وایە بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٣ی تورکیا، "دەنگدەری کورد پێگەی 'مەلیک'ی هەیە لە یاریی شەترەنجی نێوان هاوپەیمانیی کۆمار و هاوپەیمانیی میللەت"، ئەمەش لەبەر ئەوەی "ئەو کەسەی دەنگی کوردەکان بەدەست نەهێنێت، ناتوانێت پۆستی سەرۆککۆماری تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣دا بباتەوە[٨]".

لە هەمان کاتدا نووسەری دیاری ڕۆژنامەی حوڕییەت (Hürriyet Gazete-si) کە پێشکەشکاری بەرنامەی "زانیارییە نەبیستراوەکانی ئەنقەرە" (Ankara Kuli-si)یە لە کەناڵی "CNN Türk"؛ عەبدولقادر سێلڤی (Abdülkadir Selvi)، پێی وایە "قەدەری هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ تورکیا لە دەستی دەنگدەری کورد و 'HDP'دایە کە ئاخۆ دەچێتە ناو هاوپەیمانیی میللەتەوە، یاخود هێڵی سێیەم هەڵدەبژێرێت و خۆی هاوپەیمانییەک پێک دەهێنێت؟ ئەو بڕیارە یەکلایکەرەوە دەبێت بۆ هەر کەس و لایەنێک کە دەیەوێت پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣ بەدەست بهێنێ[٩]".

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت عەبدولقادر سێلڤی لە پرسیارەکەیدا ئاماژەی بەو ئەگەرە نەداوە کە "HDP" بڕواتە ناو هاوپەیمانیی کۆمارەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بێهیوایی هەردوو لا لەوەی کە بتوانن پێکەوە لە هاوپەیمانێتییەکدا کۆ ببنەوە[١٠].

لەگەڵ ئەوانەشدا بە هۆی نەتەوەپەرستیی "MHP" و ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی چەند ساڵی ڕابردووی نێوان ئاک پارتی و "HDP" و نەتەوەپەرستیی پارتی باش و کەمالیستی "CHP"وە، جگە لە بەرژەوەندیی سیاسی و بەدەستهێنانی

کورسیی زیاتری پەرلەمان و پۆستی سەرۆککۆمار، ئومێدێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی هەردوو هاوپەیمانییەکەی تورکیا لەگەڵ "HDP" و دەنگدەرەکانیدا نەماوەتەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە هەردوو هاوپەیمانیی کۆمار و هاوپەیمانیی میللەت پەیوەندییەکانیان بە هەر جۆرێک بێت، کاتێک دێتە سەر مەسەلەی کورد لەو هێڵە لا نادەن کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (Türkiye Milli Güven-lik Kurulu) کێشراوە[١١].

**مۆتەکەی پارتە نوێیەکان بەسەر ئاک پارتییەوە لە ناوچە کوردستانییەکاندا**

جگە لە هاوپەیمانیی کۆمار و میللەت، هەریەک لە پارتی ئایندە (Ge-lecek Partisi) بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد داوود ئۆغڵۆ و پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن (Demokrasi ve Atılım Partisi) (DEVA) بە سەرۆکایەتیی علی باباجان، چاویان بڕیوەتە دەنگی کوردەکان و ئەوانەشی کە دڵیان شکاوە لە سیاسەتی ئاک پارتی. بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو پارت لە چالاکیدان لە ناوچە کوردییەکان. سەرکردەی هەردوو پارتەکەش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ "HDP" بەرەوپێش دەبەن و هەوڵ دەدەن دڵی کوردەکان و "HDP" لە خۆیان نەڕەجێنن، بەڵگەش بۆ ئەوە سەرکردەی هەردوو پارتەکە لە سەردانەکانیان بۆ کۆنگرەی لقی دیاربەکری پارتەکانیان بەجیا سەردانی سەرکردایەتیی "HDP"یان لە دیاربەکر کردووە. لەوەش گرنگتر، سەرۆکی پارتی "DEVA"؛ علی باباجان، لە دیاربەکر هیچ بایەخی بە چالاکییەکانی "دایکانی دیاربەکر" (Diyarbakır Anneleri) نەداوە کە چالاکییەکی بەردەوامە و لەلایەن دایکانی ئەو منداڵانەوە بەردەوامیی پێ دەدرێت کە وەک ئەوان دەڵێن "منداڵەکانیان لەلایەن پەکەکەوە ڕفێنراوە"، ئەم چالاکییە لەلایەن ئاک پارتییەوە پشتیوانی دەکرێت و هەر سەرکردەیەکی تورکیا بڕواتە دیاربەکر، سەردانی ئەو چالاکییە دەکات. لە بەرامبەردا علی باباجان لە ڕێگەی تویتەرەوە پشتیوانیی خۆی بۆ چالاکییەکانی "دایکانی شەممە" (Cumartesi Anneleri) ڕاگەیاندووە کە چالاکییەکی بەردەوامی ئەو دایکانەیە کە کەسوکاریان لە شەڕی سوپای تورکیا و پەکەکەدا بوونەتە قوربانی و لەلایەن "HDP"وە پشتیوانی دەکرێت[١٢].

لە لایەکی ترەوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سەردانی سەرۆکی ئەو دوو پارتەی باس کران بۆ دیاربەکر، ڕۆژی ٩ی تەمموزی ٢٠٢١، ئەردۆگان سەردانی دیاربەکری کرد. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی

سایتی "DW"، "لەگەڵ ئەوەی ئامادەکاریی تەواو بۆ سەردانەکەی سەرۆککۆمار بۆ دیاربەکر کرابوو، بەڵام ڕۆژەڤی خەڵکی شارەکە لەبریی سەردانەکەی سەرۆککۆمار؛ بریتی بوو لە هەڵئاوسانی ئابووری و بێکاری و کێشە مەدەنییەکان(١٣)".

لە هەمان کاتدا بە بڕوای ڕۆژ گیراسون (Roj Girasun)؛ بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕاوێست (Rawest Araştır-maları Merkezi)، "یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو سەردانەی ئەردۆگان بۆ دڵدانەوەی ئەندامانی ئاک پارتی بوو لە ناوچە کوردییەکان و وەک هەوڵێکیش بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو دەنگانەی ئاک پارتی بوون لە دیاربەکر و ناوچە کوردییەکاندا. واتە سەردانەکەی ئەردۆگان بەشێک بوو لە بانگەشەی پێشوەختەی هەڵبژاردنی هاوپەیمانیی کۆمار(١٤)".

بەپێی ڕاپرسییەکان بێت، لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا ئەو کەسانەی کە پێشتر دەنگیان بە ئاک پارتی داوە و تەنانەت لایەنگرانی ئاک پارتییش لە ئێستادا، "دوودڵن یاخود هێشتا بڕیاریان نەداوە" کە دەنگ بە ئاک پارتی بدەنەوە، هەڵبەت بڕیاریان نەداوە دەنگ بە لایەنێکی دیکەش بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکە کە هەریەک لە پارتەکانی "DEVA" و پارتی ئاینده بەشداریی تێدا دەکەن کە سەرکردەکانی هەردوو پارتەکە لە ئاک پارتی جیا بوونەتەوە(١٥).

بەپێی ڕاپرسییەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕاوێست (Rawest Araştır-maları Merkezi)، پارتی "DEVA" بەشێک لە دەنگەکانی ئاک پارتی و "HDP" لە چینی ناوەندی ناوچە کوردییەکانی دانیشتووانی شارەکان بۆ خۆی دەبات و پارتی ئایندەش چینی پارێزگار و ئیسلامییەکانی ناوچە کوردییەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی عەبدوڵا گویل سەرۆککۆماری پێشووتری تورکیا بۆ پارتی "DEVA"، ڕێژەی دەنگی پارتەکە لە ناوچە کوردییەکان بەرزتر دەکاتەوە(١٦).

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت چینی پارێزگار و ئیسلامییەکان و لایەنگرانی عەبدوڵا گویلیش لە ڕابردوودا زیاتر دەنگیان بە ئاک پارتی داوە، واتە زۆربەی ئەو دەنگانەی بۆ ئەو دوو پارتە دەڕۆن، دواجار لە دەنگی ئاک پارتی کەم دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی هاوپەیمانیی کۆمار لەلایەن ئاک پارتی لەگەڵ پارتی نەتەوەپەرستیی تورکیا و زیادبوونی داواکارییەکانی پارتی نەتەوەرپەرست کە زۆربەیان داواکاریی نەژادپەرستی و دژی کورد و "HDP"یە، وای کردووە

کوردەکان بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئاک پارتی لەو بنەمایانە لای داوە کە لەسەری دامەزراوە، بەتایبەت لە بابەتی کێشەی کورد و کوردستانی عێراقدا. بەڵگەش بۆ ئەوە، تێڕوانینی وەهاب جۆشکون (.Doç Dr. Vahap CoŞkun) کە مامۆستایە لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی دیجلە لە دیاربەکر (-Dicle Üniversitesi Hukuk Fakülte si)، کە پێی وایە "لەبەر ئەوەی لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بەدیلی ئاک پارتی بۆ ئەو کوردانە نەبوو کە دەنگیان بە 'HDP' نەدەدا، بۆیە دەنگیان بە ئاک پارتی دەدا. بەڵام لە ئێستادا هەردوو پارتی ئاینده و پارتی 'DEVA' وەک بەدیلی ئاک پارتی لە ناوچە کوردییەکاندا پێشوازییان لێ دەکرێت و بەدڵنیاییەوە بەشێک لە دەنگی ئاک پارتی بۆ خۆیان دەبەن[١٧]".

لە لایەکی ترەوە هەردوو پارتی ئاینده و پارتی "DEVA"، دژی دانانی قەیيومن (Kayyım) لەبریی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی "HDP" کە لەلایەن حکومەتەوە بە تۆمەتی پەیوەندییان بە پەکەکەوە لا دەبرێن و کەسانی نزیکی ئاک پارتی بە فەرمانی حکومەت لە جێگەیان دادەنرێت. دژایەتیی ئەو دوو پارتە بۆ دانانی قەیيومەکان و تێڕوانینی ئەرێنییان بۆ کێشەی کورد، وا دەکات کە "HDP"یش نەکەوێتە دژایەتی و سەنگەری بەرامبەر لەو پارتانە نەگرێت، بەم جۆرە بەئاسانی دەتوانن لە ناوچە کوردییەکاندا بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خۆیان بکەن و بە هەموویان پەڕوباڵی ئاک پارتی لەو ناوچانەدا بکەن.

## هەوڵەکانی داخستنی "HDP" و کاریگەریی لەسەر دەنگی لایەنەکان

ئاک پارتی بە دەسەڵەپشتدانی لەلایەن "MHP"ی هاوپەیمانییەوە، لە بەهاری ئەمساڵەوە لە هەوڵدایە بۆ داخستنی "HDP" و قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەسەر زۆرێک لە سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی "HDP". بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا دوو جار ڕاپۆرتی تێروتەسەل لەلایەن داواکاری گشتیی تورکیاوە (Yargıtay Cumhuriyet Başsavcılığı) نێردراوە بۆ دادگای دەستووریی تورکیا (-Türki ye Anayasa Mahkemesi) و لەلایەن دادگای دەستوورییەوە بڕیاری لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکان دراوە[١٨]. ئەم هەوڵەی ئەردۆگانیش لە پێناو ڕازیکردنی "-MH P"یە بۆ مانەوەی لە هاوپەیمانێتیی کۆماردا و لەوەش زیاتر ڕاکێشانی مەیلی بەرپرسانی پارتی "باش"ە بۆ ئەوەی بێنە هاوپەیمانیی کۆمارەوە کە پارتی باش دواجار هەر درێژکراوەیەکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا (MHP)یە و بگرە لەوانیش نەتەوەپەرسترن، تەنانەت

وەک باس دەکرێت پارتی باش بە هۆی نەرمینواندنی ”MHP“ لەگەڵ ئاک پارتی لە ساڵانی ڕابردوودا و ”لادان لە بنەما و برەنسیپە سەرەکییەکانی تورکچێتی“ لە ساڵی ٢٠١٧ لە ”MHP“ جیا بوونەوە[١٩].

بە بۆچوونی ڕۆژ گیراسون (Roj Gira-sun)؛ بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕاوێست (Rawest Araştırmaları Merkezi)، داخستنی ”HDP“ لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی پەیوەندیی ئەو پارتە لەگەڵ دەنگدەرەکانی و نەک دەنگەکانی کەم ناکات، بەڵکوو وەک ستەملێکراوێک ڕێژەی دەنگەکانی بەرز دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا داخستنی ”HDP“، دەنگی ئاک پارتی لە ناوچە کوردییەکاندا کەمتر دەکاتەوە و لەو دۆخەشدا دەنگدەری ”HDP“ دەنگ دەدات بە پارتی ئایندە و پارتی ”DEVA“[٢٠].

خاوەنی کۆمپانیای مێترۆپۆل بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاپرسی (Metropoll Araştırma şirketi)؛ ئۆزێر سەنجار (Özer Sencar)، پێی وایە کە ”ئەردۆگان هێشتا دڵنیا نییە لە بابەتی داخستنی ‘HDP’دا و لە حاڵەتی داخستنی ئەو پارتەشدا ٥٪ی ئەو کوردانەی کە دەنگیان بە ئاک پارتی داوە؛ جارێکی دیکە دەنگی پێ نادەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەرپرسانی ‘HDP’ نەشتوانن بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٣ پارتێکی تازە دروست بکەن، ئەوا دەنگەکانی ‘HDP’ ناڕوات بۆ ئاک پارتی و بە ئەگەری زۆر بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەڕوات دەنگەکان[٢١].“ لێرەدا ئەوەی ڕوونە ئەردۆگان لە یاریی داخستنی ”HDP“دا هیچی دەست ناکەوێت و بگرە لەوانەیە زیانیش بکات. یاخود بە واتایەکی دیکە: دەکرێت ئاک پارتی لە ڕێگەی داخستنی ”HDP“وە بتوانێت پارتی باش لە هاوپەیمانیی میللەتەوە بۆ هاوپەیمانیی کۆمار ڕابکێشێت و بەم جۆرە ڕێژەی دەنگی کاندیدی هاوپەیمانیی کۆمار بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار کە ئەردۆگانە؛ بەرز بکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا هەم دەنگی خودی ئاک پارتی لای کوردەکان کەم دەکات کە کاریگەری دەکاتە سەر ڕێژەی ژمارەی ئەندامپەرلەمانەکانی ئاک پارتی لە پەرلەماندا، هەمیش ڕێژەی دەنگی هاوپەیمانیی میللەت زیاد دەکات، چونکە لەو دۆخەدا دەنگدەرانی ”HDP“ دەنگ بە هاوپەیمانیی میللەت دەدەن. بەڵام ئاساییە ئەگەر لە پێناوی بردنەوەی پۆستی سەرۆککۆماردا ئاک پارتی و ئەردۆگان قوربانی بە چەند کورسییەکی پەرلەمان بدەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەردۆگان وەک یاریکەرێکی لێزان لەوانەیە بابەتی داخستنی ”HDP“ وەک تۆپێکی گرنگ

لە قاچی خۆیدا بهێڵێتەوە و تا ئەو کاتەی دڵنیا نەبێت لە ڕاکێشانی پارتی باش بۆ هاوپەیمانیی کۆمار؛ نەینێت بە گۆڵی "HDP"وە. یاخود هەر تۆپەکە بهێڵێتەوە و لەدوای هەڵبژاردن بە لێدانی یەکلاکەرەوە گۆڵی خۆی پێ بکات.

### "HDP" لەنێوان هاوپەیمانیی کۆمار و هاوپەیمانیی میللەتدا، دڵی بە "ڕێگای سێیەم"ەوەیە

ئێستا هیچ پارتێکی تورکیا ئامادەیی بەستنی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ "HDP" دەرنەبڕیوە، لە بەرامبەردا "HDP"یش داواکاریی پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئاراستەی هیچ هێز و لایەنێک نەکردووە. تەنانەت سەرۆکی پارتەکانی ئایندە و "DEVA"یش لە سەردانەکانیاندا بۆ دیاربەکر و سەرەڕای بینینی هاوسەرۆکانی "HDP"، بەڵام هیچ باسوخواسێکی هاوپەیمانیی نێوان ئەو پارتانە و "HDP" ڕۆژەڤی میدیای تورکی و باکووری کوردستان نین.

هاوسەرۆکی "HDP"؛ پەروین بوڵدان (Pervin Buldan) لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە "پشتیوانیمان لە یەکێتیی هێزە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩دا گرنگ بوو، بەڵام لەمەودا هیچ کەسێک چاوەڕێی هەمان هەڵوێستمان لێ نەکات". تەنانەت چەند ڕۆژێک دواتر لە وەڵامی پرسیاری "ئایا لەلایەن هاوپەیمانیی میللەتەوە هیچ داواکارییەکتان ئاراستە کراوە بۆ بەشداریکردن لەو هاوپەیمانێتییەدا؟"، گوتی: "نە لەلایەن هاوپەیمانی میللەتەوە داواکارییەکی لەو جۆرە بۆ 'HDP' نێردراوە و نە ئێمەش عەوداڵی بەشداریکردنین لەو هاوپەیمانێتییەدا، پێویستیشمان پێی نییە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا کێشەی بەربەستی (١٠٪)مان نییە[٢٢]".

ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ پارتەکانی هاوپەیمانیی میللەت و پارتی "DEVA" و پارتی ئایندە کە ئیدی هێلکەی خۆمان بەئاسانی ناخەینە سەبەتەی هیچ کەسێکەوە و باکمان پێتان نییە و خۆمان بەجیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەین و کاندیدمان دەبێت، هەر چەندە هۆکاریش بێت بۆ شکستی ئاک پارتی و هاوپەیمانیی کۆماری ڕکابەر و تا ڕادەیەک دوژمنی "HDP". لەبەرامبەر ئەمەدا سەرۆکی "CHP"؛ کەمال کلیچدار ئۆغلۆ (Kemal Kılıçdaroğlu) پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوسەرۆکی "HDP"؛ میدحەت سانجار (Mithat Sancar) ئامادە نەبوو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی هاوبەش ببەستن، تەنانەت بۆ یادگارییش بێت وێنەیەکی لەگەڵ میدحەت سانجاردا نەگرت. لەوەش زیاتر سەرۆکی پارتی باش (İYİ Parti)؛

مێرال ئاکشەنەر (Meral Akşener) هەر وەڵامی داواکاریی "HDP"ی بۆ سەردان و کۆبوونەوە نەداوەتەوە. ئاکشەنەر کە "HDP"ی وەک باڵی سیاسیی پەکەکە و درێژکراوەی ئەو حیزبە وێنا کردووە، گوتوویەتی "پێویستە 'HDP' وەک پارتێکی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات". ئەمەش دەریدەخات کە هیچ پارتێکی سیاسیی تورکیا لە ئێستادا ئامادەیی تێدا نییە هاوپەیمانی لەگەڵ "HDP"دا ببەستێت و "HDP"یش مەیلی بۆ چوونە پاڵ هیچ یەکێک لەو هاوپەیمانێتییانە نییە.

بە هەمان شێوە ئاڵتان تان پێی وایە داخستنی هەموو دەرگاکان بە ڕووی دەسەڵات و ئاک پارتیدا لەلایەن "HDP"وە و لە هەمان کاتدا پشتگیریکردنی بێ قەید و مەرجی ئۆپۆزسیۆن کارێکی باش نییە[٢٣].

بەو پێیە بێت نە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا ئامادەن "HDP" لە ئامێزی هاوپەیمانییەکانی خۆیاندا جێ بکەنەوە، نە "HDP"یش چاوڵەڕێی ئەو دوو لایەنەیە.

لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، بەشداریی "HDP" بەتەنها خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەری تێپەڕاندنی بەربەستی ١٠٪ی پەرلەمانی لەسەر قورس دەکات و کاندیدی سەرۆککۆماری ئەو پارتەش ئەگەر هەیبێت؛ سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری تورکیا لە دۆخێکی لەو جۆرەدا دەکەوێتە گەڕی دووەمەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، پێشبینی دەکرێت "HDP" ڕێگای سێیەم هەڵبژێرێت و بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ی تورکیا لەگەڵ پارت و پێکهاتە و ڕێکخراوە چەپە کوردییەکانی تورکیا هاوپەیمانێتییەک پێک بهێنێت[٢٤].

"HDP" کە کێشەی بەربەستی ١٠٪ی پەرلەمانی نییە و خۆی بەتەنها دەتوانێت تێیپەڕێنێت، لە دۆخێکدا هاوپەیمانێتییەک بۆ خۆی و دۆستەکانی پێک بهێنێت، دەتوانێ ڕێگری بکات لە پەرشبوونی دەنگدەرەکانی و لە هەمان کاتدا مەیلی بەشێک لە دەنگدەرانی ئاک پارتییش بۆ خۆی کێش دەکات کە بە هۆی سیاسەتەکانی ئاک پارتییەوە لە فیکری ئیسلامیەت و پارێزگارییش کشاونەتەوە.

## سیناریۆکان

لە ئێستادا ئەوەی ڕوونە هاوپەیمانیی کۆمار بە سەرۆکایەتیی ئاک پارتی و هاوپەیمانیی میللەت بە سەرۆکایەتیی "CHP" لە ململانێیەکی سیاسیی سەختدان و هەردوو لا لە هەوڵی بەدەستهێنانی مەیلی پارتەکانی دیکەدان بەدەر لە "HDP"، هەڵبەت ناشیانەوێت دڵی دەنگدەرە کوردەکانیش لە خۆیان بڕەنجێنن.

سیناریۆی یەکەم بریـــتییە لە بەردەوامیی ئەو دۆخەی ئێستا هەیە، واتە هاوپەیمانیی کۆماریی ئاک پارتی و "MHP" لە لایەک و هاوپەیمانیی میللەتی "CHP" و پارتی باش لە لایەکی دیکەوە لە ململانێی بەدەستهێنانی کورسیی سەرۆککۆمار و زۆرینەی پەرلەمانیدان، بەڵام هیچیان ناتوانن کورســـیی سەرۆککۆمار و زۆرینەی پەرلەمانی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا بەدەست بهێنن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەشدا، هەریەک لە پارتەکانی ئایندە و "DEVA" و "HDP" بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن و تەنها "HDP" دەتوانێت بەربەستی ١٠٪ی پەرلەمان ببڕێت.

سیناریۆی دووەم بریتییە لەوەی پارتی باش لە هاوپەیمانیی میللەت بێتە دەرەوە و بڕواتە ناو هاوپەیمانیی کۆمارەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا ئاک پارتی و هاوپەیمانیی کۆمار تەنها لە ڕێگەی لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا (MHP) وە بانگەوازیان بۆ سەرۆکی پارتی باش (Meral Akşener) کردووە کە "ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵەکەی خۆت[٢٥]!" بەدەر لەوە، کەسیان ناوێت. هەڵبەت وەک هەنگاوی کردەییش، یەکێک لە ئامانجەکانی هەوڵەکانی داخستنی "HDP" بۆ ڕاکێشانی پارتی "باش"ە بۆ ناو هاوپەیمانیی کۆمار. ئەگـــەر بێتوو پارتی باش بڕواتە ناو هاوپەیمانیی کۆمارەوە، ئەوا تاکە کاندیدەکەی بۆ کورســـیی سەرۆککۆمار کە ئەردۆگانە؛ بێ دوودڵی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا سەر دەکەوێت و زۆرینەی پەرلەمانیـــش بەدەست دەهێنن.

سیناریۆی سێیەم بریتییە لە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەلایەن هاوپەیمانیی کۆمار یان هاوپەیمانیی میـــللەتەوە لەگەڵ "HDP" و چوونی ئەو پارتە بۆ ناو یەکێک لەو هاوپەیمانێتییە. هەر چەندە ئەگەرێکی لاوازە و لە هیچ لایەکـــیانەوە نیەتی یەکگرتن بەدی ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پۆستی سەرۆکـــــکۆمار و زۆرینەی پەرلەمانی لەم هەڵبژاردنەدا یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ هەردوو لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و تەنانەت بۆ "HDP"یش.

ئەردۆگان ئەگەر دڵنیا ببێتەوە لەوەی بە داخستنی "HDP"؛ پارتی باش دێتە ناو هاوپەیمانیی کۆمارەوە، ئەوا پێش هەڵبژاردنەکـــان ئەو کارە جێبەجێ دەکات، بەپێچـــەوانەوە نایەوێت بەشێک لە دەنگدەرە کوردەکـــانی ئاک پارتی لە خۆی زویر بکات و هیچیشی دەست نەکەوێت.

سیناریۆی سەرکەوتنی کاندیدی هاوپەیمانیی میللەتیش لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا کە هێشتا دیار نییە کێیە، شتێکی مەحاڵە و لە دۆخێکدا کە هەڵبژاردنەکە بکەوێتە خولی دووەمەوە و لەبەرامبەر هاوپەیمانیی کۆماری ئاک پارتی و "MHP"دا سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن (CHP, İYİ Parti, DEVA, Gelecek Partisi) بە "HDP"یشەوە ئینجا دەتوانن کاندیدەکەیان لەبەرامبەر ئەردۆگاندا سەر بخەن.

**ئەنجام**

هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٣-دا بکرێت یاخود پێشتر بخرێت، دەنگدەرە کوردەکان و "HDP" وەک مەلیکی ئەو یاریی شەترەنجە وان و هەر لایەنێک بتوانێت "کش مات"یان بکات، ئەو دەتوانێ پۆستی سەرۆککۆماری تورکیا و زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانی بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەو ئەگەرە نزیکە لە مەحاڵەوە. ئەگەری بەهێز ئەوەیە "HDP" ڕێگای سێیەم هەڵبژێرێت، بە واتایەکی دیکە: ڕێگای سێیەمی لە بەردەمدا بهێڵرێتەوە تا هەڵیبژێرێت. بۆیە تەنها ڕێگای بەردەمی "HDP"، بەستنی هاوپەیمانییە لەگەڵ پارت و گرووپە سیکۆلارەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا، ئەمەش لە پێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز لەبەرامبەر هاوپەیمانیی کۆمار و هاوپەیمانیی "میللەت"ی تورکەکاندا.

لە لایەکی تریشەوە مەترسیی داخستنی "HDP" لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە، ئەگەرێکی کراوەیە. ئەگەر "HDP" دابخرێت، کێشەیەکی لە داخستنی ئەو پارتە گەورەتر ڕووبەڕووی کوردە چەپەکانی تورکیا دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لە دەرکردنی بڕیاری قەدەغەی کاری سیاسی لەسەر زۆرێک لە سەرکردە و ئەندامە پلە باڵاکانی "HDP". لەم دۆخەدا زیاتر لە نیوەی دەنگدەرە کوردەکانی تورکیا لایەنێک شک نابەن تاوەکوو دەنگەکانی خۆیانی پێ بدەن و بە ئەگەری زۆر ناچارن دەنگ بدەن بە پارتی ئایندە و پارتی "DEVA"، دواجاریش دوور نییە ئەم دوو پارتە بچنە هاوپەیمانیی میللەتەوە و ئەردۆگان و ئاک پارتی لە مەیدانی دەسەڵاتی تورکیا دوور بخەنەوە. بەم جۆرە جارێکی دیکە کوردەکان وەک مەلیکی شەترەنجەکە بە دەستی خۆیان پارتێکی کەمالیستی وەک "CHP" و پارتێکی نەتەوەپەرستی وەک پارتی باش دەکەنەوە بە دەسەڵاتداری تورکیا. کەواتە هەر لایەک لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا بە دەنگی لایەنگرانی خۆی یاخود بە دەنگی کوردەکان سەر بکەوێت، "باری کورد هەر ٤٠ مەن دەبێت"!

سەرچاوەکان:

. Rudaw.net, (١٢,٧,٢٠٢١), نوێترین ڕاپرسی: دەنگی هاوپەیمانیی جمهوور (ئاکپارتی و مەهەپە) کەمی کردووە، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/١٢٠٧٢٠٢١١, ١٨,٨,٢٠٢١

. İlbeyoğlu, Vedat, (4.7.2021), Kürdün AKP'yle işbirliği yapma ihtimalini sevenler!, https://www.evrensel.net/yazi/89033/kurdun-akpyle-isbirligi-yapma ihtimalini-sevenler, 17.8.2021.

. Demokrathaber.org, (4.7.2021), 'Kürdün AKP'yle işbirliği yapma ihtimalini sevenler!' https://www.demokrathaber.org/guncel/kurdun-akpyle-isbirligi-yapma-ihtimalini-sevenler-h147677.html, 18.8.2021.

. İlbeyoğlu, Vedat, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. İndipendenttürkçe.com, (2.7.2021) Sancar: AKP ile uzlaşma anlamına gelecek bir girişimde olmayız, https://www.indyturk.com/node/382281/siyaset/sancar-akp-ile-uzla%C5%9Fma-anlam%C4%B1na-gelecek-bir-giri%C5%9Fimde-olmay%C4%B1z, 19.8.2021.

. Tan, Altan, (2.7.2021), Tan: Cumhur ve millet ittifakları söz konusu Kürtler olunca MGK politikalarının ötesine geçemiyor, https://rojevakurdistan.org/tan-cumhur-ve-millet-ittifaklari-soz-konusu-kurtler-olunca-mgk-politikalarinin-otesine-gecemiyor/, 20.8.2021.

. Demokrathaber.org, (14.7.2021), Buldan: AKP ile masaya oturacak tek bir Kürt yoktur, https://www.demokrathaber.org/siyaset/buldan-akp-ile-masaya-oturacak-tek-bir-kurt-yoktur-h148163.html, 16.8.2021.

. Tan, Altan, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. Selvi, Abdülkadir, (26.7.2021), 2023 seçimlerinde HDP'ye biçilen rol, https://www.hurriyet.com.tr/yazarlar/abdulkadir-selvi/2023-secimlerinde-hdpye-bicilen-rol-41859719, 20.8.2021.

. Tan, Altan, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. هەمان سەرچاوە.

. Haberkurulu.com, (11.7.2021), Diyarbakır annelerini görmezden gelen Ali Babacan, HDP'lilerin ağızıyla Cumartesi anneleri için tweet attı!, https://haberkurulu.com/diyarbakir-annelerini-gormezden-gelen-ali-babacan-hdplilerin-agiziyla-cumartesi-anneleri-icin-tweet-atti/, 15.8.2021.

. Dw.com, (8.7.2021), Erdoğan'ın Diyarbakır ziyareti oyları geri getirecek mi?, https://www.dw.com/tr/erdo%C4%9Fan%C4%B1n-diyarbak%C4%B1r-ziyareti-oylar%C4%B1-geri-getirecek-mi/a-58209050, 17.8.2021.

. هەمان سەرچاوە.

. هەمان سەرچاوە.

. Dw.com, (12.7.2020), Gelecek ve DEVA partilerinin Kürt seçmenle imtihanı, https://www.dw.com/tr/gelecek-ve-deva-partilerinin-k%C3%BCrt-se%C3%A7menle-imtihan%C4%B1/a-54105346, 18.8.2021

. Dirilişpostası.com, (9.7.2021), Cumhurbaşkanı Erdoğan'dan Diyarbakır'a tarihi ziyaret, https://www.dirilispostasi.com/haber/7398429/cumhurbaskani-erdogandan-diyarbakira-tarihi-ziyaret, 18.8.2021.

. Mahmut Övür, (22.6.2021), HDP kapatma davası ve olası sonuçları, https://www.sabah.com.tr/yazarlar/ovur/2021/06/22/hdp-kapatma-davasi-ve-olasi-sonuclari, 19.8.2021.

. Medyafaresi, (25.9.2017), Meral Akşener İYİ PARTİ'yi kurdu!, https://www.medyafaresi.com/haber/meral-aksener-iyi-partiyi-kurdu/845169, 20.8.2021.

. Dw.com, (25.6.2021), Güneydoğu'da HDP tepkisi, https://www.dw.com/tr/g%C3%BCneydo%C4%9Fuda-hdp-tepkisi/av-58051830, 17.8.2021.

. Dw.com, (22.6.2021), "AKP kendisine oy veren Kürtleri kaybedebilir", https://www.dw.com/tr/akp-kendisine-oy-veren-k%C3%BCrtleri kaybedebilir/a-57989460 ,15.8.2021.

. Selvi, Abdulkadir, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. Tan, Altan, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. Selvi, Abdulkadir, هەمان سەرچاوەی پێشوو

. Youtube.com, (5.8.2021), Bahçeli'den Akşener'e "Eve dön" Çağırısı, https://www.youtube.com/watch?v=bxjwnxL8dfI, 19.8.2021.

# سەردەمی ڕەئیسی و ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئیرشاد ڕەشیدی
توێژەری سیاسی و مامۆستا لە زانکۆی ئازادی کرماشان



**بەرایی**

باسکردن لە سیاسەتی ئێران بەپێی هێز و پێگەی سیاسی و مێژوویی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، هەردەم گرنگیی خۆی هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تەواوبوونی سیانزەیەمین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئێران، دەرکەوت کە زۆربەی کۆمەڵگای

کوردی وەک بەشەکانی دیکەی وڵات، زیاتر لە نیوەی خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١-ی سەرۆککۆماریان کردووە و نزیکەی نیوەی بەشداربووانیش بەپێی ئەوەی کە پێشوەخت لە سەرکەوتنی ڕەئیسی دڵنیا بوون، بە ڕەئیسی دەنگیان داوە. لێرەدا جیاوازییەکی وەها لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێراندا نەبوو، بێجگە ڕێژەی کەمتری بەشداری و ئەوەی کە کوردەکان لە خولەکانی پێشوو زۆرتر دەنگیان بە ڕیفۆرمخوازەکان دەدا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە سەرۆککۆمارێکی بناژۆخواز و یەکدەستبوونی دەسەڵات لەژێر حوکمی ئسوڵگەراکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ دۆخێک دروست دەکات؟ هەلەکان و مەترسییەکانی پێش کورد چین و سیناریۆکان چین و چۆن دەبن؟

**پرسی کورد لە ئێران، ڕوانگەیەکی ئەمنی**

دوای چەند ساڵ لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، سیاسەت و دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی بەسەر دوو باڵی چەپ و ڕاستی حیزبی کۆماری ئێران کە دوایی بوون بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی و بناژۆخواز؛ دابەش بووە و زۆربەی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان لەنێوان بەربژێوانی ئەم دوو ڕەوتەدایە. بەڵام لەم هەڵبژاردنانەی سەرۆککۆماری و ئەنجومەنی شار و گوند (٢٠٢١) و هەروەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران و ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) لە ساڵی ٢٠٢٠، دەسەڵات بەتەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی هێزە بناژۆخوازەکان (ئسوڵگەرا).

هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩-ی ئێران و هاتنە سەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، زنجیرە پێکدادانی سەربازی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند و هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا. هێزە کوردییەکان ئەودەم داوای دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و هێز لە تەواوی ناوچەکانی وڵات و دیموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانیان دەکرد، بەڵام دەسەڵاتی نوێ لە تاران دیسان وەک سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی لەسەر ناوندێکی بەهێز لە تاران دامەزرابوو، نەک باوەڕی بە دابەشکردنی هێز نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئایدیۆلۆژیی دینی-شیعی، هیچ هێز و دەسەڵاتی دیکەی بە مەشرووع و ڕەوا هەژمار نەدەکرد و تەنانەت هەندێ جار ڕەنگی دەسەڵاتی نیمچەتۆتالیتاریانیزمیشی بەخۆیەوە گرتووە[١].

دوای چەند ساڵ شەڕ و پێکدادانی قورسی سەربازی و سەرکەوتوونەبوونی دانوستانەکان، تاران توانیی بە زبری هێزی سوپا و ئەرتەش لەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان زاڵ بێت و حیسابیش بۆ هیچ حیزب و لایەن و تاقمی کوردی نەکات، تەنانەت ئەوانەی کە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامییان هەبوو و زۆریش لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی تەبا بوون.

دەسەڵاتی ئێرانی و ئێرانیەت یان ناسیۆنالیزمەکەی، لە سەردەمی پاشایەتی بەملاوە تا دەگاتە کۆماری ئیسلامی، لەسەر سێ بنەمای سەرەکیی ئایینزای شیعە، زمانی فارسی و مێژووی کۆنی ئەفسانەیی ئێرانی دامەزراوە. لە کاتی حوکمڕانە جیاوازەکانیش، هەریەک لەو بابەتانە بەجیا بەها و ڕەنگدانەوەی زیاتری بووە بە نیسبەت ئەوانی دیکە.

نزیکەی چل ساڵە ئەزموونی سیاسەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت پرسی کورد، نیشانی دەدا کە ئەو پرسە وەک هێڵی سوورە و لە ڕوانگەیەکی سیاسی-ئەمنییەوە سەیر دەکرێت. ئەم تێڕوانینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاکی کورد ڕەنگە لە ڕووی شوناسەوە بەشێ لە مێژووی هاوبەشە لەگەڵ ئێران، بەڵام کورد خۆی خاوەن زمانێ سەربەخۆیە و زۆربەشیان لەسەر مەزهەبی شیعە نین، هەر ئەمە وای کردووە جیاوازی دروست ببێت و زۆربەی داواکاری و چالاکیی کوردەکان لەلایەن تارانەوە بە گومان و هەڕەشە لەسەر ئەمنی قەومیی وڵات هەژمار بکرێت و هەندێ جار بەتوندی بەرەنگاریی ئەو چالاکی و گۆڕانکارییانە ببنەوە.

عەلی یوونسی وەک وەزیری زانیاریی (ئیتلاعات) دەوڵەتی محەمەدی خاتەمی و جێگری فەرمانگەی ئەقوام و ئایینزاکانی سەرۆککۆماری حەسەنی ڕۆحانی ، پێی وایە قەیرانی داهاتووی ئێران پرسی ئەتنیکی (قەومی) و کۆمەڵایەتییە[٢]. بەهائەدین ئەدەب، نوێنەری پێشووی کورد لە پەرلەمانی ئێران لە قۆناغی دەسەڵاتی ئسوڵگەراکان، دەڵێت: لە ناوچە کوردییەکان گوشارێکی زۆر هەیە، بۆچوونی ئەمنی و سەربازی بەسەر کوردستان و کوردەکان چڕتر بووە و تەنانەت سەرۆکپارێزگا کوردییەکان هەر ئەم بۆچوونەیان هەیە و ئامادە نین هیچ کارێک بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری ئەنجام بدەن[٣]. زۆربەی بابەتەکان بە ئەمنی سەیر دەکرێ، بۆ نموونە هونەرمەندی کورد شارام نازری دوای 10 ساڵ گەڕایەوە زێدی خۆی لە کرماشان و کۆنسێرتێکی ساز کرد کە سوپای پاسداران و لایەنە بناژۆخوازەکانی دەسەڵات نارەزایەتیی خۆیانیان دەربڕی و کردیان بە مەلەفێکی سیاسی[٤]. تەنانەت چەند مانگ لەمەوبەر، نوێنەری ئایەتوڵڵا خامنەیی لە کوردستان بەڕوونی باسی ئەوە دەکا کە ڕێبەری ئێران پێی وایە پێویستە تێڕوانینی ئەمنی بگۆڕدرێ بۆ تێڕوانینێکی فەرهەنگی[٥]. هەر چەندە جیاوازیی بیری و تیۆری سیاسی لەنێوان ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی و بناژۆخوازدا هەیە، بەڵام لە پراکتیکدا هەردوو لەسەر ئەم ڕوانگەیە یەک دەگرنەوە.

لە کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران–عێراق و لە سەردەمی دەسەڵاتی هاشمی ڕەفسەنجانی، دیسکۆرسی زاڵ لە سیاسەتی دەوڵەتەکەی دەبێتە "economy-first"،

یان یەکەم ئابووری و بنیاتنانەوەی وڵات لەسەر گەشەی ئابووری. لێرەدا پرسی کورد و کەمینەکانی دیکە دادەبەزێ بۆ وەڵامێکی ئابووری و باشتربوونی ژیانی ماددی و ڕۆژانە، لە ئەنجامدا ئەگەر هاتوو دۆخی ئابووریی ئەو ناوچانە چاک ببێت، نارەزایەتییەکان کەم دەبنەوە و نەیارییەکان کەمتر و لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی یەکێتیی نیشتمانیی وڵات و هەڕەشەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەم شێوازەی مامڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد، لای زۆربەی توێژەرە ئێرانییەکان هەر وایە، ڕۆژهەڵات جیاواز لە پارچەکانی دیکە هەژمار دەکەن و پێیان وایە کورد لە ئێران ڕەنگە خولیای سەربەخۆییان بێت، بەڵام لە واقیع نە بزاڤی سیاسی و حیزبەکان بەشوێن ئەوەوەن و نە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات وەهایە، لای کۆمەڵگای کوردی ئێران ئەولەویات شتانی دیکەیە[٦] کە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئابووری، لە سەردەمی دەوڵەتی خاتەمی و بگرە تا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کات ئەو وەبەرهێنان و گەشەی ئابوورییە لە ڕۆژهەڵات ڕووی نەدا، هێشتا پارێزگا کوردییەکان لە ئامارەکاندا لە بەشی پارێزگا هەژارەکان هەژمار دەکرێن، بەتایبەت کرماشان و ئیلام و کوردستان.

هەموو ساڵ بە کۆکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و ئاماری هەڵئاوسان، ئیندێکسی بەدبەختی لە ئاستی پارێزگاکانی ئێران بەفەرمی لەلایەن سەنتەری ئامار بڵاو دەبێتە. ئەمساڵ دوو پارێزگای کرماشان و کوردستان هەردووی لە ئاخری ڕیزبەندییەکەدا بوون[٧] و خراپیی دۆخی ژیانی ڕۆژانە و ئابووری لە کوردستان بەڕوونی دەردەخات. لەسەر ڕێژەی بێکارییش کە نزیک لە سەددا بیستە، هەرسێ پارێزگا کوردییەکەی کوردستان، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە بەشی خواری ئامارەکاندا و دۆخی نالەباری ئابوورییان بەڕوونی دەردەکەوێت[٨].

## دۆخی ئێران بەگشتی

بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن زیاتر لە نیوەی دەنگدەران، نیشاندەری ئەو نارەزایەتییە قووڵەی کۆمەڵگای ئێرانی بوو کە دەرئەنجامی بەتایبەتی خراپی و ناسەقامگیریی باری ئابووریی وڵات و گرانیی ڕۆژانە (بۆ چەندین ساڵ ڕێژەی هەڵئاوسان نزیک لە سەددا ٤٠ دەبێت) و نەبوونی ئازادیی سیاسی و مەدەنی، زاڵبوونی تێڕوانینی ئەمنی بەسەر وڵات و... هتد، هەمووی بووە هۆکار بۆ قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی ناوخۆیی وڵات و زیادبوونی نارەزایەتی و خۆپیشاندان. بۆ نموونە: نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩ و ٢٠٢١[٩] کە زۆربەیان لە سەرەتا بۆ گرانی و بێکاری (ڕێژەی بێکاری: ٩.٦%)[١٠] و خراپیی دۆخی ژیان دەستی پێ دەکرد و لە ئاخردا دەبووە دژایەتیی سیستم و داواکاری بۆ

گۆڕینی دەسەڵات[11] [12]. داواکاریی کوردیش لەم دۆخەدا نەک وەڵام نادرێتەوە، بگرە بە توندترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەک ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی کرماشان و جوانڕۆ و مەریوان بەتوندی خۆپیشاندانەکان سەرکوت کران و کوژراو و برینداریشی لێ کەوتەوە.

لە بابەتی سیاسی، ڕیفۆرمخوازان بەتەواوەتی لە ساحەی سیاسی دوور خراونەتەوە و دەسەڵاتەکان بەتەواوی لە دەست بناژۆخوازانی نزیک لە بەیتی ڕێبەری و سوپای پاسداران و دامەزاوەکانی دادوەرییە. ئەم دۆخە نوێیە نیشاندەری ئەوەیە کە حکومەتی ئێران خۆی ئامادە دەکات بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە وڵاتدا کە ڕەنگە زیاتر لەبەر دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ ڕێبەری نوێیە، کە بەپێی تەمەنی (٨٣ ساڵ) هەر ئەگەرێک لەپێشە، دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازی دەیانەوێت لە وەها دۆخێکدا کونترۆڵی تەواویان بۆ پێشهاتە نادیارەکان، بەتایبەت خۆپیشاندانی خەڵک کە لە بێمتمانەیی بە دەسەڵات گەیشتووەتە لوتکە. ئایەتوڵڵا خامنەیی لە تازەترین قسەیدا قبووڵی ئەو ڕاستییە دەکات و دەڵێت: "متمانەی خەڵک گەورەترین سەرمایەی حکومەتە کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆر زیانی لێکەوتووە"[13].

لە بابەتی سیاسەتی دەرەوە، بەپێی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، سزا و گەمارۆی تەواوی لەسەرە، نەوت بەفەرمی نافرۆشێ و هەمووو ئابووریی تێکەڵاوی بازاڕی ڕەش و قاچاخ بووە، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی نەختینەی پارەی بانکی ناوەندی دابەزیوە بۆ ٤ میلیارد دۆلار[14] کە ئاستێکی زۆر مەترسیدارە. لەم چەند ساڵەدا ئیسرائیل بەئاشکرا لە ئێران جاسووسی و تیرۆر و بۆمبارانی ئەنجام داوە، هێشتا دەوڵەت نەیتوانیوە پێشی بگرێ. پەلهاویشتنی سەربازی تا دەریای ناوەڕاست و یەمەن بارگرانی و گوشارێکی زۆری لەسەر دەوڵەت دروست کردووە، بەڵام ئێران هیچ کات گۆڕانی بنەمایی لە سیاسەتی ناوچەی خۆی نەکردووە.

### ئێران و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان

پێویستە لە ساحەی گەورەتر لە سیاسەتی ناوخۆیی ئێران سەیری پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بکرێت و بەتایبەت پەیوەندیی ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی هەیە لە سیاسەت و ئابووری و تا ڕادەیەکیش مەلەفی ئەمنیی ڕۆژهەڵات. ڕاستی ئەوەیە دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت گەشە و پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام و شەڕی داعش و ڕیفراندۆم، بووە هۆی دووبارە گڕسەندنەوەی هەستوسۆزی کوردایەتی و سازبوونی زیاتری

باوەڕمەندیی تاک و کۆمەڵگای کوردی بە خۆیەوە. بە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم، خەڵکی ڕۆژهەڵات لە زۆربەی شارەکان بە شیرینی ڕژانە سەر شەقام و بە شایی دەربڕین، وەک دەستکەوتێ نەتەوەیی سەیریان دەکرد. ئەودەم دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران نەک تەنیا ئیدانەی کرد کە بە ڕاستەوخۆ سیاسەتی دژایەتیی بە نیسبەت هەرێم گرتە پێش. لێرەدا دابەشکاریی کۆمەڵایەتی لە بابەتی شوناسی کوردی-ئەوی دیکە؛ تۆختر بوویەوە، بەتایبەت دوای گرتنەوەی کەرکووک بە دەست بەغدا. بێهیواییەکی تەواو کۆمەڵگای کوردی دەگرێتە بەر و  بە نیسبەت چارەسەری دیموکراتیک و ئاشتییانەی پرسی کورد، بۆ داهاتووی نادیار دیسان دوا کەوت و هەموو شت بەدەست قەدەری نادیار سپێردرا.

کۆمەڵگای کوردی لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران بە چەند لایەن دابەش دەبن: ١. ڕیفۆرمخوازەکان، ٢. بناژۆخوازەکان، ٣. ئیسلامییەکانی بەفەرمی ناسراو (وەک جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران)، ٤. ئیسلامییەکانی دژ بە نیزام، ٥. ئۆپۆزسیۆن سکۆلار دژبەری نیزام (دیموکرات و کۆمەڵە و...)، ٦. بێلایەنەکان.

بێجگە لە ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازە کوردەکان، هیچ لایەنێکی دیکە لە ساحەی سیاسیی ئێران ڕێگەپێدراو نین. سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بە نیسبەت حیزبە کوردییەکان، ئۆپۆزسیۆن لە ڕێگای داپڵۆسان و دوورخستنەوە لە سنوورەکان و کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوە دەچێت تا هێزیان بتوێننەوە و بەرەو لاوازیی تەواویان ببەن. بەشێکی زۆری کورد لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ساڵی ١٩٩٧، بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ دەنگدان بە محەمەد خاتەمی بەشدارییان کرد. بەڵام دیسان کاتی دابەشکردنی پۆست و هێز و سامانی وڵات، تا ڕادەیەکی زۆر بێبەش کران. گەرچی ئەو ڕۆژنامە و ڕێکخراوی مەدەنی و ئەدەبییانەش کە لەو دەمەدا دامەزران، تاڕادەیەک بوونە دەستکەوتی بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنەکان کە پلانی فەرمیی ڕیفۆرمخوازان بوو بۆ هەموو ئێران و بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتخوازی لە ناوەندەوە دژ بە بەرژەوەندییەکان و هێزی بناژۆخوازان بوو، بەڵام ئەوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان یەک لەدوایەک ڕاگیران و هەڵوەشێنرانەوە.

لەم چەند ساڵەدا کە دەسەڵاتی ناوەندی دووچاری قەیرانی ڕەوایی بووە، فەرهاد ئەمین پوور نووسەر و ڕۆژنامەنووس، دەڵێت: هەردوو لایەنی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازی تووشی قەیرانی شەرعیەت هاتوون، هەر بۆیەش پێویستە کورد بە مەبەستی بەدواداچوونی بۆ داواکاری و مافی خۆی؛ بیر لە دۆزینەوەی ڕێگای تازە بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە

شێوەی ڕاستەوخۆ لە ساحەی سیاسیی ئێراندا قورسایی هەبێت[١٥]. دەنگدان بە ڕەئیسی بەپێی ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەر لە شەش مانگی پێشەوە دیار بوو، بە نیسبەت کورد بێمنەتیی پێوە دیارە بەتایبەت کە بەپێی ڕێژەی زۆری بایکۆتی هەڵبژاردن، لەوە دەچێ دەوڵەتی نوێ ئاوڕێکی وەهاش بەسەر کوردستان نەداتەوە. بۆ نموونە: پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان و خوزستانی عەرەب، پارێزگاری تایبەتیان بۆ دادەنرێت تا کێشە و گرفتەکانیان خێراتر چارەسەر ببێت، بەڵام هیچ پارێزگایەکی کوردی ئەوەی بۆ دانەنراوە.

لەم دۆخەشدا کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانیش بەگشتی زۆر ئەتۆمیزە (atom-ized) بووە، یانی خەڵک پەرتەوازە بوون و لە کۆمەڵگا بۆیان ناکرێت هاوپەیمان بن لەگەڵ یەك بۆ گۆڕان یان ڕووخانی دەسەڵات، کێشەکان ئەوەندە زیادی کردووە، هەر کەسە و تەنیا خەمی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەتی.

## هەلەکان بۆ کورد

پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، ڕەئیسی لە سیاسەتی ڕاگەیەنراوی خۆیدا، لە کاتی سەردانی فراکسیۆنی سوننەی پەرلەمان کە جەلالی مەحموودزادە نوێنەری شاری مەهابادە؛ سەرپەرشتیی دەکات، گفتوگۆ و بەڵێن دراوە لەسەر ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی ناوچە ئیتنیکی و ئایینییەکان و خوێندن و دامەزراندنی گەنجانی سوننە و دیاریکردنی بەرپرسانی سوننە لە پۆستە سەرەکییەکان و هەروەها پتەوکردنی سنوورەکان و دووبارە کردنەوەی سنوورەکان[١٦]. بەرپرسی کورد لە دەوڵەتی نوێدا بوونی هەیە، بەڵام بەبێدەنگی. لە دەوڵەتانی پێشوو هەمیشە یەک یان دوو وەزیری کورد لە ئایینزای شیعە لە کابینەی حکومەتدا هەبوون و بە برایانی کوردی ئێمە باسیان دەکردن، وەک بیژەن نامداری زەنگەنە لە چەند دەوڵەتدا وەزیر بووە، عەبدوڵا ڕەمەزانزادە وتەبێژی دەوڵەتی خاتەمی... و چەندین وەزیری بە ڕەچەڵەک کوردی دیکەش تا ئێستا لە دەوڵەتدا هەبوون، بەڵام سەیر ئەوەیە لە کابینەی ڕەئیسیدا، وەزیری کورد (حوجەت عەبدولمەلکی) هەیە، بەڵام ناڵێن کوردە و نەک ڕەچەڵەک، کە شاری لەدایکبوونی بۆ هەژمار دەکەن[١٧]. ڕەنگە بەپێی کاریگەریی هێزە سەربازییەکانی سوپا و گرووپ و تاقمی بناژۆخوازەکان لە پاڵپشتی دەوڵەتی ڕەئیسی بۆ سەرکەوتنی بەرنامە و سیاسەتەکانی، لە ناوچە کوردییەکانیش بە دانانی بەرپرسانی کوردی ناوچەکان لە دەزگا و فەرمانگە فەرمییەکان وەک پێشوو ئیدامەی هەبێ. سوپای پاسدار لە بابەتی کۆڵبەری و سنوورەکان کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی بەشی لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی نوێ بدات، کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە دۆخی ئابووریی کوردستان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک.

بەڵام لە بابەتی سیاسی و فەرهەنگیدا بەپێی هەڵسوکەوتی پێشووی ڕەوتی ئسوڵگرایی، لەوە دەچێت دۆخەکە بەرەو داخستنی زیاتر هەنگاو بنێت و چالاکییە مەدەنییەکانیش گوشاری زیاتریان بخرێتە سەر و هەزینەی ڕەخنەگرتن و چالاکیی سیاسییە سەربەخۆکان (موستەقل) سەخت و زیاتر بێت.

**سیناریۆکان**

بەهێزترین سیناریۆ، گەڕانەوەی ئێران بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمیی "بەرجام"ە. دەوڵەتی ڕەئیسی هەر چەندە لای هێزە پاڵپشتەکانی ڕەنگە ڕەخنەشی لێ بگیرێ، بەڵام ئەودەم ئێران ڕۆژانە نزیک لە دوو ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و ڕۆژانە سەدان ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت. دەسەڵات دەتوانێ لە قەیرانی ئابووری و گرانی و گوشاری سەر خەڵک کەم بکاتەوە و دەست بە بەرهەمهێنانی نوێ بکات، ئەودەم ڕەنگە ناڕەزایەتییەکان کەمتر ببێتەوە و بۆ کونترۆڵی دۆخی کۆمەڵگا پێویستی بە دەستبردن بۆ سەرکوتی سەربازی و توند نەبێت. پاساوی ئەم سیاسەتە یەکەم ڕاستیی خراپی و قەیرانی قووڵی ئابووریی وڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هەڕەشە لەسەر سیستم و هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ فەتوای ئایەتوڵڵا خومەینی وەک بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەڵێت: "پاراستن و مانەوەی حکومەتی ئیسلامی لە هەموو واجبێکی شەرعی واجبترە" (حفظ نظام اوجب واجبات است)[١٨].

دەوڵەتی ڕەئیسی نەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمیی "بەرجام": لە ئاوەها دۆخێکدا سزا و گەمارۆکان لەسەر ئێران دەمێنێتەوە و دۆخی پڕ لە قەیرانی ئابووریی وڵات بەرەو بارگرانیی زیاتری ژیانی ڕۆژانە و دارمانی ئابووری دەڕوات. دۆخی ئابووری و بەدوای ئەودا شیرازەی کۆمەڵایەتیی وڵاتیش تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو تێکچوون دەچێت. لەم دۆخەدا کۆمەڵگا تەنیا بە چاودێریکردنێکی پۆلیسی و زبریی هێزی سەربازی کونترۆڵ دەبێت و دەسەڵاتی ناوەند چون ڕێگای دیکە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات بەدی ناکات، ئەودەم سیاسەتی توند بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لەپێشی دەگرن.

دۆخی سەلامەتی یان مەرگی ئایەتوڵڵا خامنەیی بەپێی تەمەنی کە لە دەیەی نۆیەمی ژیانیدایە، یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانە کە دەتوانێ گۆڕانکاریی تایبەت بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان بهێنێتە کایەوە. بوونی ئایەتوڵڵا خامنەیی وەک ڕێبەرێ کە زیاتر لە سێ دەیەیە هەموو جومگە و بەشەکانی هێز و سیاسەت لەژێر دەستی خۆیدایە و هەژموونی تەواوی لەسەر سیاسەت و حوکمڕانیی ناوخۆیدا بەپێی ئایدۆلۆجی و یاسای وەلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ نواندووە و هەموو هێز و لایەنێک بۆ مانەوەیان پشت بە ئەو دەبەستن.

یەکدەستی و سەقامگیریی دەسەڵاتی ناوەندی تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی باری تەندروستی و بوونی ئایەتوڵڵا خامنەای لە ژیاندایە، تێکچوونی باری سلامەتی و نەبوونی بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەری نوێ، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ڕەنگە بەهێمنی زەحمەت بێت، کاتێک نارەزایی توندی ناوخۆیی و فشاری قورس و ئیفلیجکەری دەرەکی و شەڕی دەسەڵاتی گرووپ و تاقمە بەشداریکەرەکانی دەسەڵات بوونیان هەیە کە هەر کامیان لە پێناو هێز و بەرژەوەندیی خۆیاندان[١٩]، لە وەها دۆخێکیشدا ڕەنگە دەسەڵات بەرەو ڕووخانیش بڕوات، بەڵام جێگرتنەوەی بە دیموکراسی، پێویستی بە کۆمەڵگای مەدەنییە. بە پەرتەوازەیی و لاوازیی کۆمەڵگای مەدەنی، تەنانەت ئەگەر گۆڕانی ڕژێمیش ڕوو بدات، لە گۆڕانێکی ڕووکەشی و فەرمی تێپەڕ نابێت، بەڵکوو ڕەنگە هێزێکی دیکە لە ناوەڕۆکی سیستمی کۆماریی ئیسلامی دەست بەسەر وڵاتدا بگرێت[٢٠]. ڕەنگە لە وەها دۆخێکدا حیزبەکان کە هێزی چەکداریان هەیە، بەپێی دروستبوونی بۆشاییەکان لە ناوخۆی وڵات دۆخەکە بۆ چالاکییان ڕەخساوتر بێت.

**ئەنجام**

پرسی سەرەکی و سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریی ڕاستەقینە لە دەسەڵات، دابەشکردنی دادپەروەرانە و یەکسانی هێز و سەروەت و سامانی وڵات، نەمانی جیاکاریی شارومەندی و لەسەرووی هەموویانەوە مافی چارەی خۆنووسین، هەر هەمووی گرێ دراوە بە داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە یان دەبێ حکومەت ڕیفۆرمێکی بنەمایی لە ئایدیۆلۆجی و سیاسەت و یاسا و دەمودەزگای بەڕێوەبەری وڵاتدا ئەنجام بدات، یان دەسەڵاتی نوێ بێتە سەرکار، یان تێکچوونی وڵات بۆ داهاتوویەکی نادیار.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێرانی چاوسوورتر کردووە و لەسەری گرەو دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە گراهام فوولر لە کتێبەکەی بە ناوی "ناوەندی گەردوون: جیۆپۆلەتیکی ئێران[٢١]" باسی دەکات و گرنگیی جیۆپۆلەتیکی ئێران وای پێ کردووە کە لە کاتی لاوازییشدا زلهێزەکان بیپارێزن و پێشی دابەشکردنی  بگرن و هەندێ جاریش پاڵشتی دەکرێت لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هاوسەنگیی ناوچەیی. گرەوی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەمەریکایە، پێیان وایە لەمەبەدوا نایەوێت دەستتێوردانی سەربازی لە ناوچەکەدا بکات و تەنازولیش دەکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی نوێ و ئێرانیش دەستی واڵاترە لە سیاستی ناوچەیی خۆیدا و ئیسرائیلیش لە نەبوونی ئەمەریکادا ورەی هەڕەشە و ئۆپەراسیۆنی دژ بە ئێرانی نامێنێ. سێیەم گرەوی کۆماری ئیسلامی لەسەر دروستنەبوونی

نارەزایەتیی گەورە و مەترسیداری جەماوەرییە بۆ گۆڕان یان ڕووخانی دەسەڵات لەبەر ئەو کونترۆڵی ئەمنی تەواوەتی بە هەموو قەیرانەش کە هەیەتی. چوارەمین گرەو لەسەر ئابوورییە و پێیان وایە ئێران دەتوانێ نەوت و غاز هەناردە بکات و دۆخەکە تێپەڕێنێت و بارگرانیی سەر خەڵک و نارەزایەتییەکان کەم بکاتەوە. گرەوی پێنجەم لەسەر یەکدەستی و یەکدەنگیی ئسوڵگەراکان و ناوەندەکانی هێز بۆ کاتێک کە ڕێبەری نوێی ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست. هەر هەمووی ئەم گرەوانە وەک شمشێری داموکلسە، بەو مانایە هەر کام لەم گرەوانە بگۆڕدرێت ڕەنگە قەیرانەکان بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوندە مەترسیدار بن کە کۆنترۆڵیان نەمێنێت و ئێران بەتەواوی تێک بخوا و شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەدەست دەرچێت.

سەرچاوەکان:

(1) https://muse.jhu.edu/journals/jod/summary/v016/16.4milani.html, A Historical Perspective Abbas Milani

(2) www.bbc.com/persian/iran/2009/05/090512_mf-ir88-aalami

(3) www.radiofarda.com/a/f7_Iran_Ahmadinejad_Political_Revenue/399192.html کارنامه دو ساله احمدی نژاد؛ دولت و آزادی های مدنی

(4) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2905201423 کۆنسێرتێکی نازری نارەزایەتیی سوپای پاسدارانی لێ دەکەوێتەوە.

(5) https://kurdpress.com/fa/news/4131/ تبدیل نگاه امنیتی به فرهنگی در کردستان از تاکیدات رهبری است

(6) https://fa.shafaqna.com/news/347181/ آینده بهتر در انتظار کردهای منطقه/ جعفرحق‌پناه

(7) www.amar.org.ir/ درگاه آمار ایران

(8) www.amar.org.ir/ درگاه آمار ایران

(9) https://www.bbc.com/persian/iran-57909705

(10) www.amar.org.ir/ درگاه آمار ایران

(11)https://www.rferl.org/a/iranians-rally-in-support-of-protesters-sentenced-to-death/30732083.html

(12)https://www.nytimes.com/2019/12/01/world/middleeast/iran-protests-deaths.html

(13) https://farsi.khamenei.ir/news-content?id=48573 نخستین دیدار هیئت دولت سیزدهم با رهبر انقلاب

(14) https://www.iranfocus.com/en/economy/46772-irans-government-has-just-4-billion-in-gross-official-reserves/

(15) http://gorannews.ir/kurdi/1398/11/11/ هەردوو ڕەوتی سیاسیی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز تووشی قەیرانی شەرعیەت هاتوون.

(16) https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/03/20/2518314/ ناگفته‌هایی از دیدار علمای اهل سنت با رئیسی/علمای اهل سنت دیدگاه مثبتی به آیت‌الله رئیسی دارند.

(17) https://www.farsnews.ir/news/14000520000579/ رئیسی فهرست وزرای پیشنهادی دولت سیزدهم را به مجلس معرفی کرد+ سوابق

(18) http://www.imam-khomeini.ir/fa/c76_15369 چه واجبی واجب تر از...

(19) https://www.radiofarda.com/a/khamenei-and-finding-next-supreme-leader/29985269.html

(20) https://www.radiofarda.com/a/commentary-on-why-no-revolution-going-to-happen-in-Iran/29726929.html مهدی خلجی چرا در ایران انقلاب نمی شود

(21) The center of the universe : the geopolitics of Iran, Boulder, Colo. : Westview Press, 1991, Graham E. Fuller.

# بەڕێوەبردنی ڕووسیاییانەی قەیرانی سووریا و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان



ژیلوان لەتیف یارئەحمەد
توێژەر



### بەرایی

پاش تێپەڕبوونی یازدە ساڵ بەسەر شەڕی سووریا و یەکلاییبوونەوەی ڕێژەیی بەشێك لە ململانێی هێزەکانی بەشدار لەو قەیرانەدا، ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرکەوتنی ڕووسیایە کە توانیویەتی بە بەڕێوەبردنی کێشەکان و نێوانگیری لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان بەتایبەتی تورکیا، سووریا و کورد و هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی؛ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان ئاراستە بکات و دۆخێك بهێنێتە کایەوە کە هیچ لایەنێك نەتوانێت بەبێ ڕێککەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیا، بیر لە جێبەجێکردنی نەخشەی سیاسیی تایبەت بە خۆی بکاتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە کە حکومەتی سووریا سەرباری هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئێران؛ زیاتر گوێڕایەڵی ڕووسیا بێت. تورکیا بۆ پشتێنەی ئەمنی، دواجار ناچار بێت ڕووسیا قایل بکات و کوردیش زیاتر لە ئەمەریکا ئومێدیان بە پشتگیریی ڕووسیا بێت. هەر بۆیە ڕووسیا سەرباری ئەوەی خاڵی بەهێز و یەکلاکەرەوەیە لە پاراستنی حکومەتی سووریادا، لە ئێستادا بە هۆی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، وەک فریادڕەسێک بۆ پاراستنی هاوسەنگیی کورد و لایەنەکانی تر لەنێوان قەیرانی سووریادا بەدیار کەوتووە. لەم سۆنگەیەوە هەوڵ دەدەین ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ڕووسیا لەسەر قەیرانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بکەین.

### ستراتیژی دەرەوەی ڕووسیا لەدوای ساڵی ٢٠٠٠-ەوە

پوتن لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا سیستمی نوێی جیهانیی تاک جەمسەری ڕەت کردەوە، لەو ڕووەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ڕێک خستەوە کە پێشتر دژی سۆڤیەت بوون، هاوکات لەگەڵ تورکیا، میسر، سعودیە، ئێران و ئیسرائیل پەیوەندییەکانی بەهێزتر کرد و بەپێی توێژینەوەیەکی "ئاژانسی ئارناشیست" لەساڵی 2005 بۆ 2007، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ڕووسیا گەڕایەوە پێگەکەی خۆی[١].

لە ئاستی هەرێمیدا پوتن بە ئاراستەی دوورخستنەوەی مەترسییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لەسەر وڵاتەکەی و دوورخستنەوەیان مانۆڕی کرد، هەوڵی دا هەژموونی خۆی لە وڵاتانی نزیک سنوورەکانی بسەپێنێت، بەتایبەت کە پێگەی ڕووسیا تێیدا لاواز بوو. یەکێک لە هەنگاوەکانیشی بە ئاراستەی جۆرجیا و ئۆکرانیا بوو کە پێگەیەکی جیۆسیاسیی بەهێزیان هەیە و هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا[٢]، بەڵام پوتن لە ڕێگەی گرووپە جوداییخوازەکانەوە هەوڵی دا هەژموونی ڕووسیا لەو وڵاتانە بسەپێنێت، دواتر "نیوەدوورگەی قرم"ی خستە سەر وڵاتەکەی، ئەوەش ڕێگر بوو لەوەی جارێکی تر "شۆڕشی پرتەقاڵی" لە ئۆکرانیا سەر هەڵبداتەوە، نوێنەرەکانی خۆی نارد بۆ قرم تا حکومەتێک پێک نەهێنرێت کە خواستی سەرمایەداری و مەیلی خۆرئاوایی هەبێت[٣].

لەم قۆناغەدا کرملن ویستی ئەوە پیشانی ئەمەریکا و جیهان بدات کە توانای گۆڕانکاریی گەورەی هەیە، ئەوە بوو لە ٣١ی ئۆگەستی ٢٠٠٨ ڕووسیا دەستوەردانی سەربازیی لە جۆرجیا کرد وەک ئاڵنگارییەک بۆ ئەورووپا و ناتۆ لە ناوچەکە و تا ئەندازەیەک سەرکەوتوو بوو[٤].

**گۆڕانی قەیرانی سووریا بۆ ململانێی چەکداری**

لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا، توندوتیژی و دیاردەکانی خۆپڕچەککردن لەسەر دۆخی گشتیی وڵاتەکە ڕەنگی دایەوە بەتایبەت لەلایەن هۆز و عەشایرەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، دوای ئەوەی سوپا بە هێز هەوڵی سەرکوتکردنی ناڕەزاییەتییەکانی دەدا. لە 9ی جونی ٢٠١١دا، ئەفسەر حسێن هەرمووش بە ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی خۆی لە سوپای سووریا؛ لیوای ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی دامەزراند، دواتر ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر لە سوپای سووریا جیا بوونەوە و گرووپی چەکدارییان دروست کرد، ڕۆژانە شەڕ و پێکدادان ڕووی دەدا. بەردەوامیی توندوتیژیی دەسەڵات بەرامبەر خۆپیشاندەران، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی قەیرانی سووریا سەر بکێشێت بۆ ململانێی چەکداری و خوێناوی[٥].

پاش دروستبوونی گرووپی چەکداری، شەڕ و پێکدادان پارێزگاکانی سووریای گرتەوە، سوپاش بەتەواوی دابەش بوو. دواتر لە 29ی جولای ٢٠١١دا سوپای سووریای ئازاد لەلایەن ڕیاز ئەسعەدەوە دامەزرا کە سەرجەم ئەو ئەفسەرانەی لەخۆ دەگرت کە ڕەتیان کردبووەوە بەرامبەر خۆپیشاندەران چەک هەڵبگرن[٦].

لەم هەلومەرجە شدازەمینەی دەستوەردانەکان ڕەخسا، سەرنەکەوتنی چارەسەری ئاشتییانە بۆ قەیرانی سووریا، بەتایبەت کە هەریەکە لە ئێران، ڕووسیا و چین پاڵپشتیی مانەوەی بەشار ئەسەدیان دەکرد، لە لایەکی تریشەوە هەریەک لە ئەمەریکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، تورکیا و سعودیە خواستی لێخستنیان هەبوو.

لێکەوتەی قەیرانی سووریا؛ هاتنەئارای گرووپە تیرۆریستییەکان بوو بەتایبەت گرووپی داعش کە لە ساڵی 2013 ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی حەلەب، ئیدلب، ڕەقە و دێرەزوور کۆنترۆڵ کرد، نزیکەی 35%ی خاکی سووریایان بەدەستەوە بوو. جگە لەوەش بەرەی نوسرە کە سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە بوو، لە سووریا دروست بوو، بەمەش سووریا بووە ناوەندی گەشەکردنی مۆدێلی نوێی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان[٧].

**ئامانجەکانی ڕووسیا لە قەیرانی سووریا**

پاڵپشتییەکانی ڕووسیا بۆ سووریا لە دەستپێکی قەیرانەکەوە، تەنها ئامانج لێی هاوکاریی مرۆیی نەبووە بۆ ئەو وڵاتە، بەڵکوو هاوکارییەکان کۆمەڵێک ئامانجی تری لە پشتەوە بوو، زۆربەشی لە بەژەوەندیی وڵاتەکەی بەکاری هێناوە، ئێمە لەم باسەدا ئامانجە سیاسی، سەربازی و ئابوورییەکانی ڕووسیا لە سووریا دەخەینە ڕوو کە بە درێژایی قەیرانی سووریا هەوڵی بۆ داوە.

- **ئامانجە جیۆسیاسییەکان**

چەندین هۆکار لەپشت ئامادەبوونی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیارترینیان هێشتنەوەی بارودۆخی ئێستای پەیوەندییەکانیەتی، هەروەها بەرگریکردن لەو ڕژێمانەی کە ئێستا لەسەر حوکمن، ئەویش لە پێناو سەقامگیریی ئەمن و ئاسایش، بە واتایەکی تر: ڕووسیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەناو سیستمی حوکمڕانیدا دروست دەبێت، نەك لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی نارەزایەتییەکانەوە لە وڵاتانی ناوچەکە بەرپا ببێت[٨].

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بەرنامەیەکی ستراتیجیی دوورمەودا پەیڕەو دەکات، کاتێک ڕووسیا لە قەیرانی ئۆکرانیادا ڕۆژئاوا دژی دەوەستانەوە، دەبوو لە ناوچەیەکی دیکە قەرەبووی بکاتەوە، ڕووسیا دەیەوێت بنکە سەربازییەکەی لە تارتوس و سیستمی ڕادارەکانی دژی ناتۆ و تورکیا بپارێزێت[٩].

فاکتەری تیرۆر هۆکارێکی تری ئامادەیی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو واتایەی شەڕ لە دژی تیرۆر و ڕێگری لە کردەوەی تیرۆر لەبەرامبەر مۆسکۆدا، بەتایبەت بوونی گرووپە توندڕەوەکانی باکووری قەفقاز کە ئەزموونی کردەی چەکدارییان لە عێراق و سووریادا هەیە، ڕووسیاش لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئامادەیی سەربازیی خۆی لە سووریا، پەیامێک بۆ ڕای گشتی بنێرێت کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سنوورەکانی، ڕووسیا لەبەردەم هەڕەشەی ڕاستەوخۆی گرووپە جیهادی و ئیسلامگەراکاندایە[١٠].

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕووسیا گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، هەر بۆیە ڤلادمێر پوتن قەیرانی سووریا و پێگەی وڵاتەکەی بەکار هێنا تا هێزی خۆی بەرامبەر ئەمەریکا پیشان بدات، چونکە بە هۆی پێگەی جیۆستراتیژی و جیۆئیکۆنۆمیی سووریا کە درێژ دەبێتەوە بۆ دەریای سپیی ناوەڕاست و گەیشتن بە تورکیا، لوبنان، ئیسرائیل و عێراق، ئەوە وا دەکات ئەو ناوچانە بۆ ڕووسیا قووڵایی ستراتیژیی هەبێت و بەئاسانی دەستبەرداری نەبێت و گۆرەپانەکە بۆ ئەمەریکا چۆڵ نەکات[١١].

لە لایەکی ترەوە کەمبوونەوەی کاریگەریی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووسیا بەدوای پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیەتی تا وەکوو هێزێکی گەورە خۆی نیشان بدات. مۆسکۆ وای دەبینی ئەمەریکا دەیەوێت نەخشەی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت، بۆ ئەوەش واشنتۆن سووریای وەک ناوچەیەکی نموونەیی دەبینی و ڕووسیاش کە پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ سووریا هەیە؛ لە هاوپەیمانەکانی دوور بخاتەوە، ڕووسیاش هەستی بەوە کردبوو بە ڕووخانی حکومەتی ئەسەد ناوچەکە لەدەست دەدات و ئەمەریکا نزیک دەبێتەوە لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست، هەر ئەوەشی بە مەترسی بۆ سەر وڵاتەکەی دەبینی، لەم سۆنگەیەوە ڕووسیا ئامانجی ئەوە بوو کە پارێزگاری لە هاوپەیمانەکانی

بکات لە ناوچەکە، یاخود وەک ئەوەی لاڤرۆڤ لە کۆڕبەندی برۆکسل بە بەشداریی وەزیرانی دەرەوەی پەیمانی سەنتۆ ڕایگەیاند کە چیدی مۆسکۆ خواستی گۆڕانی شکڵی نییە و دۆستەکانی لەبەردەم دۆخی نەخوازراوی قەیرانی سووریادا بێ مەرج دەپارێزێت(١٢).

لە جووڵە و نیازەکانی واشنتن، ئیدارەی مۆسکۆی لە باری شپرزەییدا هێشتبووەوە، هەر بۆیە بەهۆی ڕەخساندنی زەمینەی جموجووڵە چەکدارییەکان، ڕووسیا بەخێرایی دەستوەردانی لە قەیرانی سوریادا کرد، پۆتن بەئاشکرا بانگشەی ئەوەی دەکرد بە کەوتنی "ئەسەد"، ئەمەریکا و وڵاتانی خۆرئاوا هاوپەیمانەکانی تریشی دەڕووخێنن، بەتایبەت ئێران کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ڕووسیایە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا هێڵی بەرگریی یەکەمی بەرامبەر وڵاتانی خۆرئاوا لە ناوچەکە بڕووخێت و نائارامیی سیاسی و ئەمنی لە سنوورەکانی ڕووسیا نزیک بێتەوە.

خەونی گەیشتن بە"ئاوە گەرمەکان" لای ڕووسەکان کۆنە، بۆیە کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد لای ڕووسەکان لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکرا وڵاتەکەیان لە ناوچەی ئاوە گەرمەکان گەمارۆ دەدرێت کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان، هاوکات پێگەی سووریا نزیکیی لە جۆرجیای سەر بە قەوقاز کە ناوچەی جێی ململانێی ڕووسیا و ئەمەریکایە، لە ڕووی جیۆسیاسییەوە گرنگیی زۆرە و جێی بایەخە، چونکە ڕووسیا لەو ناوچەیەوە ڕووبەڕووی وڵاتانی خۆرئاوا دەبێتەوە و ڕێگری دەکات لە هەژموونی ئەمەریکا و ناتۆ لە ناوچەکە.

- **ئامانجە سەربازییەکان**

دەستوەردانی سەربازیی ڕووسیا بەپێی لێدوانی فەرمیی وەزارەتی دەرەوە کە لە ٢١ی ئۆگەستی ٢٠١٧دا بڵاو کراوەتەوە، بەئامانجی پارێزگاریکردن بوو لە بنکەی دەریایی "گرگوس" لە سووریادا کە تاکە بنکەی دەریایی ڕووسیا بوو لە دەریای ناوەڕاست، کە بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد پێگەی جیۆستراتیجیی ڕووسیا لە ئاوەکاندا دەکەوتە مەترسییەوە، وێڕای ئەوەش "گرگوس" بنکەیەکی سەرەکی بوو بۆ پڕچەککردنی سەربازە ڕووسەکان و کۆمەکی فڕۆکە سەربازییەکانی لە ناوچەکەدا، جگە لەوەش بنکەکە بۆ پارێزگاریکردن لە جووڵە بازرگانییەکانی ڕووسیا لە حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاستدا بایەخێکی بەرچاوی هەیە(١٣).

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕووسیا، بەهێزکردنی پێگە سەربازییەکەیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی 2015دا داوای لە سووریا کرد بنکەی ئاسمانیی "حمەیمیم" لە پارێزگای لازقیە بەکار بهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر گرووپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەم هۆیەوە هێزێکی زۆری ڕەوانەی ئەو بنکە ئاسمانییە کرد و کاریگەریی بەهێزی هەبووە لەسەر پێگەکەی لە ناوچەکەدا، بەم هۆیەوە لە ١٤ی سێبتەمبەری ٢٠١٧، سێرگی لاڤرۆڤ ڕایگەیاند هێزەکانیان بەهەمیشەیی لەو بنکە ئاسمانییە دەمێننەوە. ئەم دەستتێوەردانەی ڕووسیا وەڵامێکی مۆسکۆ بوو بۆ

دوو دەیەی ڕابردوو لە قۆرخکردنی پرۆسەکانی شەڕ و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەمەریکا وەکوو زلهێزێک بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕێگەی بە خۆی دەدا دەست لە کاروباری دەوڵەتانی تر وەربدات(١٤).

فاکتەرێکی بنەڕەتیی دەستوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا، بازرگانیی بازاڕی چەک بوو. تا ساڵی 2016 فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی دووەمین سەرچاوەی داهاتی ڕووسیا بووە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک کڕیاری سەرەکیی چەکی ڕووسین. لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٦، ڕووسیا ٢٣%-ی هەناردەکردنی چەك و تەقەمەنییەکانی جیهانی پێک دەهێنا. هەر بۆیە لە قەیران و کێشمەکێشمە سیاسی و ئابوورییەکاندا ناتوانێت بێلایەن بێت و خۆی بەدوور بگرێت(١٥).

سووریا بەردەوام کڕیاری چەکی ڕووسیا بووە، بەپێی ئامارەکان لە ساڵی 2005 بۆ 2010 ڕووسیا بە بڕی 3 ملیار دۆلار چەکی بە سووریا فرۆشتووە، لەو ماوەیەش تا ساڵی 2013، سووریا بە بڕی 4 ملیار دۆلار چەکی لە ڕووسیا کڕیوە. بەپێی ئامارێکی ناوەندی شیکردنەوەی ستراتیژی و تەکنەلۆجی لە مۆسکۆ، لە ساڵی 2007 بۆ 2011، 78%ی چەکەکانی سوپای سووریا لە ڕووسیا کڕدراون(١٦).

**- ئامانجە جیۆئیکۆنۆمییەکان**

نەوت و گاز قەبارەیەکی گەورەی هێزی ئابووریی ڕووسیا پێک دێنێت، دابەزینی بەهای پەترۆل زیانێکی مەزنی بە توانا ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە گەیاند. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی دەوڵەمەندی و زۆروزەوەندیی یەدەگی نەوت، خاڵی بنەڕەتی لە باوەڕی مۆسکۆ پێک دێنێت، ڕووسەکان بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن کە پرسە ئەمنی و جیۆستراتیژییەکان لە ناوچەکە نەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت و گاز لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە و ئەم هۆکارەش ببێتە زیاتر دابەزینی نرخی نەوت و گاز، هەر بەم بۆنەیەوە مۆسکۆ لە هەوڵی لابردنی شەڕ و هاوسەنگییە.

سیمای ململانێ هەرێمییەکان لە سووریادا، جەنگی وزە و ڕێگاکانی گواستنەوەی گازی سروشتییە بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا، بەتایبەت پێشووتر قەتەر لەگەڵ سووریا بۆ جێگیرکردنی بۆریی گاز بۆ دەریای سپیی نێوەڕاست کەوتبوویە دانوستان. ئێران و عێراق هێڵی بۆرییە گازەکانیان گەیاندووەتە ڕۆژهەڵاتی سووریا. مۆسکۆ لە پرۆژەی "هێڵی بۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا" ناڕازییە کە ئێران و قەتەر گازەکەیان بەئاسانی بگەیەننە بازاڕەکانی ئەورووپا، چونکە دەیەوێت بەتەنیا بازاڕی گازی ئەورووپا کۆنترۆڵ بکات(١٧).

هەوڵەکانی مۆسکۆ بۆ مانەوەی سووریا تەنها ئامانجی سیاسی و سەربازی نەبووە، بەڵکوو لایەنی ئابووریيشی هەبووە، چونکە سووریا یەکێکە لە هاوبەشە بەهێزەکانی ئابووریی ڕووسیا. بەپێی ئامارەکان، سووریا 20%ی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا قەبارەی

بازرگانیی نێوان ڕووسیا و سووریا لە ساڵی 2010 نزیکەی 2 ملیار دۆلار بووە، سەرەڕای ئەوەی لەنێوان ساڵانی 2012 بۆ 2014 بە هۆی قەیرانی سووریاوە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان سووریا و ڕووسیا کەمی کرد، بەڵام لە ساڵی 2015 ئاستی بازرگانیی ڕووسیا لەگەڵ سووریا بە ڕێژەی 23% بەرز بووەوە(١٨).

ئامانجێکی تری ڕووسیا، پاراستنی هەناردەی غازە بۆ وڵاتانی ئەورووپا، چونکە بە کەوتنی سووریا، "پرۆژەی هەناردەی غازی قەتەر" لە ڕێگەی سووریا، تورکیا و سعودیە بۆ وڵاتانی ئەورووپا دەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕووسیا ترسی هەبوو پێگەی خۆی لە هەناردەی غاز بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوەش بەپێی ناوەندی وزەی بازرگانیی ڕووسیا (KSAR)، زیانی ٢ ملیار مەتر سێجا لە بەرهەمهێنانی غاز لە ڕۆژێکدا بە ئابووریی وڵاتەکەی دەگەیاند(١٩).

ڕووسیا لەم چەند ساڵەی دواییدا پلانێکی تایبەتی دارشت بۆ ئەوەی ئابووریی وڵاتەکەی بەهێز بکات، تا ساڵی 2020 گۆڕانکاریی گەورە بهێنێتە ئاراوە، لەناو پلانی پێشکەوتنی ئابوورییەکەیدا سووریای تێدا بوو تا ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان بەرز بکەنەوە، بۆیە دەستوەردانەکانی ڕووسیا لە سووریا و مانەوەی هاوپەیمانە تۆکمەکەی کە ڕژێمەکەی ئەسەد بوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانیی خۆی بوو.

**پێگە و کاریگەریی سیاسیی ڕووسیا لە سووریا**

ڕووسیا لە ماوەی قەیرانی سووریا چەندین دەستپێشخەریی کرد بۆ چارەسەری قەیرانەکە، لە سەرەتادا داوای کرد دەستووری سووریا بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان هەموار بکرێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، بەشار ئەسەدیش بۆی هەبێت خۆی کاندید بکاتەوە. لە ساڵی 2011دا لە ئەنجوومەنی ئاسایش پرۆژەیاسایەکی پێشکەش کرد بۆ ڕاگرتنی شەڕ و مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات، بەڵام بە هۆی قایلنەبوونی وڵاتانی خۆرئاوا، پرۆژەیاساکە شکستی هێنا. لە ساڵی 2012دا میخایل بۆگدانۆف؛ جێگری وەزیری دەرەوەی نارد بۆ سووریا بۆ ئەوەی نێوەندگیریی حکومەتی سووریا و ئۆپۆزسیۆن بکات، بەڵام دانوستانەکە سەرکەوتوو نەبوو(٢٠).

هەوڵەکانی مۆسکۆ لە کاتێکدا بوو کە چەند کەناڵێکی ئۆپۆزسیۆنی سووریی لە وڵاتە پێک هێنابوو کە ئەمەریکا بە "ئۆپۆزسیۆنی دەستکرد" ناویان دەبات، لەوانەش قەدری جەمیل -کەسایەتییەکی سیاسیی سوورییە کە پشتیوانی لە ئەسەد دەکات- و ڕەندا قەسیس -سەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی فرەیی، کە بەئاشکرا پشتیوانی لە سیاسەتەکانی پۆتین دەکات لە سووریا-، ئەم لایەنانە بەرەیەکیان پێک هێناوە کە بە "ناوەندێك بۆ کاروباری ڕامیاری و دەرەکی" ناسراوە و ڕاستەوخۆ سەر بە کرملینن، هەر چی "خالد محامید"ە کە ئەندامێکی تری ئۆپۆزسیۆنی سووریایە، بەڕوونی پشتیوانی لە سیاسەتەکانی

مۆسکۆ دەکات لە تەواوی سووریادا[٢١].

جارێکی تر بە دەستپێشخەریی حکومەتی ڕووسیا، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە 30 لایەن بوون، لەگەڵ حکومەتی سووریا بە سەرۆکایەتیی بەشار جەعفەری نوێنەری سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە مۆسکۆ کۆ بووەوە و گەیشتنە ڕێککەوتن بە ناوی "بنەماکانی مۆسکۆ" لەساڵی 2012، بەڵام بە هۆی نەبوونی یەکهەڵوێستی و پەرتەوازەیی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن[٢٢].

لە بەردەوامیی قەیرانی سووریا، هەریەک لە ڕووسیا و چین لە ئەنجوومەنی ئاسایش چەندین جار ڤیتۆیان بەکار هێناوە لەوەی سزا بەسەر حکومەتی سووریادا بسەپێنرێت، چەندین جار ڕێگرییان کردووە لەوەی قەیرانی سووریا بچێتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و سەرەڕای ئەوەش ڕووسیا دژی ئەوە وەستاوەتەوە کە دەستوەردانی سەربازیی دەرەکی بکرێت بۆ ڕووخانی حکومەتی سووریا، جگە لەوەی ئەو دوو وڵاتە ڤیتۆیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش سزای ڕووسیا نەدات لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی[٢٣].

هەوڵەکانی مۆسکۆ بۆ چارەسەری سیاسییانەی قەیرانی سووریا زۆر بوون، "کۆنگرەی ژنێف-١" لە ٣٠ی جونی ٢٠١٢ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا بەسترا، تیایدا پێشنیار کرا حکومەتێکی ڕاگوزەر بۆ سووریا پێک بهێنرێت، بەڵام لەلایەن ڕووسیاوە ڕەت کرایەوە، کۆنگرەکە لە هەنگاوی یەکەمدا شکستی هێنا، دواتر هەریەک لە جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بڕیاریان دا درێژە بە هەوڵەکانیان بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش "کۆنگرەی ژنێف-٢"یان لە ٢٢ی یەنایری ٢٠١٤ گرێ دا، بەڵام بە هۆی ناکۆکیی لایەنەکان و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکە، کۆنگرەکە بە ئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشت. وێڕای ئەوەش، بۆ چەندین جار کۆنگرەکانی ژنێف بەردەوامییان هەبووە لەنێوان ساڵانی (٢٠١٦-٢٠٢٠)، بەڵام سەرجەمیان بەبێ ئەنجام کۆتایی هات و تەنها هەوڵێک بوو بۆ لێکنزیکبوونەوەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

ساڵی 2015دا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (2254)ی ڕاگەیاند، بە مەبەستی گواستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە سووریا، کرملینیش سەرپەرشتیی دیارترینیان، ڕێککەوتنەکانی "ئاستانە" و "سوتشی"ی کردووە، کە لە ڕواڵەتدا پشتیوانی بووە بۆ بڕیاری (2254)، بەڵام گفتوگۆکان بێئاکام بوون، بەتایبەت کە گرووپ و لایەنەکانی نزیک ئەمەریکای فەرامۆش کردبوو، سەرباری ئەوەی ئەم هەوڵانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتی و سەرلەنوێ شەرعیەتدان بە ڕژێمەکەی ئەسەد لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بەتەواوی ڕەت کرایەوە[٢٤].

ڕووسیا لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ پاڵپشتیی سووریا، بەرەیەکی هەرێمیی بۆ چارەسەی قەیرانی سووریا پێک هێنا، لە کانوونی دووەمی ساڵی 2017

"کۆنگرەی ئەستانە" لە پایتەخی کازاخستان بەسترا، کۆنگرەکە بە سەرپەرشتیی تورکیا، ئێران و ڕووسیا بوو، لە کۆنگرەکەدا هەریەک لە حکومەتی سووریا و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشدار بوون، لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکەدا جەخت لە یەکپارچەیی خاکی سووریا کرایەوە و لیژنەیەکی هاوبەش پێک هات بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا، "بەرەی نوسرە"ش وەک گرووپێکی تیرۆریستی ناسێنرا، بەڵام ڕووسیا ئامانجەکەی بەدەست هێنا و کۆنگرەکە بووە هۆی پارچەپارچەبوونی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا(٢٥).

هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا بەردەوام بوو، ئەوە بوو لە ٣٠ی دیسەمبەری 2018 بە سەرپەرشتیی ڕووسیا، تورکیا و ئێران لە شاری "سوچی" لە ڕووسیا وەفدی حکومەتی سووریا و ئۆپۆزسیۆن کۆ بوونەوە، دوای چەند کۆبوونەوەیەک لەسەر 12 خاڵ ڕێک کەوتن کە گرنگترینیان پێکهێنانی لیژنەیەک بوو بۆ نووسینەوەی دەستووری سووریا، بەڵام ئەو کۆنگرەیە لەلایەن ئەمەریکا، فەڕەنسا و بەریتانیا بایکۆت کرا و ڕایانگەیاند چارەسەری قەیرانی سووریا پێویستە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت(٢٦).

## ڕۆڵی سەربازیی ڕووسیا لە سووریا دوای ساڵی ٢٠١٥

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانەوە، بەخێرایی کێشەکان تەقینەوە. ڕووسیا بە ناردنی هاوکاریی لۆجستی و ماددی پاڵپشتیی سووریای کرد و دواتر چەکی بۆ سوپای سووریا ڕەوانە کرد دژی هێزە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەر چەندە وایان نیشان دا ناردنی چەک بۆ بەرگریکردنە نەک بۆ سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازییەکان، بەڵام ئەو لێدوانە ڕێگریی نەکرد لەوەی وڵاتانی خۆرئاوا گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان پڕچەک نەکەن(٢٧).

زیادبوونی ململانێ چەکدارییەکان و ئەگەرەکانی پێکدادانی گشتی، هێز و میلیشیاکانی ڕووسیای بۆ نێو کێبڕکێ خوێناوییەکە کەمەندکێش کرد، هەر بۆیە لە ئەنجوومەنی ئاسایش گەڵاڵەنامەی (٢٢١٦)ی دژی حوسییەکان ڤیتۆ نەکرد. پاش هەڵگیرسانی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١١، "عەلی مەملووک" سەرۆکی دەزگای ئاسایشی سووریا لە ٧ی جولای داوای لە سعودیە کرد کە یارمەتییەکانیان بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بوەستێنن، لە بەرامبەردا سعودیە داوای کرد کە ئێران و هێزە شیعەکان لە سووریا بچنە دەرێ، بەڵام ئەسەد نەیتوانی جێبەجێی بکات و سەرەنجام ڕووسیا ناچار بوو بەدوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانی سوپای سووریا، بەدیلێک بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکان و چارەسەری قەیرانی سووریا بدۆزێتەوە.

بەردەوامیی جەنگ وای کرد حکومەتی سووریا بەفەرمی داوای ڕەوانەکردنی هێز لە ڕووسیا بکات، بۆ ئەم مەبەستە لە ١٧ی ئۆگەستی ٢٠١٤دا "وەلیدو موعەلیم" وەزیری دەرەوەی سووریا داوای لە مۆسکۆ کرد هێز ڕەوانەی

وڵاتەکەی بکات، "دیمیتری بیسکۆڤ" وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ئامادەیی وڵاتەکەی نیشان دا، لە ٣٠ی یەنایەری ٢٠١٥دا ڕووسیا ٩٠٣ هێرشی ئاسمانیی ئەنجام دا لە سووریا و تا مانگی مارسی 2016 هێرشەکان بەردەوام بوون[٢٨]. لەم بارەیەوە "سێرگی شۆیگو" وەزیری بەرگریی ڕووسیا لە وتارێکیدا کە لە کارگەی هێلیکۆپتەری رۆستڤێرتۆل لە شاری رۆستۆڤ-نا دۆنو پێشکەشی کرد، لە ئۆپەراسیۆنەکانی سووریادا زیاتر لە 320 جۆر چەک تاقی کراونەتەوە[٢٩].

دوای ئەوەی سوپای سووریا خاکێکی زۆری لەدەست دا و بەتەواوی لاواز ببوو، چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن ناوچەیەکی بەرفراوانیان کۆنترۆڵ کرد، ئەوەش وای لە ڕووسیا کرد ژمارەیەکی زۆری هێز ڕەوانەی بنکەی ئاسمانیی"حمەیمیم" بکات لە باشووری پارێزگای لازقیە، دواتریش هێزی ئاسمانی و زەمینیی ناردە بنکەی سەربازیی "گرگوس"، هاوکات مۆسکۆ و دیمەشق هەماهەنگیی سەربازییان دژی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەنجام دا. بەردەوامیی هاوکاریی سەربازیی ڕووسیا، لاوازبوونی گرووپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی لێ کەوتەوە، جگە لەوە بەشێکی زۆری خاکی سووریا لەلایەن سوپای سووریاوە کۆنترۆڵ کرایەوە[٣٠].

ڕووسیا لە ماوەی قەیرانی سووریادا بەردەوام هاوکاریی سەربازیی پێشکەش بە سووریا کردووە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئاژانسی ڕوسیەن دەی، ڕووسیا بە فرۆکە پشتیوانیی لە سوپای سووریا دەکرد، هاوکات تانکی جۆری "T 90" و ژمارەیەکی زۆر هاوەنی هاوتزر و چەکی قورس و هێزی وشکانیی بۆ سووریا نارد و شانبەشانی سوپای سووریا شەڕیان دەکرد، جگە لەوەش هاوکاریی دیمەشقیان دەکرد بۆ پێدانی زانیاریی هەواڵگری و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و پێکهێنانەوەی یەکەکانی سوپای سووریا.

لە لایەکی ترەوە ڕووسیا هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی لە ساڵی 2015 بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێک هێنا کە هەریەک لە وڵاتانی عێراق، سووریا، ڕووسیا و ئێرانی لەخۆ دەگرت، بارەگای هاوپەیمانییەکە لە شاری بەغدادە و ئامانج لێی ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگرییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق و سووریا، ئەم وڵاتانەش چەندین ڕاپۆرتیان لە بواری جیاجیای ئاسایش و هەواڵگریی خستووەتە ڕوو، ئەوەش ڕۆڵێکی تری سەربازیی ڕووسیا بوو لە سووریا لەبەرامبەر ئەو هاوپەیمانێتییەی کە بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا پێک هێنرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لە عێراق و سووریا[٣١]، بەمەش ڕووسیا بە ڕێگەی دیپلۆماسی و سەربازی ڕێگریی کرد لە ڕووخانی حکومەتی سووریا، هەر چی هەوڵەکانی وڵاتانی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات شکست پێ هێنا و دۆسیەکەی لەژێر دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرهێناوە تا بۆخۆی چارەسەری بکات، جگە لەوەش گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی پارچەپارچە کرد.

**ستراتیجی ڕووسیا و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان**

لەنێو قەیرانی سووریادا، بابەتی پەیوەست بە ڕۆژئاوای کوردستان گرنگترین ئەو پرسانە بوو کە ئیدارەی مۆسکۆ چاودێریی دەکرد. جددیترین مەترسیی بەردەم ڕووسیا، پێداگریی تورکیایە لەسەر بەردەوامبوونی هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ترس لەوەی ببێتە هۆی بەریەککەوتنی سەربازیی نێوان سوپای سووریا و سوپای تورکیا. لە سۆنگەی دۆستایەتیی مێژوویی خۆی لەگەڵ سووریادا، بە گریمانەی ئەوەی لەم حاڵەتەشدا ڕووسیا ناچار بێت کاردانەوەی توندی ببێت بەرامبەر تورکیا، چونکە کاردانەوەی ڕووسیا بەرامبەر تورکیا دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا ڕوو لە ئەمەریکا بکات کە بێگومان ئەمەش بە هۆی قۆستنەوەی سەرکێشییەکانی ئەمەریکا بوو لە سووریادا.

لە سۆنگەی ململانێ بەردەوامەکانی ڕووسیا و ئەمەریکا لە سووریادا، هەردوو لا کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە هەیە. ئەمەریکا تا کۆتاییەکانی ٢٠١٩ وەک براوەی جەنگی سووریا سەیر دەکرا، هاوکات پارێزەر و پشتیوانی سەرەکیی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، ئەوەشی گەرەنتیی سەرکەوتنی ڕۆژئاوای بەسەر داعشدا کرد هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بوو، بەڵام لە بڕیارێکی لەناکاودا دۆناڵد ترەمپ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ لە تویتێکدا نیازی هێزەکانیان بۆ کشانەوە لە باکووری سووریا ڕاگەیاند، ئەمەش وای کرد کە بەگومانەوە سەیری ئەمەریکا بکرێت. ئێستا زیاتر بێمتمانەیی بە ئەمەریکا لە قەیرانی سووریادا زیادی کردووە.

تا دوو ساڵ لەدوای دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆ، ئەمەریکای سەردەمی باراک ئۆباما هەماهەنگ بوو لەگەڵ سیاسەتی تورکیا، پێکەوە پشتگیرییان لە سوپای ئازاد دەکرد کە لەناو دڵی ئەو سوپایەوە چەندین گرووپی جیهادی سەریان هەڵدا. لە ساڵی ٢٠١٤ شکستی ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا لە سووریا بەڕوونی دەرکەوت، باراک ئۆباما لەو کاتەدا نزیک ببووەوە لەو بۆچوونەی کە واز لە سووریا بهێنێت، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٢دا هەڕەشەی کرد بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هێڵی سوورە، بەڵام دوو ساڵ دواتر ئەسەد چەکی کیمیایی بەرامبەر خەڵکی سڤیل بەکار هێنا و ئەمەریکاش بەهۆی ناڕوونی لە ئایندەی سووریا؛ هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەنواند[٣٢].

ئەمەریکای شەڕی کۆبانێ و خۆڕاگریی شەڕڤانان لەژێر فشاری ڕای گشتیدا بەناچاری دەستتێوەردانی سەربازیی کرد و بە هێزی ئاسمانی گەڕایەوە ناو هاوکێشەکانی سووریا، بەم جۆرە سیاسەتی ئەمەریکا تەواو دژی سیاسەتی تورکیا شکایەوە و لە سایەی کوردەوە جێپێیەکی بەهێزی بۆ خۆی لە سووریا دەستبەر کرد، بە جۆرێک هیچ لایەنێک بەبێ ئەمەریکا توانای هیچ بڕیارێکی نەبوو لەسەر سووریا، بەم شێوەیەش کورد تا پرۆسەی سەربازیی "چڵە زەیتوون"

لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دۆخی باش بوو.

ئەگەر لە پێشتردا پەیوەستبوونی کورد بە ڕووسەکانەوە بە هۆی ڕێککەوتنی دوولایەنەی کورد و حکومەتی سووریا بووبێـت، ئەوا کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و کۆمەکە مێژووییەکەی بۆ تورکیا، وای کرد پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ڕووسەکان لە ڕووی تاکتیکییەوە بەهێزتر دەبێت، چونکە لەدوای بڕیارەکەی ئەمەریکا، کورد بەدوای هاوپەیمانێکی نوێ و ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕان، مۆسکۆ نزیکترین و بەهێزترین جێگرەوە بوو، ئەو نزیکایەتییەش تاکوو ئێستا ڕوویان داوە لە سیاسەتی ڕووسیادا نییە، واتە لە کارنامەی وەزارەتی دەرەوەدا بە شێوەیەکی فەرمی باس ناکرێت، بەڵکوو لە ستراتیج و بەرژەوەندییەکانیدایە، سووریاش بەگرنگییەوە لە گفتوگۆکانی ڕووس و کورد ناڕوانێت، بەڵام مۆسکۆ لە هەوڵی بەردەوامدایە.

مانگێک دوای بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا، ئیلهام ئەحمەد سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتی، سەردانی مۆسکۆی کرد بۆ هاندانی بەرپرسانی ڕووسیا تاکوو دەست بە هەوڵەکانیان بکەن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەنێوان ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات و حکومەتی سووریا. گفتوگۆکان بەکردەیی لە مانگی تەمموزی ٢٠١٨ دەستیان پێ کرد، بەڵام دوای کەمتر لە مانگێک وەستان. ساڵێک دوای بڕیارەکەی ترەمپ، هێزە ئەمەریکییەکان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بەکردەیی دەستیان بە کشانەوە کرد، ئەمەش ڕێگای لەبەردەم تورکیادا کردەوە تاکوو هێرش بکاتە سەر بەشێک لە ناوچە کوردییەکان و داگیریان بکات[٣٣].

لەدوای پاشەکشێ لەناکاوەکەی ئەمەریکا، نزیکبوونەوەیەکی پێویست لەنێوان کورد و ڕووسەکان دروست بوو، هێزە ڕووسییەکان و سووریای دیموکرات بەردەوام گەڕانی سەربازییان ئەنجام دەدا، بەتایبەت لەسەر سنووری ڕۆژئاوا و تورکیا، ئەم نزیکبوونەوە لەم قۆناغەدا خواستی هاوکاریی سەربازیی کورد و ڕووسەکان بە مەرجی هاوکاری و نزیکایەتیی زیاترە لەگەڵ حکومەتی سووریا، تا ئەوەی لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩؛ ڕووسیا نوێنەری تایبەتیی خۆی ناردە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەی حزبە سیاسییەکانی کورد، کەسایەتییە عەرەبی و کریستیانەکان لە باکووری سووریا، بە مەبەستی نێوەندگیرییان لەگەڵ حکومەتی سووریا، وەک ئەوەی لە شوباتی ٢٠٢٠دا ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتییەوە بڵاوی کردەوە، هەوڵێکی ڕووسیی گرنگ هەیە بۆ فشارخستنە سەر دیمەشق بۆ ڕێککەوتنێکی گشتگیر.

لەگەڵ ئەوەی ئەم هەوڵە بە گرنگ دەزانرا، بەڵام ڕووسەکان هەمیشە لەنێو بازنەی گوماندا دادەنرێت سەبارەت بە پرسی کورد، چونکە هاوپەیمان و هاوبەشی نەیاری کوردانی سووریان، بەتایبەت تورکیا و ئێران، وێڕای ئەوەی حکومەتی سووریاش هەنگاوی کردەیی

بۆ نەناوە، بەم هۆیەوە لە مانگی مەیی ٢٠٢٠، پێگەی ڕووناهی لێدوانێکی مەزلۆم کۆبانی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکراتی بڵاو کردەوە کە وتبووی: "سەرەڕای ڕۆڵی ڕووسیا لە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، بەڵام تاکوو ئێستا حکومەتی سووری بابەتەکەی بە جددی وەرنەگرتووە"[٣٤].

هەروەها بەدران چیا کورد؛ جێگری هاوسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ڕایگەیاند: "حکومەتی سووریا ئامادە نییە لەگەڵ هیچ لایەنێک دیالۆگ بکات بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی، دەیەوێت هاوشێوەی پێش ساڵی ٢٠١١ سووریا بەڕێوە ببات و بە ڕێگەی سەربازی و ئەمنی کێشەکە چارەسەر بکات"، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە تورکیا و ئێران فشار لە ڕووسیا دەکەن بۆ شکستپێهێنانی گفتوگۆکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا[٣٥].

لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسیا بەرەو بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەگییە سەربازییەکانی لە سووریا هەنگاو دەنێت، بەدیاریکراوییش لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان. لە 14ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا ڕایگەیاند کە دەستی کردووە بە دروستکردنی بنکەیەکی "هێلیکۆپتەر"ی پارێزراو بە مووشەکی زەمین بە ئاسمان، ئەم ڕاگەیاندنەی وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دوای ئەوە هات کە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان باسیان لەوە دەکرد مۆسکۆ دەستی کردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سووریا بۆ بەکرێگرتنی فڕۆکەخانەی قامیشلۆ بۆ ماوەی 49 ساڵ، هاوشێوەی ڕێککەوتنەکەی پێشووی دەربارەی هەردوو بنکەی حمەیمیم و تەرتوس[٣٦].

## ڕێککەوتنی ڕۆژئاوای کوردستان – حکومەتی سووری لە نەخشەڕێگای ڕووسیادا

لەم قۆناغەدا ڕووسیا پشتیوانیی لە نەخشەڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکەی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئیدارەی مۆسکۆ نەخشەڕێگایەکی نوێی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا بە کوردیشەوە خستە ڕوو، لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ ڕاکێشانی کورد دەستیان پێ کردەوە. سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، پێشوازیی لە شاندی ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی سووریا کرد. نەخشەڕێگاکە سەبارەت بە داهاتووی سووریا و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کوردیش بە شێوەیەکی ئەرێنی سەیری دەکرا. لە ٣١ی ئابی ٢٠٢٠، لە شاری مۆسکۆ ڕێککەوتنێکی گرنگ لەنێوان شاندێکی باڵای ڕۆژئاوای کوردستان و "حزبی ئیرادەی گەلی سووری" بە سەرۆکایەتیی قەدری جەمیل واژۆ کرا. ئەم ڕێککەوتنە لەژێر کاریگەریی ڕووسیادا بوو، چونکە جەمیل پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕووسەکاندا هەیە و بەشێک بووە لە حکومەتی

سووریا. ئەم نزیکبوونەوەیە قۆناغی نوێی پاش ئەمەریکای بوو، کە کورد ڕووەو دەسەڵاتی ڕووسیا هەنگاوی هەڵگرت، سەرباری ئەوەش کارنامە و ئامانجی کۆبوونەوەکە گرنگ بوو، چونکە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد ڕێگە بە بوونی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەدات، ئەوەی دەمینێتەوە لە کاروباری ئابووری، بەرگری و پەیوەندیی دەرەوە، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی سووریادا دەمێنێتەوە(٣٧).

لە ڕێککەوتنەکەدا جەخت کرایەوە لە بڕیاری ژمارە (٢٢٥٤)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەک نیشاندانی نیەتی نیازپاکی. هەنگاوی کردەیی ڕووسیا بۆ پراکتیککردنی نەخشەڕێگاکە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و سنووره جیۆسیاسی و ئەمنییەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان، ڕێکخراوی داعش، بەرەی نوسرە ناگرێتەوە. ئەم هەنگاوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە مۆسکۆ هەوڵی تەواوی بۆ لێکنزیکبوونەوەی حکومەتی سووریا و کورد داوە، لەم ڕووەوە ئیلهام ئەحمەد کە ئەندامی شاندی کوردی بوو ڕایگەیاند گفتوگۆکان دەربارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکان بە هەماهەنگیی هەمووان بووە. دواتریش لاڤرۆڤ هەڵوێستی ڕووسیای بۆ پشتیوانیی ڕێککەوتنەکە نیشان دا، چونکە ڕێککەوتنەکە گونجاوە لەگەڵ هەڵوێستی وڵاتەکەی، بەتایبەت کە جەختی دەکردەوە لە پاراستنی ئاسایش و یەکێتیی خاکی سووریا(٣٨).

نەخشەڕێی ڕووسیا بۆ ئیدارەدانی قەیرانی سووریا و چارەسەری پرسی کورد، لە سۆنگەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا و ڕژێمی ئەسەد بووە، لەو ڕێگەیەوە کورد وەک فاکتێکی گرنگ بۆ زیاتر بەهێزبوون و کاریگەربوونی دەسەڵاتی ئەسەدە بەسەر زۆرینەی خاکی سووریاوە نەک پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی کورد، ڕووسیا بەتەنها لەگەڵ دەسەڵاتی خۆسەریی کوردی بێ ئامادەگیی حکومەتی سووریا لەگەڵ کورد نەکەوتوونەتە گفتوگۆ، هەر کاتێکیش بێ بوونی ئەسەد باس لە کورد کرابێت، تەنها وەک هێزێکی شەڕکەر و قوربانیی جەنگی سووریا سەیر کراون، نەک خاوەن ئیدارەی خۆسەری، بە هەمان شێوە بۆ حکومەتی سووریاش ڕاستە. وەلید موعەلیم؛ وەزیری دەرەوەی سووریا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ وتی: سووریا پشتیوانیی هیچ ڕێککەوتنێک ناکات پێچەوانەی دەستووری وڵاتەکەی بێت، ئەمەش بە هەڵوێستی سووریا دادەنرێت لە بارەی هەر ڕێککەوتنێک کە لە داهاتوودا لەنێوان کورد و سووریا بێتە ئاراوە کە دەبێت دەستووری سووریا بڕیاردەری سەرەکی بێت نەک ئامانجەکانی کورد. ئەم لێدوانە پێچەوانەی هەوڵەکانی مۆسکۆیە بۆ نێوەندگیری و ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتی سووریا و کورد، واتە دوو هاوپەیمانە بەهێزەکە، سووریا و ڕووسیا، لەسەر داهاتووی ڕۆژئاوای کوردستان کۆک نین، لەگەڵ ئەوەی مۆسکۆ هەوڵ دەدات تورکیا و خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوای

کوردستان لە یەکتر نزیک بکاتەوە، دەسەڵاتی دیمەشق باس لە کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئەمەریکی و تورکی دەکات، حکومەتی سووریاش بەردەوامە لە باسکردنی ئەوەی کە هەموو خاکی سووریا دەگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بێ ڕەچاوکردنی دەسەڵاتی خۆسەریی کورد(٤٠).

زیاتر لەوەش، ڕووسیا بەردەوام بەگومانە لە ئاست پەیوەندی و هاریکارییە سیاسی و سەربازییەکانی کورد لەگەڵ ئەمەریکادا، بۆ نموونە لاڤرۆڤ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی سپوتنیکی ڕووسی لە ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، ڕایگەیاند دۆخی ڕۆژهەڵاتی فوڕات مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەمەریکییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی لە باکووری سووریا بڵاو بوونەوەتەوە، هانی کورد دەدەن بۆ جیابوونەوە.

سەرباری ئەمانەش، نەخشەڕێگای نوێی مۆسکۆ بۆ ئیدارەدانی قەیرانی سووریا، ئەگەر بۆ حکومەتی سووریا گرنگ بێت، بۆ دەسەڵاتی خۆسەریی کورد گرنگترە، ئەگەر بێتوو ئامانجەکانیشی وەک خۆی نەیەنە دی، لە چەند ڕوویەکەوە لێکەوتەکانی بۆ کورد بەهادارن. لە لایەک جەختکردنەوەی ڕووسیا لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا و پرسی کورد، جگە لە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، نەیاری هێزەکانی هاوپەیمانانی بۆ تورکیا زەق کردەوە و خواستی ئاشتییانەی کوردی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا نیشان دا، لە لایەکی ترەوە هەوڵی مۆسکۆ بۆ ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان و بانگهێشتیان بۆ وڵاتەکەی، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە بڕیاردان لە هەر نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەری داهاتووی سووریا بێ بوونی کورد مەحاڵە، وێڕای ئەوەی تا ئەندازەیەک دەسەڵاتی خۆسەریی کوردی وەک کیانێکی گرنگ ناساند، هاوکات شەرعیەتی دا بە ڕێککەوتنی نێوان کورد و حکومەتی سووریا کە بەپێی ڕێککەوتنەکە هێزەکانی سووریای دیموکراتی وەک فەیلەقی پێنجی سوپای سووریا ناساند.

### تورکیا و وەستانەوەی بە ڕووی ڕووسیادا لەسەر پرسی کورد

ڕۆژئاوای کوردستان تا بەر لە هێرشەکەی تورکیا لە براوەکانی قەیرانی سووریا بوو، چونکە دەسەڵاتی خۆسەریی کوردی وەک سەرەکیترین ئەنجامی قەیرانی سووریا سەیر دەکرا، بەڵام هێرشەکەی تورکیا دۆخەکەی گۆڕی و قەیرانێکی نوێی لەناو قەیرانی گشتیی سووریادا خوڵقاند، ئەمەریکا بە هۆی تورکیاوە پشتی لە کورد کرد و کوردیش ناچار بوو سازشێکی ژەهراوی بۆ حکومەتی سووریا بکات، بەمەش پێگەی ڕۆژئاوای کوردستان لە داهاتووی سووریا ناڕوونە، بەڵام بە ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسیادا؛ توانیی گەرەنتیی بەردەوامبوونی خۆی بکات.

لە قەیرانی سووریادا، تورکیا بۆ زاڵبوونی بەسەر سووریادا دەبێت ڕێگری لە بەهێزبوونی

کورد بکات، هەر چەندە زۆر جار ڕووبەڕووی شکست بووەتەوە، بەڵام سەرکەوتوو بووە کە کێشە بۆ کورد دروست بکات، هاوپەیمانیی کورد و ئەمەریکای تێک دا، کار بۆ درووخستنەوەی ڕووسیا و کورد دەکات، لە ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٨دا عەفرین و جەرابلوس و بابی داگیر کرد و هەندێک ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستانی داگیر کردووە، بەڵام داهاتووی ئەم شەڕەی دەستی پێ کردووە، بە هۆی ڕێککەوتنی کورد و ئەسەدەوە نارِوونە.

بێگومان ئەگەر ڕێککەوتنی کورد و حکومەتی سووریا بە هاوکاریی ڕووسیا جێبەجێ بکرێت، کورد دەچێتە سەر هێڵی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا، ئەوا لە ئیدلبەوە بگرە تا عەفرین و باب لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە جیهادییەکان کۆنترۆڵ دەکەن، تورکیاش ئەستەمە بتوانێت ڕێگری بکات، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد و حکومەتی سووریا بە واتای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ڕووسیاش دێت، کە زیاتر لە ٣ هەزار سەربازی ئامادەی لە ناوچەکەدا هەیە.

ئێستا بەپێی ڕێککەوتنەکە، هێزەکانی سووریای دیموکرات فەیلەقی پێنجی سوپای سووریان، هەر بۆیە پێدەچێت لەمەودوا تورکیا زۆر بەترسەوە هەنگاو بنێت و زیاتر بەو ئاراستەیەدا کار بکات کە داوا لە ڕووسیا بکات لە داهاتووی سووریادا پێگەی کورد بەهێز نەبێت.

ئەگەر تورکیا ئامانجەکەی تەنیا لە دژایەتیکردنی پێگەی کورددا کورت بکاتەوە، ئەوا نەک ڕووسیا ناکاتە نەیاری خۆی، بەڵکوو دەتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەدیش ئاسایی بکاتەوە، چونکە ئەسەدیش حەز بە بەرژەوەندییەکانی کورد ناکات، بەڵام بۆ ئەوەی بەم خواستەی بگات، دەبێت هەموو ئەو ناوچانەی داگیری کردووە؛ ڕادەستی سووریای بکاتەوە، لە ئێستاشدا ناتوانێت لە پێناو لاوازکردنی کورد دەستبەرداریان بێت[٤٠].

## سیناریۆکانی ڕووسیا لەبارەی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستانەوە

**سیناریۆی یەکەم:** پێگەی ئەسەد کە پشتیوانی یەکەمی ڕووسیایە؛ تەنیا لەناو عەلەوییەکاندایە و زۆرینە عەرەبی سوننە دژین، هەر بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەسەد بەرامبەر بە عەرەبی سوننە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی گرنگی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد بدات بە هاوکاریی مۆسکۆ.

**سیناریۆی دووەم:** ڕووسیا لە ڕێگەی قەیرانی سووریاوە دەتوانێت پێگەی خۆی بەهێز بکات لە ناوچەکە و هەوڵەکانی ئەمەریکا و ناتۆش بۆ گەمارۆدانی وڵاتەکەی شکست پێ بهێنێت، بەو ئامانجەی دوای پاککردنەوەی سووریا لە هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا و ڕووسیا جارێکی دیکە لە دەرگای کورد بدەنەوە، چونکە جیا لە ڕۆژئاوای کوردستان، هیچ دەرگایەکیان بە ڕووی سووریادا نابێت، تەنها ئەگەر دان بە شەرعیەتی حکومەتەکەی ئەسەد بنێن و ملکەچی بن، کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە.

**سیناریۆی سێیەم:** لە ئەگەری جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای ڕووسیا بۆ ڕێککەوتنەکەی نێوان کورد و حکومەتی سووریا، وا دەخوازێت لە داهاتوودا کورد وەک فیگەرێکی بەهێز بمێنێتەوە لە هاوکێشەی سووریادا. ڕاستە هێرشی تورکیا و گرتنی عەفرین وەک ناوەندێکی جیۆسیاسی و جیۆئیکنۆمی پێگەی کوردی لاواز کردووە، سەرباری ئەوە "پەیەدە" کە پێگەیەکی جەماوەریی بەهێزی هەیە، بەردەوام کار بۆ بەهێزبوونی زیاتر دەکات، جگە لەوەش خاوەنی هێزێکی تۆکمەی سەربازییە و حکومەتی سووریا نایەوێت شەڕ لەگەڵ ئەم هێزە بکات، چونکە بەریەککەوتنی سەربازیی نێوان کورد و حکومەتی سووریا، قۆناغێکی دیکە لە شەڕی سووریا دێنێتە ئاراوە کە بێگومان ڕووسیا لەگەڵیدا نییە.

## سەرچاوەکان:

1- فلاح سمور جبور، الاستراتيجة الروسية اتجاه الشرق الاوسط في عهد بوتن (2012-2018)، رسالة ماجستير، مقدمة الي جامعة الشرق الاوسط/كلية العلوم و الاداب/قسم العلوم السياسية، الدوحة، 2018، ص39، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/3odoBBk

2- محمد الكوخي، الازمة الاوكرانية و صراع الشرق و الغرب جذور المسألة و مألاتها، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، 2015، ص184-183.

3- بن ملوكة مليكة، الاستراتيجة الروسية اتجاه ازمات الشرق الاوسط الازمة السورية نموذجا، رسالة ماجستير مقدمة الي جامعة زيان عاشور جلفة/كلية الحقوق و العلوم السياسية/ قسم العلوم السياسية، الجزائر، 2017-2016، ص39، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/.35eczA9.

4- د.طارق محمد زنون الطائي، الفكر الستراتيجى الروسي في القرن الواحد و العشرين، شركة دار الأكاديميون للنشر و التوزيع، عمان، 2016، ص16.

5- فوزى حسن حسين، التخطيط الاستراجي للسياسة الخاريجية و برامج الآمن القومى للدول، مكتبة مبدولى، قاهرة، ٢٠١٣، ص٣٣.

6- عاطف معتمد عبد الحميد، استعادة الروسيا مكانة القطب الدولي-ازمة الفترة الانتقالية، الدار العربية للعلوم ناشرون، قطر، 2009، ص58.

7- عهد جبر قطريب، دوافع الموقف الروسى في الازمة السورية، مجلة جامعة تشرين للبحوث و الدراسات العلمية، العدد (2)، سوريا، 2018، ص199-198.

8- ئاسۆی ڕۆژهەڵات (٨-١١-٢٠١٥)، لە سووریا چی دەگوزەرێ؟ هەڵەکانی ئەمەریکا، ئامانجی ڕووسیا، ویستی ئێران، وەرگیراوە لە بەستەری: https://asoyroj.com/new/drejawtar.aspx?NusarID=177&Jmara=467

9- محمد عبد القادر خليل، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة، ٢٠١٢/٦/٣، تركيا وثورات "الربيع العربي"، 3/6/2012، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/2WaD44z

10- نفس المصدر السابق.

11- مركز الجزيرة للدراسات، قطر، 9/10/2016، حميميم.. قاعدة روسية تبطش بالشعب السوري، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/3pIQrWm

12- جلال سلمي، المركز الديمقراطي العربي، مصر، 23/6/2017، السياسة التركية حيال الأزمة السورية (2011-2017)، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/34dXT3q

13- نفس المصدر السابق.

14- بى بى سى نوز، ٥ نيسان ٢٠١٨، الحرب السوريه، من يقاتل من؟ و لماذا، متاح على الرابط الاتية: https://www.bbc.com/arabic/middleeast-43656826

15- الجزيره (٢٠٢١/٢/٩)، البنتاغون يؤكد أن حماية النفط لم تعد هدفا للقوات الأميركية في سوريا، متاح

على الرابط الاتية: /https://www.aljazeera.net/news
politics/2021/2/9/%D8%AE%D9%84%D8%A7
%D9%81

16- البنک المرکزی الروسی (2/1/2021)، متاح على الرابط الاتية: /https://web.archive.org
web/20201109015346/https://www.finanz.ru/no-
vosti/aktsii/biznes-zayavil-o-katastrofe-v-rossiys-
koy-ekonomike-1025095366

17- ماڵپەڕی پەیسەر (٢٠١٩/١/٢٢)، ئانا بورشفسکایا: ئایا نموونەی شیشان دەبێتە پلانی پۆتن لە سووریا؟ وەرگیراوە لە بەستەری: -https://www.peyser
press.com/writer/50

18- ئانا بورشفسکایا: سەرچاوەی پێشوو.

19- ، مجموعة التفكير الاستراتيجي، تركيا، 8/7/2019، الثورة السورية بين المؤتمرات و تمييع المخرجات و كسب الوقت الإعادة تأهيل النظام، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/2IhLW5e

20- وليد عبد الحي، المصدر السابق، ص78.

21- مركز دمشق للأبحاث و الدراسات، سوريا، 24/10/2019، علا منصور، نموذج استانا: منهج و طموحات العمل السياسي الروسى، متاح على الرابط الاتية: //:https
bit.ly/3gP5VoF

22- بن ملوكة مليكة، المصدر السابق، ص77.

23- مالكى مريم، السياسية الخارجية روسية اتجاه الازمة السورية (2011-2014)، رسالة ماجستير، مقدمة الي جامعة الجيلاني بونعامة بخميس مليانة/كلية الحقوق و العلوم السياسية/قسم العلوم السياسية، الجزائر، 2014-2015، ص88-89، متاح على الرابط الاتية: .https://bit
ly/2XcLJUJ

24- الثورة السورية بين المؤتمرات و تمييع المخرجات و كسب الوقت الإعادة تأهيل النظام، مجموعة التفكير الاستراتيجي، مصدر السابق.

25- نفس مصدر السابق.

26- بن فاضل النظيرة و عبداوى اميرة، الاسترتيجية الروسية تجاه المنطقة الشرق الاوسط في فترة الحراك العربي دراسة حالة سوريا، رسالة ماجستير مقدمة الي جامعة العربي التبسي/كلية الحقوق و العلوم السياسية، مصر، 2015-2016، ص109-108، متاح على الرابط الاتية: .https://bit
ly/.2MBwYZD

27- أملوکی سيفان، موقف السياسة الخارجية الروسية تجاه الثورات العربية مقارنة بين حالتي ليبيا و سوريا، مجلة جامعة عمار ثليجي–الأغواط، عدد (7)، الجزائر، 2018، ص103.

28- ئانا بورشفسکایا: سەرچاوەی پێشوو.

29- الخلج اونلاين (26/9/2015)، تحالف استخباراتي روسي إيراني سوري عراقي لمواجهة "الدولة"، متاح على الرابط الاتية: https://bit.ly/353oIbk

30- لە سووریا چی دەگوزەرێ؟ سەرچاوەی پێشوو.

31- سیروان خانی، کوردستانی نوێ (١٧-٤-٢٠١٨)، ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگیراوە لە بەستەری: https://knwe.org/?p=15490

32- سەرچاوەی پێشوو.

33- سبەی (٢٠١٩/٤/٢٧)، تورکیا ڕێگرە لە چارەسەری دۆخی سووریا، وەرگیراوە لە بەستەری: //:https
www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=13848

34- حسێن ئەحمد پوور، سەرچاوەی پێشوو.

35- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

36- تورکیا ڕێگرە لە چارەسەری دۆخی سووریا، سەرچاوەی پێشوو.

37- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

38- هێمن حسێن، شارپرێس (٢٠٢٠/٩/٨)، ڕۆژئاوای کوردستان دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی ئیدارەی خۆسەر لە چی ئاستێکدایە؟، وەرگیراوە لە بەستەری: -https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Ji
mare=177134

39- حسێن ئەحمد پور، پەیسەر پرێس (٢٠١٩/١٠/١٤)، ڕۆژئاوای کوردستان هێشتا نەدۆڕاوە، قۆناغێکی نوێ لە شەڕی سووریا دەستی پێ کردووە، وەرگیراوە لە بەستەری: /https://www.peyserpress.com
detail/3608

40- حسێن ئەحمد پوور، سەرچاوەی پێشوو.

41- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# ئایندەناسی

# توێژینەوەی شیکاریی وەرگێڕدراو

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم بایدن؛ ئۆتۆنۆمیی کوردی و فراوانخوازیی تورکی

**نووسین: داستان جاسم**

توێژەرە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەیمانگای گیگا و خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی فریدریک-ئەلکساندەر لە ئێرانگن-نۆرنبێرگ و ئەندامی بەرنامەی دکتۆرای پەیمانگای گیگ. بەکالۆریۆسی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە زانکۆی شتوتگارت و ماستەری لە زانستە سیاسییەکان و ئاشورناسیدا لە زانکۆی هایدلبێرگ بەدەست هێناوە.

**وەرگێران: پەرۆش محەمەد**

سەرچاوە: گیگا فۆکەس German Institute for (Global and Area Studies (GIGA

بڵاوکراوەیەکی بەردەستە بۆ هەمووان لەلایەن دامەزراوەی ئەڵمانیا بۆ توێژینەوە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە زنجیرەییە و تایبەتە بە کێشەکانی ئەفەریقا، ئاسیا، ئەمەریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

تێبینی: لەبەر درێژی توێژینەوەکە و پەیوەستنەبوونی بە دۆسێی ئەم ژمارەیەی ئایندەناسییەوە، چەند بەشێکی ئەم توێژینەوەیە وەرنەگێڕدراوە.



وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێ "شەڕە هەمیشەیی"ەکان کۆتایی پێ بهێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ناویاندا شەڕی دژی داعش هەیە لە عێراق و سووریا. هێزە کوردییەکان هاوپەیمانی گرنگی ڕاوەدوونانی داعش بوون لە زەمینەوە، کە ئەمەش بەدڵی تورکیا نەبوو. لە ئێستادا کە شەڕی سەبازی لە کۆتاییدایە، پرسیاری ئەوە هاتووەتە گۆڕێ کە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا چۆن لە هاوپەیمانە کوردەکانی نزیک دەبێتەوە و مامەڵەی چۆن دەبێت لەگەڵ فراوانخوازییەکانی تورکیا لە ئایندەدا.

- هەر چەندە لە ڕابردوودا ئەمەریکا و ئەورووپا ئاسانکارییان بۆ تورکیا کردووە، بەڵام فراوانخوازییەکانی؛ هەردووکیانی نیگەران کردووە: هەردوو لایان ڕێگەیان داوە سەرۆک ئەردۆگان پەل بهاوێ بۆ ناوچە کوردییەکان لە سووریا و عێراق بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی سیاسی لە لایەنی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، لە ئێستادا تورکیا کە تاکلایەنە هەنگاو دەنێت و دەستەمۆ نییە. یەکێ لە ئاڵنگارییە هەرە گەورەکانی بایدنە لە ناوچەکەدا.

- بایدن بانگەشە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕە ناکۆتاکان دەکات، هەروەکوو چۆن ترەمپیش کردی، بەڵام بایدن دەزانێ کشاندنەوەی لەناکاوی هێزە ئەمەریکییەکان چارەسەر نییە، بەڵکوو دەبێ چوارچێوەیەکی گشتگیری دوای شەڕ بۆ سووریا دابنرێت کە تێیدا هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕۆڵی گرنگی تێدا ببینن. لەمپەری سەرەکیی بەردەم ئەم ڕێککەوتنە هەمەلایەنە، تورکیایە.

- ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق نموونەیەکی مێژووییە کە نابێ دووبارە بکرێتەوە. لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە تورکیا لە هەرێمی کوردستان بەبەردەوامی هاوڵاتیانی مەدەنیی کردووەتە ئامانج، هەر چەندە ئیدارە هەرێمییەکەی ئەوێ بە شێوەیەکی فەرمی هاریکاریی تورکیا دەکات. ئەو ڕێگاچارە کورتبینەی کە ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا گرتیە بەر -کە بە مەرجێک ئۆتۆنۆمی پێدان وەکو هێزێکی هاوکاری تورکیا بن- هۆکاری ئەم کوشتارەیە.

- جۆ بایدن و وەزیرەکانی دەرەوە و بەرگری؛ ئەنتۆنی بلینکن و لیۆلد ئۆستن، ئەزموونی زۆریان هەیە لە پرسی کورددا و تا ڕادەیەکیش دۆستی کوردن، بە ئەگەرێکی زۆر پاڵنەر دەبن بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بکرێ لەنێوان ئەکتەرە کوردییەکان و تورکیادا لە کاتەکانی داهاتوودا.

### لێکەوتە سیاسییەکان

بۆ ئەوەی سەقامگیرییەکی درێژخایەن بۆ پرسی کورد بەدەست بێنێت، ئیدارەی بایدن دەبێت بەرنامە سیاسییەکانی بە شێوەیەک دابڕێژێت کە ڕێگری بکات لە

بڕیارە تاکلایەنەکانی تورکیا و ئاسانکاری بکات بۆ گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان ئەنقەرە و سەرکردایەتیی پەکەکە بەتایبەتی، ئەمەش بە هەماهەنگیی هاوپەیمانەکانی لە یەکێتیی ئەورووپا. لەوەش زیاتر دانپێدانانی سیاسی بە کوردەکانی سووریادا، زۆر گرنگە بۆ هێشتنەوەی ئەوەی لە شەڕی دژی داعش بەدەست هێنراوە.

بێگومان هەستی "ماندوویێتیی شەڕ" لە ئەمەریکادا باڵادەستە و هەردوو حیزبی سەرەکییش لایەنگری ئەوەن "شەڕە هەمیشەیی"ەکان کۆتاییان پێ بێت. سیاسییەکانی وەکوو جۆ بایدن، نانسی پیلۆسی و تەنانەت لیندسی گراهام؛ تووڕە بوون کاتێک دۆناڵد ترەمپ لە ٢٠١٩ بڕیاری دا بە کشاندنەوەی لەناکاوی هێزەکانی ئەمەریکا لەو ناوچانەی باکووری سووریا کە کوردەکان بەڕێوەی دەبەن و بەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ تورکیا هێرش بکاتە سەر ئیدارەی خۆسەری لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا کە بە ڕۆژئاوا ناسراوە.

یەکێ لەو سیاسییانەی بەڕوونی لێدوانی لە بارەی ئەم کارەی ترەمپەوە دا، جۆ بایدن بوو کە وتی "فەرماندەکانمان بەگشتی لە ئێستادا و ئەوانەی پێشووتریش هەموو شەرم دەکەن لەوەی لێرە ڕوو دەدات. تورکیا کێشە سەرەکییەکەیە لێرە و من گفتوگۆی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەردۆگان دەکەم و پێی دەڵێم کە دەبێ باجێکی قورس بدات بۆ ئەمەی کە کردوویەتی." (بایدن، ٢٠١٩)

ئێستا کە جۆ بایدن سەرۆکی نوێی ئەمەریکایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خۆی و کابینەکەی بەو بەهێزییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرۆک ئەردۆگاندا دەکەن کە لە کاتی کامپەینی هەڵبژاردندا بەڵێنیان دا! لە هەمووی گرنگتر، ئیدارەی نوێی ئەمەریکا دەبێ مامەڵە لەنێوان هاوپەیمانێکی ناتۆدا بکات کە پێشبینیی کارەکانی ناکرێت لە لایەک و لەولاشەوە تاکە هاوپەیمانی زەمینی لە سووریا کە کوردەکانە (یان هەسەدە). ئەمساڵ بە ئەگەرێکی زۆر بەریەککەوتنی زیاتر لە ململانێکانی باکووری سووریادا بەخۆوە دەبینێت و ئەوەی سەرۆکایەتیی بایدن پێویستیەتی سەبارەت بە تورکیا کە لەمپەرێکی گەورەیە؛ ستراتیژیەتێکی ڕوونە.

## بۆچی ڕۆژئاوا لەگەڵ فراوانخوازیی تورکیادا هەڵدەکات

لە ئێستادا تورکـــیا لە کۆمەڵێک ململانێی سەربازیدا چالاکە لە ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنی تریش. بۆ نموونە تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ناگـــۆرنۆ-کەرەباخ، قوبرس، لیبیا و سووریا و بەتایبەتییـــش لەو ناوچانەی عێراق و ســـووریا کە کورد حوکمی دەکات؛ چالاکە لە ڕووی سەربازییەوە. لە قەیرانی

ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا لە ٢٠٢٠، فشارێکی زۆری دروست کرد کە وڵاتانی یۆنان، قوبرس و فەڕەنسا بەتوندی دژی سیاسەتەکانی وەستانەوە. لەگەڵ گەشەکردنی فراوانخوازییەکانی تورکیادا، ئەمەریکا و ئەورووپاش بێدەنگن و نایانەوێ دژی ئەو تەماعانەی بوەستنەوە.

ئەم بێدەنگییەی ئێستا لە بارەی تورکیاوە، سێ لایەنی جیاوازی هەیە: یەکەم: یەکێتیی ئەورووپا ناتوانێ فشار بکات لە تورکیا، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێ لایەنەوە پەیوەستە پێوەی. لە لایەکەوە ئەڵمانیا هاوپەیمانی گرنگی تورکیایە و ڤیتۆی هەر بڕیارێ دەکات لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ ئەوەی سزای تورکیا بدەن. هەروەها ئەورووپا لە ٢٠١٦دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیا هەیە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی کۆچبەران بچنە یۆنانەوە. دووەم: هەرگیز فشارەکان بۆ سەر تورکیا توند نەبوون لەلایەن ڕۆژئاواوە، چونکە توکیا هاوپەیمانێکی هێندە گرنگە ناتوانن پەراوێزی بخەن، هەتا سێ کودەتای نێوان ساڵانی ١٩٦١ بۆ ١٩٨٠ ئەو گرنگییەی تورکیای کەم نەکردەوە. لەوە دەچێ ئەوە کێشە نەبێ چ ڕژێمێك تورکیا دەبات بەڕێوە ئەگەر پابەند بێت بە دۆستایەتییە جیۆســـتراتیژیەتەکەوە. سێیەم: هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکا لە سەردەمی ترەمپدا دۆخێکی کەسیی وەرگرت و لەگەڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوە پرسی کارە ئابوورییەکانی ترەمپیش لەگەڵ ئەنقەرە ناکرێ نادیدە بگیرێت لە بوونی کاریگەریی لەسەر بڕیارە سیاسییەکان. ((Kirkpatrick and Lipton, ٢٠١٩

بەردەوامبوونی ترەمپ لە ڕازیکردنی تورکیا، تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشت کە هەسەدەی تاکە هاوپەیمانی ئەمەریکای لە شەڕی دژی داعش جێ هێشت و هێرشەکانی تورکیا هەر چەند خولەکێک دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ترەمپ دەستی پێ کرد. ئەم هێرشە بەرهەمی بێدەنگیی چەندان ساڵەی ئەمەریکا و ئەورووپایە لە ئاست تورکیا. ئەم بێدەنگییەش لەسەر بنەمای تێڕوانینی جیۆستراتیژیی درێژخایەنە و بەم دواییانەش پەیوەندیی ئابووریی کەسییش بەهێزتری کردووە. ئەم داگیرکارییەی تورکیا بوو بە هۆی کوژرانی ١٠٠٠ کەس و ئاوارەبوونی ٢٠٠،٠٠٠ کەس. (Balanche, ٢٠٢٠)

## لە دانپێدانانی سەربازییەوە بۆ دانپێدانانی سیاسی

بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان لە سووریا کۆتایی هاتووە و دەبێت چوارچێوەی دوای شەڕ لە سووریا بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت. هەر چەندە تورکیا ڕەتی کردووەتەوە هەسەدە هیچ دانپێدانانێکی سیاسی، دیپلۆماتیی هەبێت و چەندان ساڵیشە ڕێگریی کردووە

هەسەدە نوێنەری لە گفتوگۆ فرەلایەنەکاندا هەبێت، چونکە تۆمەتباری دەکات بە تیرۆریزم و پەیوەندیی بە پەکەکەوە، بەڵام هەندێ شیکردنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن چارەسەر هەر لای هەسەدەیە. ئەو شیکردنەوانە ئاماژە بەوە دەکەن گەر هەسەدە خۆی لە پەکەکە دوور بخاتەوە، تورکیا ئارام دەبێتەوە. بەڵام ئەو ئامۆژگارییە فریودەرە و دوو شتی لەبەرچاو نەگرتووە کە دەیسەلمێنن ئەم ململانێیە تەنها لەنێوان تورکیا و هەسەدەدا نییە، بەڵکوو دیوێکی باننەتەوەیی هەیە کە پێویستی بە چارەسەری گشتگیر هەیە.

یەکەم: ناتوانرێت هیچ شتێک بکرێت بۆ بەرگریکردن لە تۆمەتبارکردنی هەسەدە بە پەکەکەییبوون تا کاتێک تورکیا وەکوو چەکێکی سیاسی ئەمە بەکار بهێنێت. ئەم تۆمەتبارکردنە بووە بە بانگەشەیەکی لاستیکی بۆ تورکیا. لایەنە سیاسییەکەی ئەم بانگەشەیە نیشانی دەدات چەندێك پێویستە ئەم ململانێیە چارەسەر بکرێت. ئەو کاتەی گفتوگۆکانی ئاشتی هەبوو لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان لە ٢٠١٣، تورکیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئامادەیە بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی. هەردوو لا هاوڕا بوون لە بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی گەلان لە پەرلەماندا و پەکەکەش ڕازی بوو ئاگربەست ڕابگەیەنێت و هێزەکانی لە تورکیاوە بگەڕێنێتەوە بۆ قەندیل، بەڵام کاتێک ئەردۆگان و حیزبەکەی زۆرینەی پەرلەمانیان لەدەست دا بە هۆی بەشداریی هەدەپەوە لە هەڵبژاردندا حکومەتی تورکیا، نەک هەر گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە کۆتایی پێ هێنا، بەڵکوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شتی وەها هەر ڕووی نەداوە. بەشێکی زۆری لایەنگران و ئەندامپەرلەمانەکانی هەدەپە دەستگیر کران بە تۆمەتی پەیوەندییان بە پەکەکەوە. تۆمەتی بوونی پەیوەندی بە پەکەکەوە هەر بەتەنها ئاراستەی هەسەدە نەکراوە، بەڵکوو ئامرازێکی سیاسییە بۆ چەندان دەیە بۆ داپڵۆسینی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن، کەمینە، چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان بەکار دێت. هەر لەبەر ئەوە ئەمە تۆمەتێکی سیاسییە کە کەس ناتوانێ خۆی لێ قوتار بکات.

دووەم دیوی باننەتەوەیی، بوونی ململانێکە ئەو ڕاستییەیە کە هێزە سیاسییەکانی تر خۆیان لە پەکەکە دوور خستووەتەوە، بەڵام تەواو دڵی تورکیای ڕازی نەکردووە. پەرەسەندنەکانی باکووری عێراق ئەوە دەسەلمێنێ. کوردستانی عێراق بە ئەمری واقیع لە (١٩٩١)ەوە بووە بە هەرێمێکی خۆسەری لەدوای شەڕی دووەمی کەنداو. لە ١٩٩٢دا سەددام حسێنی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق مۆڵەتی دا بە تورکیا کە بێتە ئاسمانی عێراقەوە بۆ شەڕی دژی پەکەکە. بەپێی ڕێککەوتنی ١٩٩٨ی واشنتۆن و ئەنکەرەی نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا،

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبوو هەردوو لا بەتایبەتی یارمەتیی تورکیا بدەن لە شەڕی دژی پەکەکە، لە دەرئەنجامدا ململانێی نێوان پەکەکە و تورکیا گوازرایەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕەزامەندیی بەغداد و هەولێر. لەدوای (٢٠١٦)ەوە شەڕەکان گوازرانەوە بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی زۆربەی شەڕەکان لە باشووری تورکیا ڕوویان دەدا پێش ئەو کاتە (International Crisis Group، ٢٠٢٠). ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شەڕ و زیانەکان لەدوای ڕێککەوتنی واشنتۆنەوە زیاتر بووە و کەمی نەکردووە، هەر چەندە ئایدیایەکی ڕێککەوتنەکە چارەکردنی پرسی پەکەکە بوو بە ڕێگای سەربازی. لە هەمووی گرنگتر، نەرمینواندن و جێبەجێکردنی خواستەکانی تورکیا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە تەنها گۆڕەپانی شەڕەکەی گواستووەتەوە و لە ٢٠٢١ ئەگەری زیادبوونی زیاترە. توێژینەوەکانی سایتی هەواڵی کوردستان تایمز ئاماژە بەوە دەکەن کە تێچوونەکانی شەڕی پەکەکە بە یارمەتیی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار لە بودجەی تورکیای ٢٠٢١دا پارەی بۆ تەرخان کراوە (کوردستان تایمز، ٢٠٢١).

بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێ چاودێران دەیڵێن، ململانێکە لە ئێستادا تەنها لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکوو لەلایەن هاوڵاتیانی مەدەنییەوە لە باکووری عێراقدا بەگشتی وەکوو هەڕەشە دەبینرێت. ئامارەکانی عەرەب بارۆمیتەر ئاماژە بەوە دەکەن کە تەداخولەکانی تورکیا، لەلایەن خەڵکی لە باکووری عێراق وەکوو هەڕەشە دەبینرێت. زۆربەی خەڵکی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوونی تورکیا بە مەترسی و هەڕەشە دەبینن بۆ سەقامگیری. ئەوەی کە ئەم هەڕەشەیە بەتایبەتی ڕووی لە کوردە لەوەدا دەردەکەوێت کە خەڵکی ئەو ناوچانەی زۆرینەی عەرەبن، تەنها لە سەددا یەکیان تورکیا وەکوو هەڕەشە دەبینن.

بەکورتی: دەرئەنجامی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق دەریدەخات کە خۆبەدوورگرتن لە پەکەکە گرفتەکەی چارەسەر نەکردووە، هیچ هۆکارێک نییە کە باوەڕمان وا بێت ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە ئایندەی سووریادا. تورکیا زیاتر لە ٣٦ ساڵە سەرقاڵی شەڕی پەکەکەیە و پەکەکە هەر بەردەوامە لە ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ناو ڕیزەکانی، لە ئێستاشدا بەربڵاوترین هێزی گەریلایی کوردە.

لەبەر ئەوە بۆ ئایندەی سووریا لەدوای شەڕ، بێمانایە پێمان وا بێت چارەسەر تەنها لای هەسەدەیە، بەپێچەوانەوە، ئاشتی هەمیشەیی لە باکووری سووریا پەیوەندیی بە ململانێ سەرانسەرییەکەی نێوان تورکیا



**هەڵبژاردنی مەکگۆرگ وەکوو بەرپرس لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا، پەیامێکی تێدایە بۆ تورکیا. کەم کەس هەیە لە دیپلۆماسیەتی ئەمەریکیدا هێندەی مەکگۆرگ پەیوەندیی هەبووبێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق و خۆسەریی باکوور و ڕۆژئاوای سووریا.**

و پەکەکەوە هەیە. هەرێمی کوردستانی عێراق وەکوو نموونەیەک نیشانی دەدات کە هەوڵەکانی پێشوو بە نێوانگیریی ئەمەریکا کە تێیدا فشار لە هێزە کوردییەکان کراوە خواستی تورکیا تێر بکەن، شکستی هێناوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئەرزی واقیعدا.

**کابینەی نوێی بایدن**

کابینەکەی بایدن لە (٢٠)ی مانگی (١) ەوە سوێندیان خوارد و کەوتنە سەر کار. جێی خۆیەتی سەیری بژاردەکانی بایدن بکەین بۆ هەندێ لە پۆست و پێگەکان. بە هەڵبژاردنی ئەنتۆنی بلینکن، لیۆڵد

ئۆستن و برێت مەکگۆرگ؛ بایدن سێ سیاسەتداڕێژەری داناوە کە ئەزموون و کاری ڕابردوویان دەیسەلمێنێت سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت لە پەیوەند بە تورکیا و ڕۆڵی کوردەوە لە سووریادا.

بایدن دیپلۆماتێکی ٥٠ ساڵەی وەکوو بلینکنی بۆ وەزیری دەرەوە هەڵبژاردووە. لە ئیدارەی ئۆبامادا بلینکن یاریدەدەری یەکەمی سکرتێر و دواتریش ڕاوێژکاری ئەمنیی جێگر سەرۆک بووە و دواتریش بووە بە جێگری وەزیری دەرەوە. بلینکن شێوازی ڕاگرتنی دڵی تورکیا و بەکارهێنانی هێزە کوردییەکانی بۆ شەڕی داعش پێ باش بووە. بلینکن لە وتارێکیدا بۆ نیویۆرک تایمز لە ٢٠١٧-دا، "بۆ شکاندنی داعش؛ کوردەکان پڕچەک بکەن"، (Blinken, ٢٠١٧) دەڵێت -ئەڵبەت ئەوکات هێشتا داعش ڕەقەی بەدەستەوە بوو-: "هەسەدە دەتوانێ بەسەر شەڕی سەختی ناوشاری داعشدا سەر بکەوێت، تەنها ئەو کاتەی کە پڕچەک بکرێت". بلینکن ئامۆژگاریی ئیدارەی ترەمپی کرد کە "هەر هاوکارییەک بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی بدەین، دەبێت تەنها بۆ ئەرکێکی دیاریکراو بێت، تەنها ئەوەندە بێت کە ئەرکەکەی پێ ئەنجام بدرێت، نەک ئەوەندە بێت بگات بە دەستی پەکەکە" (Blinken, ٢٠١٧). بلینکن زۆر جار ئەوەی گوتووە کە سیاسەتی ملدان بە داواکارییەکان، تورکیای هاوپەیمانی ناتۆ لە باکووری سووریا ئەهوەن دەکاتەوە.

هەڵبژاردەکەی بایدن بۆ وەزیری بەرگری کە لۆیلد ئۆستنە، بەوە ناسراوە کە ڕەخنەگری سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما بووە و کەمتر باوەڕی بە دەستتێوەردانی ئەمەریکا هەبووە لە دەرەوەدا (Perry, ٢٠٢٠). ئەوەی دەزانرێت لە بارەی ئەم جەنەراڵە سەربازییەوە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای کردووە لە ٢٠١١دا لە عێراق، هەر چەندە لەگەڵ شێوازی جێبەجێکردنەکەیدا نەبووە. ئۆستن داڕێژەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە دژی داعش و ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بایدن کردوویەتی بە وەزیری بەرگری (Biden, ٢٠٢٠). هەر لەو بوارەدا ئۆستن لە یەکەمین ئەو کەسە سەربازییانەی ئەمەریکایە کە پێکەوە کاری لەگەڵ هەسەدە کردووە، ئەویش کاتێک کە ئۆستن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا بووە لە ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٦. ئۆستن کە خۆی داڕێژەری ستراتیژیەتی دژی داعشە لە کاتێکدا بەرەوپێشچوونەکانی ئەم ڕێکخراوە دونیای شۆک کردبوو، باش دەزانێت دەستکەوتەکانی دژی ئەم ڕێکخراوە دەکرێت بەخێرایی لەدەست

بچن. تێگەیشتنەکانی ئەو بۆ گرنگیی هێزە کوردییەکان لە تێکشکاندنی داعشدا لەوانەیە گرنگ بێت بۆ چاکسازی لە سیاسەتی ئەمەریکادا.

بژاردەیەکی دیکەی گرنگی بایدن؛ برێت ماکگۆرگە. ئەو کە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بوو لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بەوە ناسراوە دژی فراوانخوازییەکانی تورکیایە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا. ماکگۆرگ تەنانەت دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە لە کۆتایی ٢٠١٨دا، وەکوو دژایەتییەک بۆ بڕیاری یەکەمی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزە زەمینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی سووریا (Harb and Ragip, ٢٠٢١). هەڵبژاردنی مەکگۆرگ وەکوو بەرپرس لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا، پەیامێکی تێدایە بۆ تورکیا. کەم کەس هەیە لە دیپلۆماسیەتی ئەمەریکیدا هێندەی مەکگۆرگ پەیوەندیی هەبووبێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق و خۆسەریی باکوور و ڕۆژئاوای سووریا. هەڵبژاردنی بۆ ئەو پۆستە؛ لەناو میدیای تورکیدا دەنگی دایەوە و هەندێ بە هاریکاریی پەکەکە تۆمەتباریان کرد وەکوو ئەوەی مەولوود چاوشئۆغلوو لە ٢٠١٧ کردی (Harb and Ragip, ٢٠٢١).

بڵندترین دەنگی ڕەخنەگر لە ئیدارەی بایدندا ڕەنگە بایدن خۆی بێت. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نیویۆرک تایمز لە ٢٠٢٠، بایدن دووبارە دەیڵێتەوە کە دەبێ ئەردۆگان باجی هەڵەکانی بدات وەکوو ئەوەی لە ٢٠١٩دا وتی. بایدن بەتایبەتی قسەی لە بارەی مامەڵەی تورکیاوە کرد لەگەڵ کوردەکاندا نەک هەر لە خاکی دەرەوەدا، بەڵکوو کوردەکانی ناو تورکیا خۆشی. بایدن دەڵێت: "دەمەوێ ئەوە ڕوون بێتەوە کە ئێمە شێوازێکمان هەبوو کە کوردەکان ویستیان ئاوێزانی پڕۆسەی سیاسی ببن لە تورکیادا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە... ئەردۆگان دەبێ باجەکەی بدات، دەبێ باجەکەی بدات و بزانین ئێمە بەردەوام دەبین لە فرۆشتنی چەک بەوان" (The Editorial Board of NYt, ٢٠٢٠). جیاواز لە بلینکن، بایدن چاوی لەسەر پەرەسەندنی سیاسەتە دژەدیموکراسییەکانە لە ناوخۆی تورکیادا لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی (٢٠١٦) ەوە و دەڵێت: "ئەردۆگان شکستی هێناوە، لە ئەستەنبوڵ شکستی هێنا، لە پارتەکەی خۆی شکستی هێنا. کەواتە ئێستا چی بکەین؟ ئێمە هەر ئاوا دانیشین و تەسلیم بین؟ کۆتا شتێک من بمکردایە ئەوە بوو لە مەسەلەی کوردەکاندا بەقسەی ئەردۆگان بکەم، ئەوە هەر قابیلی کردن نەبوو" (The Editorial Board of NYt, ٢٠٢٠).

## ئایندەی سیاسەتەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا

هەرسێ بژاردەکەی بایدن پێشتر لە ئیدارەی ئۆبامادا خزمەتیان کردووە، لەبەر ئەوە پرسیارێکی گرنگ لە مانگەکانی داهاتوودا ئەوەیە ئایا ئیدارەکەی بایدن بەردەوامیدانە بە هەمان شێوازەکەی ئۆباما. ئۆباما بەوە ناسرابوو کە دەیویست "شەڕە هەمیشەیی"یەکان کۆتایی پێ بێنێت و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، بەڵام گفتوگۆکە لەوانەیە جیاواز بێ لە ئێستادا. گفتوگۆکە لە ئێستادا لەسەر ئەوەیە چۆن نەک هەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە بکشێتەوە، بەڵکوو بەجددی کێشەکان چارەسەر بکرێن و ململانێ نەمێنێت. بڕوای ئۆباما ئەوە بوو کە یان ئەوەتا بەزۆری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار بێت، یاخود پشتگیریی ئەو حکومەتانە بکرێت کە سەقامگیری دابین دەکەن. ئەو حساباتە ئیشی خۆی نەکرد بەتایبەتی لە مەسەلەی تورکیادا. فرەلایەنی هیچ کاریگەرییەکی نییە کاتێک ئەو پشت بە یەکتر بەستە لەنێوان وڵاتاندا ڕێگری دەکات لە وەستانەوە دژی ڕەوتی دژەدیموکراسی و فراوانخوازیی یەکێ لە وڵاتەکان، نموونەی تورکیا لە ئێستادا ڕوونە.

لە ٢٠١٩-ەوە زۆر بەکەمی ئەمەریکا دژایەتیی دەستتێوەردانەکانی تورکیای کردووە لە لیبیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بۆ نموونە جووڵە تاکلایەن و لەناکاوەکانی، هێرشە ئەتنیکییەکانی دژی ناوچە کوردییەکان لە سووریا و عێراق. لە کۆتاییدا چارەسەری سووریای دوای داعش کە ئارامی و ئاشتیی سەقامگیر بۆ ناوچەکە بهێنێت، لەسەر دۆخی سیاسیی هەرێمی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا وەستاوە و ئەمەش بەبێ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان تورکیا و پەکەکە بەدەست نایەت. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چەندان ساڵەی نێوان ئەم دووانە لە چەقی ململانێکانی کوردەکانە لە عێراق و سووریا لەگەڵ سەربازانی تورکیا.

بۆ ئەوەی جووڵەیەکی بەڕاستی کاریگەر هەبێت، دوو هەنگاو پێویستە بنرێت: یەکەم: گفتوگۆی ئاشتیی فرەلایەنەی فەرمی لەنێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا دەبێ دەست پێ بکات کە لە ئەمەریکا و ئەورووپا ئەنجام بدرێت. دووەم: نەخشەڕێگایەک بۆ خۆبەڕێوەبەریی کورد دابنرێت کە لەسەروو ئەو مشتومڕە ساختەیەی سەربەخۆیی و سەر بە ئەوی تر بێت و چاوی لە بنیادنانی دامەزراوە بێت لە هەرێمە کوردییەکانی عێراق و سووریا.

ئەگەر بایدن دەیەوێت ئەمەریکا بگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا دەستپێکردنی گفتۆگۆیەک لە بارەی چوارچێوەی سیاسیی خۆسەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا سەرەتایەکی باش دەبێت بۆ ئەو گەڕانەوەیەی ئەمەریکا. ئەم گفتوگۆیە ناکرێت بەبێ گێڕانەوەی تورکیا بۆ پرۆسەکە، ئەویش پرۆسەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەکەکە. ئەگەر ئەم گفتوگۆیە سەری گرت و ستاتۆیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بۆ کوردانی سووریا قسەی لە بارەوە کرا، ئەوکات ئەمەریکا دەتوانێ بەبەهێزی دژی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە بوەستێتەوە.

سیاسەتێکی ڕوونی ئەمەریکا لە بارەی تورکیاوە وەها دەکات ئەورووپاش بەهێزتر و ڕێکتر لەگەڵ تورکیا مامەڵە بکات لە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، لیبیا و ئەرمینیا. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەورووپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا پێداچوونەوەیەک بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا بکەن. لە ئێستادا نە گفتوگۆی هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەورووپا لەئارادایە و نە مەسەلەی سزادانی تورکیا. ئەم چەقبەستنە سیاسییە ناکرێت ناکۆتا بەردەوام بێت، ئەمە هانی تورکیا دەدات سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی زیاتر تاقی بکاتەوە. لەسەروو ئەوەشەوە ئەڵمانیا دەبێت هەوڵ بدات دەسەڵاتی تورکیا لەناو ئەڵمانیادا کەم بکاتەوە، بەتایبەتی لە دژی ئەو دژبەرە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنانەی پەنایان بۆ ئەڵمانیا هێناوە. بەشێکی بێدەنگیی ئەڵمانیا پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئاگادارە لەم دەسەڵاتەی تورکیا. دەبێ تۆڕەکانی حکومەتی تورکی لەناو ئەڵمانیادا هەڵبوەشێنرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانی تورکیا لە خاکی ئەڵمانیادا سەلامەت بن و سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیاش نەچەمێتەوە لە ئاست داخوازییەکانی تورکیادا.

سەرچاوەکان:

١. Arab Barometer (٢٠١٩), Survey Data on Iraq from AB Wave V (٢٠١٩–٢٠١٨), www.arabbarometer.org/survey-data/ (٢٨ December ٢٠٢٠).

٢. Balanche, Fabrice (٢٠٢٠), The Fragile Status Quo in Northeast Syria, www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/fragile-status-quo-northeast-syria (٢٨ December ٢٠٢٠).

٣. Biden, Joe (٢٠٢٠), Why I Chose Lloyd Austin as Secretary of Defense, www.theatlantic.com/ideas/archive/١٢/٢٠٢٠/secretary-defense/٢) /٦١٧٣٣٠ January ٢٠٢١).

٤. Biden, Joe (٢٠١٩), Campaign ٢٠٢٠ Joe Biden in Davenport, Iowa, www.c-span.org/video/?١ -٤٦٥٢٨٦/joe-biden-

for war between KRI and PKK" ), https://kurdistantimes.org/٢٤/٠١/٢٠٢١/%d٨
%af%db%٨٦%da%a%٩db٨%c%d%٨٨%٩d%٨٥%٩db٨%e%d%٨٦%٩d%٨aa-%d%٩
%٨٨db%٩٥%d%٨b%٢d%٨a%٧d%٨b%١db%٩٥%d%٨aa%db٨%c-%d%٨a%٨db٩%
%٥d%٨b%١da%af% d%٨b%١db٨%c%d b٨%c-%d%٨a a%d%٨٨%٩d%٨b%١da%a%٩
db٨%c%d%٨a%-٧d%٨aa%db٢٤) /٩٥% January ٢٠٢١).

١٠. O'Donnell, Sean W., Matthew S. Klimow, and Ann Calvaresi Barr (٢٠٢٠), Operation
Inherent Resolve. Lead Inspector General Report to the United States Congress,
https://media.defense.gov/٢٠٢٠/Nov/١/١-/١-/٢٠٠٢٥٢٨٦٠٨/٠٣/LEAD٢٠%INSPECTOR%
٢٠GENERAL٢٠%FOR٢٠%OPERATION٢٠%INHERENT٢٠%RESOLVE.
PDF (٢ January ٢٠٢١).

١١. Perry, Mark (٢٠٢٠), Lloyd Austin Isn't Who You Think He Is, https://foreignpolicy.
com/١٦/١٢/٢٠٢٠/lloyd-austin-isnt-who-you-think-he-is/ (٢ January ٢٠٢١).

١٢. Raleigh, Clionadh et al. (٢٠١٠), Introducing ACLED – Armed Conflict Location and
Event Data, in: Journal of Peace Research, ٦٦٠–٦٥١ ,٥ ,٤٧.

The Editorial Board of NYT (٢٠٢٠), Joe Biden. Former Vice President of the United
States, www.nytimes.com/interactive/١٧/٠١/٢٠٢٠/opinion/joe-biden-nytimesinterview.
html (٢ January ٢٠٢١).

campaigns-davenport-iowa (٢ January ٢٠٢١).

٥. Blinken, Antony J. (٢٠١٧), To Defeat ISIS, Arm the Syrian Kurds, www.nytimes.
com/٣١/٠١/٢٠١٧/opinion/to-defeat-isis-arm-the-syrian-kurds.html (١٥ December
٢٠٢٠).

٦. Crisis Group (٢٠٢٠), Turkey's PKK Conflict: A Visual Explainer, www.crisisgroup.
org/content/turkeys-pkk-conflict-visual-explainer (١٥ December ٢٠٢٠).

٧. Harb, Ali, and Ragip Soylu (٢٠٢١), Biden Appoints Staunch Turkey Critic Brett McGurk
to National Security Council, www.middleeasteye.net/news/biden-appointsstaunch-
turkey-critic-brett-mcgurk-national-security-council (٩ January ٢٠٢١).

٨. Khalifa, Dareen (٢٠٢٠), The SDF Seeks a Path Toward Durable Stability in North
East Syria, www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/eastern-mediterranean/
syria/sdf-seeks-path-toward-durable-stability-north-east-syria (٣٠ November
٢٠٢٠).

٩. Kirkpatrick, David D., and Eric Lipton (٢٠١٩), Behind Trump's Dealings with Turkey:
Sons-in-Law Married to Power, www.nytimes.com/١٢/١١/٢٠١٩/us/politics/
trump-erdogan-family-turkey.html?auth=login-email&login=email (٢٩ December ٢٠٢٠).

Kurdistan Times (٢٠٢١),
(Documents: Ministry of Defence of Turkey announces "planning

# ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# وانە ئەفغانستانییەکان لە عێراق؛
## ئەگەرەکانی پاش ڕۆڵگۆڕێن یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



لەگەڵ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ٢٠١١ لە عێراق کشایەوە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی داعش و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی زۆری عێراق، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش لەسەر داوای بەغداد ٣٠٠٠ هەزار سەربازی ڕەوانەی عێراق کرد کە ٢٥٠٠ سەربازیان ئەمەریکی بوون. لە ٥ی



کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ و دوو ڕۆژ دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی؛ فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران و ئەبو مەهدی موهەندیس؛ جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، پەرلەمانی عێراق کۆ بووەوە و دەنگی لەسەر دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە عێراق دا.

دوای ئەوەی ئەمەریکا بڕیاری دا هەموو هێزەکانی لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە و ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت، چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ماوەی مانگێکدا دەستیان بەسەر سەرجەم شارەکانی ئەفغانستاندا گرت، تاڵیبان بەبێ تەقە چووە ناو کابوڵ و دوای ٢٠ ساڵ؛ فەرمانڕەوایەتیی خۆیان سەپاندەوە.

پاش ١٨ ساڵ لە مانەوەی ئەمەریکا و کوژرانی چوار هەزار و ٥٨٦ سەرباز، دواجار ئەمەریکا و حکومەتی عێراق ڕێک کەوتن کۆتایی ئەمساڵ سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەم کشانەوەی هەم پێشوازیی لێ کرا و هەم بەتوندیش ڕەت کرایەوە، بەشێک لە سیاسییەکان دەڵێن هەمان ئەزموونی ئەفغانستان لە عێراقیشدا دووبارە دەبێتەوە و بەشێکی دیکەش بۆچوونیان وایە عێراق و ئەفغانستان

دوو ئەزموونی جیاوازن و بەراوردکردنیان هەڵەیەکی گەورەیە.

مستەفا کازمی لە کاتـــی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیرانەوە لەژێر فشاری تاران و گرووپە چەکدارەکـــان و بەشێک لە حیزبە سیاسییەکـــاندا بووە تا کـــۆتایی بە بوونی هێزە بیانییەکان لە عێراق بهێنێت، لە کاتێکادا کازمی و حکومەتەکەی و سەرجەم لایەنەکانیش دەزانن مانەوەی ئـــەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ مانەوەی حکومەت و سوپای عێراق پێویستـــییە. هەر بۆیە کازمی لە دوایین دیداریدا لەگەڵ جۆ بایدن؛ سەرۆکی ئەمەریکا، لە کۆتایی مانگی تەمموز، بە بەردێک دوو نیشانەی شکاند؛ تا ئاستێکی زۆر گرووپەکانی دژ بە ئەمەریکای بێدەنگ کرد بەوەی کۆتایی ئەمساڵ هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە پێی ئەمەریکای لە عێراق قایم کرد و بە ناوی ڕاوێژکار و ڕاهێنانەوە درێژەی بە مانەوەی ئەمەریکا دا. هەر بۆیە گرووپە چەکدارەکان و بەشێک لە سیاسییەکان دەڵێن: "کشانەوەی ئەمەریکا تەنها فێڵە و ئەوەی گۆڕاوە ناوی سەربازەکانە بۆ ڕاوێژکار".

جۆ بایدن؛ سەرۆکی ئەمەریکا لە وتارێکیدا لە بارەی کشانەوە لە عێراق دەڵێت: "من نیگەرانم لە بارەی ئەو ڕاستییانەی ئێستا لە بەردەمماندان، بەڵام پەشیمان نیم لە بڕیاری کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەمەریکا لە عێراق و کۆکردنەوەی سەرنجمان لەسەر هەوڵەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکانی دیکەی جیهان."

## دوو ئەزموونی جیاواز

هەرێمی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی بەگشتی لەگەڵ مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکاندان و پێیان وایە کشانەوە لە بەرژەوەندیی هەرێم و عێراقیشدا نییە و ڕەوشی ئێستا و هەڕەشەی داعش وا دەخوازێت ئەم هێزانە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە.

مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای کۆنترۆڵکردنی کابوڵ لەلایەن تاڵیبانەوە و بەراوردکردنی عێراق و کورردستان و ئەفغانستان بە یەکتر، بۆچوونی خۆی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: "تەوژمێکی سیاسی و میدیایی بە ئاراستەی دروستکردنی دڵەڕاوکێ و نائومێدی لەناو خەڵکی کوردستاندا کار بۆ بەراوردکردنی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەفغانستان دەکەن، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەفغانستان و کوردستاندا هەیە، جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان پێشمەرگە

و سوپای ئەفغانستان هەیە. پێشمەرگە زادەی مێژوو و خوێن و فرمێسکی گەلی کوردستانە، خاوەنی سەدان داستانی مێژوویی و قارەمانێتییە. دۆخی کوردستان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەموو شوێنەکانی تر. ئێمە پێشمەرگەی قارەمان و هێزمان هەیە و لە هەمووشی گرنگتر میللەتێکین خاوەن ئیرادە و قەزیەین. هەر کەسێکیش بیەوێ نائومێدی و خۆبەکەمزانین و بەراوردی نابەجێ لەناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، دیارە هێشتا نەیتوانیوە لە ئیرادە و خۆڕاگریی گەلەکەی تێبگات."

بەرهەم ساڵح؛ سەرۆککۆماری عێراق لە تویتەری خۆیەوە ڕایگەیاند دەرئەنجامی گفتوگۆی ستراتیژی (کشانەوەی ئەمەریکا لە کۆتایی ٢٠٢١) گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و سەروەریی عێراق کە بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمیی سەرۆکوەزیران بەدەست هاتووە.

نێچیرڤان بارزانی دوای ڕێککەوتنەکەی کازمی و بایدن، بەبێ ئەوەی باسی کشانەوەی ئەمەریکییەکان بکات، وتی: "پێشوازی لە ئەنجامی دیالۆگی ستراتیژیی عێراق-ئەمەریکا دەکەم کە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بەهێزکردنی هاوبەشیی ستراتیژیی درێژخایەن لەسەر پرسە سەرەکییەکانی وەک سەقامگیریی ناوچەکە، هاریکاریی ئابووری و کولتووری. دەستخۆشی لە هەوڵەکانی سەرۆکوەزیر کازمی و تیمی عێراق دەکەم." بەڵام ساڵێک پێش ئێستا بارزانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمۆنیتەر باسی لەوە کرد: "هێزەکانی ئەمەریکا

بە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤دا هاتوون، هەروەها بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش کاتێک داعش لە دەوروبەری بەغدا بوو. وەک هەرێمی کوردستان نیگەرانی ئەم دۆخەین و لەگەڵ کشانەوەدا نین. هەموو زانیارییە هەواڵگرییەکان دەریدەخەن کە داعش خۆی ڕێک خستووەتەوە و ڕۆژانە هێرش بۆ سەر پێگەکانی عێراق ئەنجام دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا چەندە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، هێندەش لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقە کە هێزەکانی ئەمەریکا لەم کاتەدا لێرە بمێننەوە. ئێمە بڕوای تەواومان بەوەیە کە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان پێویستە بۆ هەموو عێراق."

مەلا بەختیار؛ ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی، بەراوردکردنی ئەفغانستان بە کوردستان بە هەڵە دەزانێت و دەشڵێت: "من لە کشانەوەی ئەمەریکا ناترسم

و ئەگەریش لایەنەکان یەکگرتوو بن، ئەوا بە کشانەوەی ئەمەریکییەکانیش نارووخێین. من پێم وایە بە کشانەوەی ئەمەریکا ئێمە لە جێی خۆمان دەبین، بۆیە من تەنیا لە کشانەوەی ئەمەریکا ناترسم ئەگەر ڕێککەوتنێک نەبێت لەنێوانی دەوڵەتە گەورەکان و ئەمەریکا و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیاسەتەکانیان و ئەمنیان و بەرژەوەندییان."

فازڵ میرانی؛ سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بە دوور دەزانێت و بۆچوونیـــــشی وایە بەراوردکردنی ئەفغانستان بە عێراق هەڵەیە و دەڵێت کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان؛ کشانەوەیە لە یەک وڵات، بەڵام کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق واتە کشانەوە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ترسی سوننەکان و ڕەتکردنەوە

سوننەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لاواز بوون و ناوچەکانیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی میلیشیا شیعەکان، بەتوندی کشانەوەی ئەمەریکا ڕەت دەکەنەوە و بە مەترسیی دەزانن بۆ سەر لاوازبوونی تەواوەتییان و زیادبوونی هەژموونی شیعە و تاران لە عێراق و ناوچەکانیان. هەر بۆیە هەموو سوننەکان کشانەوە ڕەت دەکەنەوە و ئەو سیاسییە سوننانەشی پشتگیریی دەرئەنجامی گفتوگۆی ستراتیژی دەکەن، باسی کشانەوە ناکەن.

محەمەد حەلبوسی؛ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت وڵاتەکەی دەستکەوتێکی گەورەی بەدەست هێناوە بە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکا و عێراق لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسییشەوە لە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا سەرکەوتوو بووە لەگەڵ واشنتن.

پێش ڕێککەوتنی کشانەوەی ئەمەریکاش، هێز و کەسایەتییە سوننەکان لە هەولێر کۆ بوونەوە و کشانەوەی ئەمەریکایان لە عێراق ڕەت کردەوە و ڕایانگەیاند کشانەوەی ئەمەریکا؛ عێراق دەخاتە ناو پاشەگەردانی و تونێلێکی تاریکەوە، ئەمەش واتای ڕادەستکردنی عێراقە بە ئێران لەسەر سینییەکی ئاڵتوونی.

## پێشوازیی بەکۆمەڵ

هێزە سیاسییە شیعەکان پشتیوانی لە کشانەوەی بێچەندوچوونی ئەمەریکییەکان دەکەن و پێیان وایە تاکوو ئەمەریکا لە عێراقدا بێت، وڵاتەکە سەقامگیر نابێت.

هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری کە خاوەن ٤٧ کورسیی پەرلەمانە و زۆرترین باڵەکانی حەشدی شەعبییشی لەخۆ گرتووە، پێشوازیی لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و کشانەوەی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵدا کرد و ڕایگەیاند ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی و پێشکەوتووە و بۆ دابینکردنی سەروەریی نیشتمانیی تەواوەتیی وڵات.

هاوپەیمانیی نەسر کە خاوەن ٤٢ کورسییە و لەلایەن حەیدەر عەبادیی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، پشتیوانیی خۆی بۆ کشانەوەی ئەمەریکا ڕاگەیاند و ڕێککەوتنەکەی بە سەرکەوتن بۆ عێراق و ئاشتبوونەوە و سەروەریی ناو برد.

موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر نەک هەر پێشوازیی لە کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان و گفتوگۆی ستراتیژی کرد، بەڵکوو داواشی لە گرووپە چەکدارەکان کرد هێرشە چەکدارییەکانیان بۆ سەر هێزە ئەمەریکییەکان ڕابگرن و هاوکاریی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان بکەن بۆ دابینکردنی ئاسایش.

هادی عامری؛ سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح، لەو سیاسییانەی عێراقە بەردەوام داوای چوونەدەرەوەی ئەمەریکییەکانی دەکرد و دوو مانگ بەر لە ڕووداوەکانی ئەفغانستانیش ڕایگەیاند: پێویستە گفتوگۆی نێوان لیژنەی هونەریی ئەمەریکا و عێراق دەرەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە و هەنگاوێک بێت بە ئاراستەی دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی سەرجەم هێزە بیانییەکان لە عێراقدا و تەواوی بنکە ئاسمانییەکانی عێراق لە بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد و ناوچەکانی تر بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکان و سنوورێک بۆ پێشیلکارییەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دابنرێت.

## گومان و ڕەتکردنەوە

قەیس خەزعەلی؛ ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق، پێش ڕێککەوتنەکەی کازمی و بایدن بۆ کشانەوەی ئەمەریکییەکان وتی: ئەمەریکا نیازی نییە بکشێتەوە و بە ناوی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەوە بۆ هەمیشە لە عێراق دەمێنێتەوە و مامەڵەی فەرماندەکانی ئەمەریکاش بەڵگەی ئەو "ڕاستییەن". دوای ڕێککەوتنەکەش وتی: ئەمەریکا نایەوێت لە عێراق بکشێتـــەوە، دەرئەنجامی گفتوگۆی سەربازییش کشـــانەوەی ئەمەریکا نییە و هەمووی درۆ و فێڵ و یاریکردنە بە دەربڕین و وشەکان و بایدن و کازمییش بەڕوونی باسی کشانەوەیان نەکردووە.

ئه‌حمه‌د ئه‌سه‌دی؛ وته‌بێژی هاوپه‌یمانیی فه‌تح ده‌ڵێت: "گۆڕینی هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له‌ شه‌ڕه‌وه‌ بۆ ڕاوێژکاری، فێڵێکی گه‌وره‌ی ئه‌مه‌ریکایه‌ و لیژنه‌ی ئاسایش و به‌رگریی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق به‌دواداچوون بۆ ژماره‌ و شوێنی هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا ده‌کات".

نه‌سر شمه‌ری؛ جێگری ئه‌میندار گشتیی گرووپی نوجه‌با و وته‌بێژی فه‌رمیی گرووپه‌که‌ ڕایگه‌یاندووه‌: باسی گۆڕینی هێزه‌ داگیرکه‌ره‌کانی ئه‌مه‌ریکا له‌ هێزی شه‌ڕکه‌ره‌وه‌ بۆ ڕاوێژکار، ته‌نیا فێڵێکی بێبه‌هایه‌ و یه‌ک واتای هه‌یه‌ که‌ بریتییه‌ له‌ چوونه‌ده‌ره‌وه‌ له‌ ده‌رگه‌ و هاتنه‌ژووره‌وه‌ له‌ په‌نجه‌ره‌وه‌، ئه‌م کاره‌ش زیادکردنی ژماره‌ی ئه‌و هێزانه‌یه‌ بۆ چه‌ند هێنده‌، چونکه‌ هه‌ر ڕاوێژکارێکی ئه‌مه‌ریکی چه‌ند سه‌ربازێکی وه‌ک یاریده‌ده‌ر له‌گه‌ڵدا ده‌بێت، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ پاسه‌وان و پاڵپشتیی لۆجستی، به‌م پێیه‌ش بوونی ٥٠ ڕاوێژکاری ئه‌مه‌ریکی ڕه‌نگه‌ به‌ واتای بوونی ٥ هه‌زار سه‌ربازی ئه‌مه‌ریکی بێت، واته‌ ئه‌وه‌ی ده‌گۆڕێت ته‌نها ناونیشان و زیادبوونی ژماره‌ی سه‌ربازه‌کانه‌.

"هاریکاریی به‌رگریی عێراقی" هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ده‌رئه‌نجامی گفتوگۆی ستراتیژی و کشانه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکایان به‌و جۆره‌ ڕه‌ت کردووه‌ که‌ له‌ ڕێککه‌وتنه‌که‌دا هه‌یه‌ و به‌ فێڵ ناوی ده‌به‌ن، ده‌شڵێن له‌ هه‌ر ساتێکدا ئه‌گه‌ری پێکدادانیان له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ریکییه‌کان هه‌یه‌، چونکه‌ ئه‌مه‌ریکا بۆ کشانه‌وه‌ی؛ ڕاستگۆ و پێداگر نییه‌.

بزووتنه‌وه‌ی ئه‌لنوجه‌با له‌ ڕێگه‌ی سه‌رکرده‌یه‌کیه‌وه‌ به‌ ئاژانسی ڕۆیته‌رزیان وتووه‌ گرووپه‌ ئیسلامییه‌ شیعه‌کان متمانه‌یان به‌ ئه‌نجامی خولی چواره‌می کۆتایی کشانه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا له‌ وڵات نییه‌ و شه‌قامی عێراق واده‌یه‌کی زیاتر ده‌دات به‌ حکومه‌تی عێراق و لایه‌نی ئه‌مه‌ریکی. ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی پێویسته‌ به‌ده‌ستی نه‌هێنێت، ئه‌وا شه‌قام له‌ دژی داگیرکاریی ئه‌مه‌ریکا مانگرتنی به‌ئازار ئه‌نجام ده‌دات.

## له‌نێوان کشانه‌وه‌ و مانه‌وه‌دا

تا ئێستاش سیاسییه‌کانی عێراق ناکۆکن له‌سه‌ر کشانه‌وه‌ی عێراق و به‌راوردکرنی عێراق به‌ ئه‌فغانستان، خێرایی ڕووداوه‌کانیش وه‌های کردووه‌ هه‌ندێک جار بۆچوونه‌کان ڕوون نه‌بن و گۆڕانکارییشیان به‌سه‌ردا بێت.

نووری مالکی؛ سه‌رۆکی هاوپه‌یمانیی ده‌وڵه‌تی یاسا، له‌ باره‌ی کشانه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکییه‌کانه‌وه‌ ده‌ڵێت: کورد و سوننه‌کان نایانه‌وێت هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا بکشێنه‌وه‌ له‌ کاتێکدا بوونی ئه‌مه‌ریکا مه‌ترسییه‌ بۆ سه‌ریان، عێراقیش به‌

هیچ جۆرێک پێویستی بە مانەوەی ئەمەریکییەکان نییە. مالکی بۆچوونیشی وایە ئیدارەکەی بایدن وەک ئەفغانستان هێزەکانی لە عێراقیشدا دەکشێنێتەوە.

غەیب تەمیمی؛ سیاسەتمەداری عێراقی دەڵێت: "ئەمەریکا سەربازەکانی لە عێراق ناکشێنێتەوە و هەموو ئەوەی کە ڕووی داوە بۆ ئەوەیە کە ئەو فشارانە کەم بکەنەوە کە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێرانەوە خراوەتە سەر کازمی و ئەو زانیارییانەی بە من گەیشتووە ئەوەیە کە ئێرانییەکان بە ئەنجامەکانی خولی ڕابردوو ڕازی بوون و بەڵگەکە ئەوەیە کە میحوەری مقاوەمە تا ئێستا بەیاننامەیەکی بڵاو نەکردووەتەوە."

## ئایندەیەکی نادیار

- ڕووداوەکانی ئەفغانستان لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا ترسی لای ئەو عێراقی و هێزانە دروست کردووە کە لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادان، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان لە عێراق و پەیوەندییەکانی بەغدا و واشنتن و هەولێر و واشنتن و بەغداد و هەولێر.

- زۆربەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد پێیان وایە بەراوردکردنی عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستان بە ئەفغانستان هەڵەیە و هەمان ئەزموون دووبارە نابێتەوە، ئەمەش وەها دەکات هەرێمی کوردستان زیاتر کار بۆ نزیکبوونەوە لە واشنتن و قایمکردنی پێگەی ئەمەریکا لە هەرێم بکات.

- هێزە سیاسییە شیعەکان هەمیشە لەگەڵ کشانەوەی ئەمەریکادا بوون و وەک چۆن لە پەرلەمانی عێراق و لە ڕێگەی تیمەکەی کازمییەوە کاریان بۆ کشاندنەوەی ئەمەریکی و بیانییەکان کرد، لە ئایندەدا هەوڵەکانیان بەم ئاراستانەدا چڕتر دەکەنەوە.

- گرووپ و میلیشـــیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران بەتوندی کشانەوەی "ناڕوونی" ئەمەریکا ڕەت دەکەنەوە و چاوەڕوانیش دەکرێت فشار و هێرشی ئەم گرووپانە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان چڕتر ببنەوە.

- کشانەوەی لەناکاوی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، چاوەکانی خستەوە سەر داعش لە عێراق و باس لە ئەگەری گەڕانەوەیان دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش چاوەڕوان دەکرێت داعش چالاکییەکانی "خۆنمایشکردنی" زیاتر بکات، ئەمەش وەهای کردووە ئۆپەراسیۆنی هێزە عێزە عێراقییەکان لە دژی چەکدارانی داعش زیاتر بکرێن.

ئایندەناسی

# کتێبی ئایندەناسی

کتێبی ئایندەناسی

# دووبارە بیرکردنەوە لە شیرازەی نوێی جیهانی

ئامادەکردن: زانا کەریم




ناونیشانی کتێب: دووبارە بیرکردنەوە لە شیرازەی (نەزم) نوێی جیهانی

نووسەر: یۆرگ سۆرێنسن

وەرگێڕ: ئوسامە ئەلغەزوولی

بڵاوکار: ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەبیات - کوێت

ساڵی بڵاوکردنەوە: 2020

ژمارەی لاپەڕە: 335

لەمڕۆدا دەوڵەتە دیموکراسییە لیبراڵەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە قەیراندان، هاوکات ئەو شیرازەە جیهانییە لیبراڵەش کە ئەم دەوڵەتانە لەپاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە دایانمەزراندووە و بەرگریی لێ دەکەن، بووەتە جێگەی پرسیار و مشتومڕ. بیرکردنەوە و پرسیارەکان لە شیرازەی جیهانی (World Order) تازە نین، نەک تەنها لەم قەیرانەی ئێستادا، بەڵکوو لە ترۆپکی سەرکەوتنی هێزە لیبراڵەکانیشدا پاش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، پرسیارکردن لە بارەی ئەم شیرازەە و ڕامان لە ئایندەی، جێگای مشتومڕی بیریار و قوتابخانە جیاوازەکانی کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە. لەنێو ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەدا و بەدیاریکراوییش لەنێو پارادایم (پرادیگما) ی عەقڵانیدا، دەکرێت دوو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە شیرازەی جیهانی دەستنیشان بکەین: تێڕوانینێکی گەشبینانە لە بارەی ئایندەی شیرازەی جیهانییەوە کە پێداگری لەسەر هاریکاری و ئامێزانبوونی زیاتر دەکەن، لە جیهانێکدا کە بەها لیبراڵەکان و دیموکراسی لە نەشونمادایە، هەروەها تێڕوانینێکی ڕەشبینانە کە سێرە لەسەر ناکۆکی و ململانێ دەگرێتەوە و زەنگی ئەگەری داڕمانی شیرازەکە لێدەدات. هەر چەندە ئەم دوو ئاراستەیە یەکێکیان (گەشبینەکە) سەر بە قوتابخانەی لیبراڵگەرایی و ئەوی تریشیان (ڕەشبینەکە) سەر بە قوتابخانەی ڕیاڵگەراییە، بەڵام دواجار هەردووکیان لە چوارچێوەی تێڕوانینی لیبراڵیی عەقڵانیدان بە مانای فراوانەکەی. لێرەوە و لەنێوان ئەم دوو تێڕوانینەوە، کتێبەکەی سۆرێنسن (دووبارە بیرکردنەوە لە شیرازەی نوێی جیهانی) تەونی بیروبۆچوونەکانی دەچنێت و دڕ بە ڕێگای شرۆڤەکردن دەدات. کتێبەکە ساڵی 2016 بە زمانی ئینگلیزی و لەژێر ناوی "Rethinking the New World Order" لەلایەن دەزگای پاڵگرەیڤەوە و لە میانی زنجیرەی "Rethinking"دا بڵاو کراوەتەوە، ساڵی (2020)یش بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە و لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەبیات لە وڵاتی کوێت بڵاو کراوەتەوە.

"یۆرگ سۆرێنسن" (Georg So-rensen) مامۆستای سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئارهوس (Aar-hus) لە دانیمارک و بیریارێکی پڕ بەرهەم لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕوانین و ئارگیومێنتی ئەم دوو ئاراستەیە (لیبراڵگەرایی و ڕیاڵگەرایی) لە بارەی شیرازەی نوێی جیهانییەوە

بەوردی دەپشکنێت و بەبێ پەسندان و هەڵگرتنەوەی هیچ ئاراستەیەکیان شەنوکەوی بۆچوونەکانیان دەکات و دواتریش شرۆڤە و بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت بڵێین سۆرێنسن لە ئاراستەی لیبراڵگەراوە نزیکترە و ئەمەش لە هەڵبژاردنی "شیرازەی جیهانی" (World Order) لەجیاتیی "شیرازەی نێودەوڵەتی" (International Order) بۆ ناونیشانی کتێبەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە وەرگێڕی عەرەبیی کتێبەکە شیرازەی جیهانیی (النظام العالمي) بە شیرازەی نێودەوڵەتی (النظام الدولي) وەرگێڕاوە و ئەمەش نەدەبوو بکرایە، چونکە ئەم دوو زاراوەیە گوزارشت لە دوو ئاراستە و قوتابخانەی جیاوازی کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن و شارەزایانی ئەم بوارە ئاگاداری وردەکاریی ئەم بابەتەن.

ئەمڕۆ، پەیوەست بە شیرازەی جیهانی، بەدیاریکراوی لەکوێداین؟ ئەمە پرسیاری سەرەکیی کتێبەکەیە و هەروەک خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: ئەمە ئەو پرسیارەیە کە کتێبەکە هەڵوێستەی لەسەر دەکات و بایەخی پێ دەدات. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دید و تێڕوانینی جیاواز و بۆچوونی جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو، بەڵام سەرەکیترینیان تێڕوانینی هەردوو قوتابخانەی لیبراڵگەرایی و ڕیاڵگەراییە. لە دووتوێی کتێبەکەدا سۆرێنسن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وا: هەم لیبراڵگەرا گەشبینەکان و هەم ڕیاڵگەرا ڕەشبینەکان لە هەندێک لە بۆچوونەکانیاندا لەم ڕووەوە ڕاستییان پێکاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕای هەردوو لا کورتبینی و کەمتینیی تێدایە.

پێناسە و بۆچوونی جیاواز لە بارەی چەمکی شیرازەی جیهانی و ئایندەی ئەم شیرازە لەئارادایە، بۆیە "سۆرێنسن" دوای شەنوکەوکردنی پێناسە و بۆچوونەکان، پێناسەی خۆی بۆ شیرازەی جیهانی دەخاتە ڕوو. بەلای سۆرێنسنەوە شیرازەی جیهانی: شێوە حوکمڕانییەکە (ترتيب للحكم) هەم لەناو دەوڵەتاندا، هەم لەنێوان دەوڵەتاندا، بە بەشداریی بکەرگەلێکی تر. پەیوەست بە شیرازەیەکی جیهانیی سەقامگیر کە بەباشی بلەیزێت (جيد الأداء) و ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت، چەند کۆتوبەندێکی نەسەقی لەئارادان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆتوبەندی ناوخۆیی لەئارادان. لە پێناو بنکۆڵکارییەکی دروستی شیرازەی جیهاندا، پێویستە هەردوو ڕەهەندەکە پێکەوە مامەڵە بکرێن. واتە شیرازەی جیهانی لە ڕوویەک لە ڕووەکانیەوە ڕێکخستنێکی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانە، بە بەشداریی

لایەنگەلێکی تر، ئەمەش ڕەهەندی نێودەوڵەتییانەی شیرازەی جیهانییە. لە لایەکی ترەوە شیرازەی جیهانی پەیوەستە بە لایەنی مەرجە کۆمەڵایەتی-سیاسییە سەرەکییەکانی ناوخۆی وڵاتانەوە، ئەمەش ڕەهەندی ناوخۆیی شیرازەی جیهانییە. بۆ تێگەیشتنێکی باشتریش لە شیرازەی جیهانی، پێویستە ڕەچاوی هەردوو ڕەهەندەکە بکرێت.

کتێبەکە لە نۆ بەش پێک هاتووە، سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕی عەرەبیی کتێبەکە (ئوسامە ئەلغەزوولی) پێشکەشکردنێکی بۆ چاپە عەرەبییەکە نووسیوە، "مایکل کۆکس"یش ئیدیتۆری زنجیرەی "دووبارە بیرکردنەوە" (Re-thinking) ڕێخۆشکردنێکی بۆ چاپە ئینگلیزییەکە نووسیوە.

لە بەشی یەکەمدا ئەو شرۆڤە سەرەکییانە خراونەتە بەر باس کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارددا لە بارەی شیرازەی نوێی جیهانییەوە پێشکەش کراون. لەم ڕووەوە تێڕانینی هەردوو قوتابخانەی لیبراڵگەرا و ڕیاڵگەرا دوو تێڕوانینی سەرەکیی ناو تەوژمەکەن، هەروەها بە ڕای "سۆرێنسن" چەند بیردۆزێکی تریش وەک بیرۆزی قوتابخانەی ئینگلیزی و بیردۆزەوانە مارکسییەکانی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی (IPE)؛ توخمی گرنگ و نوێیان بۆ مشتومڕی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە سەربار کردووە.

هەر لەم بەشەدا سێ مشتومڕی تر لە بارەی شیرازەی جیهانییەوە خراونەتە ڕوو، هەر چەند ئەم مشتومڕانە بیردۆز نین بە مانای فراوانی بیردۆز، بەڵام بۆچوونی گرنگیان پەیوەست بە شیرازەی جیهانی خستووەتە ڕوو. مشتومڕی یەکەم لە بارەی "ئیمپراتۆریا بەرانبەر هەرێمگەرایی (re-gionalism)"ە، مشتومڕی دووەم گرنگیی ڕوو لە زیادی بکەرە نادەوڵەتەکانە، هەر چەندە ئەم بکەرانە وەک دەوڵەت گرنگ نین بۆ شیرازەی نێودەوڵەتی، بەڵام ڕۆڵیان ڕوو لە هەڵکشانە، مشتومڕی سێیەمیش بایەخ و گرنگیی ژینگەیە کە بووتە ڕواڵەتێکی هەمیشەیی شیرازەی جیهانیی هەنووکە.

بەشی دووەم و سێیەم و چوارەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەرجانەی کە شیرازەی جیهانیی هەنووکە چێوەبەند دەکەن: لە بەشی دووەمدا مەرجی یاخود ڕەهەندی ناوخۆیی دەوڵەتان شرۆڤە کراوە و بە ڕای "سۆرێنسن" هەموو دەوڵەتان بەبێ جیاوازی تووشی جۆرێک لە فشەڵی (fragility) ناوخۆیی هاتوون کە توخمی پشێوی و ناسەقامگیرین بۆ شیرازەی جیهانی. لە بەشی سێیەمدا ئاراستەی گفتوگۆ

دەگوازێتەوە بۆ ڕەوشی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان، بە سێرەگرتن لەسەر ئەوەی کە مەترسیی شەڕی نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەری پاشەکشێی کردووە و گرفتی شەڕی ناوخۆی دەوڵەتان پەرەی سەندووە. دوای ئەم دوو مەرجە چێوەییە (الشروط الإطارية)، لە بەشی چوارەمدا دەچێتە سەر باسی مەرجی چێوەیی سێیەم، ئەویش دابەشبوون و بونیادی هێزە لە شیرازەی جیهانیدا. "سۆرێنسن" پێی وایە لە ڕووی هێزی ماددییەوە تا ئێستاش (2016)، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهێزترین دەوڵەتی ناو ئەم شیرازەی ئێستایە، بەڵام هێز ڕوویەکی کۆمەڵایەتییشی هەیە و پەیوەستە بە هێنانەکایەی شیرازەیەکی ڕەوا (نظام مشروع) و درێژەپێدانی. وڵاتە یەکگرتووەکان لەم لایەنەوە تووشی گرفتی گەورە دەبێتەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو سێ مەرجە چێوەییەدا کە لە بەشەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا خراونەتە ڕوو، بەشەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم تەرخان کراوە بۆ گەنگەشەکردنی نموونەکانی شیرازەی جیهانی لە گرنگترین بواردا، ئەوانیـــش بواری: ئاسایش، ئابووری، دامەزراوەکان، بەهاکانن.

لە بەشی پێنجەمدا تاوتوێی بابەتە سەرەکییەکانی کارنامەی ئاسایشی جیهانی دەکات، کە بریتین لە: دەوڵەتە فشەڵەکان، شاخ لەیەک گیرکردنی زلهێزەکان و کێبەرکێکانیان لە ناوچە جیاوازەکاندا، پاشانیش ئاسایشی مرۆیی. لە کۆتایی ئەم بەشەدا سۆرێنسن بەو دەرەنجامە دەگات کە وا جیهان بە ئاراستەی قەیران و پشێویی زیاتر دەڕوات.

کاروباری ئابووری و داینامیکە گۆڕاوەکانی جیهانگیری؛ بابەتی بەشی شەشەمە و تاوتوێی پێشبینییە لیبراڵییەکان لە بارەی بەیەکگەیشتن و هاریکاری لە کاروباری ئابووریدا دەکات کە تا ڕادەیەک ڕاست دەرچوون، بەڵام جیهانگیریی ئابووری نابەرابەریی گەورەی لێ کەوتەوە و بەیەکگەیشتن و هاریکارییش لە سنوورێکی تەسکدا مایەوە، ئەمەش بوو بە هۆی پەرچەکرداری نەرێنی بەرانبەر جیهانگیری و هاریکاریی چڕ و فراوان.

بەشی حەوتەم بەدوای بارودۆخی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕەوشی هەنووکەی حەوکەمەی جیهانیدا دەڕوات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە حەوکەمەکە نیوەناچڵە، واتە هەر چەندە بڕێکی زۆر حەوکەمە هەیە، بەڵام لە سنووری دابینکردنی چارەسەری کورتمەودا بۆ قەیرانەکان زیاتر تێناپەڕێت.

به‌شی هه‌شته‌م له‌ده‌وری پێگه‌ی به‌ها لیبراڵه‌كان له‌ شیرازه‌ی جیهانیی هه‌نووكه‌دا ده‌سووڕێته‌وه‌ و گفتوگۆكانی له‌سه‌ر بارگرژییه‌كانی نێوان دوو به‌های بنه‌مایی لیبراڵ بونیاد ده‌نێت، ئه‌ویش: به‌های سه‌ربه‌خۆییه له‌هه‌مبه‌ر به‌های پشتپێكدیبه‌ستندا (in-terdependence). ماوه‌ی دوای جه‌نگی سارد به‌وه‌ جیا ده‌كرایه‌وه‌ كه‌ به‌ره‌و چڕكردنه‌وه‌ی پشتپێكدیبه‌ستن هه‌نگاو ده‌نێت، به‌ڵام به‌ندۆڵه‌كه‌ له‌ ئێستادا به‌ ئاراسته‌ی پێچه‌وانه‌ ده‌جووڵێت، واته‌ به‌ ئاراسته‌ی زیاتر جه‌ختكردنه‌وه‌ له‌سه‌ر سه‌ربه‌خۆیی.

له‌ به‌شی نۆیه‌م و كۆتاییدا، پوخته‌ی بۆچوونه‌كان له‌ باره‌ی دووباره‌ بیركردنه‌وه‌ له‌ شیرازه‌ی نێوده‌وڵه‌تی خراونه‌ته‌ ڕوو. سۆرێنسن لایه‌نگریی له‌ بۆچوونی هیچ یه‌كێك له‌ دوو ته‌وژمه‌ سه‌ره‌كییه‌كه‌ (ته‌وژمی لیبراڵی گه‌شبین و ته‌وژمی ڕیاڵی ڕه‌شبین) ناكات و پێی وایه‌ هه‌ر ته‌وژمێك له‌م ته‌وژمانه‌ ڕووناكی ده‌خاته‌ سه‌ر لایه‌نێك له‌ لایه‌نه‌كانی شیرازه‌ی نێوده‌وڵه‌تی و لایه‌نگه‌لێكی تر له‌ تاریكاییدا به‌جێ ده‌هێڵێت. بۆیه‌ تێڕوانینه‌كانی به‌ ئاراسته‌ی شرۆڤه‌یه‌كی فره‌لایه‌ن و به‌دوور له‌ لێكدانه‌وه‌ی تاك ڕه‌هه‌ندانه‌ی شیرازه‌ی جیهانی هه‌نگاو ده‌نێت، به‌ جۆرێك ئاڵۆزكاوییه‌كانی شیرازه‌كه‌ ببینێت.

تێبینی: له‌م بابه‌ته‌دا وشه‌ی نه‌زم له‌بریی "نظام"ی عه‌ره‌بی به‌كار هاتبوو، به‌ڵام گۆڤاری ئاینده‌ناسی له‌بریی "نه‌زم"؛ وشه‌ی "شیرازه‌"ی به‌كار هێناوه‌، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م وشه‌یه‌ یان جێگیر بێت، یاخود وشه‌یه‌كی باشتر له‌ پرۆسه‌ی ڕه‌خنه‌كاریی وشه‌كه‌دا به‌رهه‌م بهێنرێت. "شیرازه‌" له‌ زمانی كوردیدا پێشتر زۆر به‌كار هاتووه‌، له‌ شێوه‌زاری هه‌ورامی (گۆران)دا له‌ پرۆسه‌ی به‌رهه‌مهێنانی كڵاشدا به‌كار دێت، دوایین كرده‌یه‌ كه‌ سه‌ره‌ (سه‌رخان) و ژێره‌ (ژێرخان)ی كڵاشه‌كه‌ پێكه‌وه‌ ده‌به‌ستێته‌وه‌ و جوانی و تۆكمه‌یی ده‌به‌خشێته‌ كڵاشه‌كه‌ و تا ئه‌وه‌ش ته‌واو نه‌كرێت كۆی پرۆسه‌كه‌ به‌ ته‌واوكراو دانانرێت و شوناسه‌ گشتگیره‌كه‌ی وه‌رناگرێت. له‌ شێوه‌زاری كرمانجیی خوارووشدا شیرازه‌ بۆ پێكه‌وه‌به‌سته‌یی و په‌یوه‌ندیی تۆكمه‌ی خێزانێك به‌كار دێت و هه‌ر كاتێك لێك ده‌پچڕێت یان بێسه‌ره‌وبه‌ره‌ ده‌بێت، ده‌وترێت شیرازه‌ی ئه‌و ماڵه‌ تێك چووه‌. بۆیه‌ وه‌ك چه‌مك، ئه‌م وشه‌یه‌مان كه‌ واتای سیستمی سیاسیی ده‌گه‌یه‌نێت، پێشنیار كردووه‌.

# ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

# سیناریۆ ئایندەییەکان

ئامادەکردن: د.عابد خالد

سیناریۆ (Scenario – مشهد) یەکێکە لە تەکنیکەکانی ئەو زانستەی کە بە لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان (ئایندەناسی، الدراسات المستقبلیة، آ يند ه پژ و هی ، (Future Studies ناسراوە. ئەگەر بەگشتی مەبەست لەم زانستە بریتی بێت لە بوارێکی ئا کا د یمیی مەعریفیی فرە دیسپلین کە لە سەرجەم پسپۆڕییە زانستییە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێت و لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئایندەوە لە لایەنە خوازراو و پێشبینیکراو و گریمانەییەکانیەوە، بە ئامانجی دیاریکردنی وێنایەک لە وێناکانی ئایندە یان زیاترکردنی ئەلتەرناتیڤێک (بدیل) لە ئەلتەرناتیڤەکانی ئایندە، ئەوا سیناریۆ گرنگترین تەکنیکە بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو وێنا و ئەلـتەرناتیڤانە.



لە ڕووی زمانەوانییەوە، وشەی "Scenario" لە زمانە بیانییەکاندا لە وشەی "Scena"ی لاتینی وەرگیراوە، کە لە سەدەکانی ناوەندیدا بە مانای سەرنجدان (النظر)، یاخود تێڕ و ا نین ( ا لمشا هد ة ) بەکار هاتووە، دواتر لە سەدەی نۆ ز د ە یە مد ا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئەورووپا بوو بە باو، لەدوای ئەوەشەوە بۆ هەموو جیهان گوازرایەوە.

لە ڕووی زانستیشەوە، سیناریۆ بریتییە لە وێنایەکی پێشبینیکراو بۆ ئایندە، کە بە شێوەی چیرۆک یان گێڕانەوە (Narrative) یان ئەلتەرناتیڤ، لەسەر داهاتووی بابەتێک دەخرێتە ڕوو، بەڵام

لەبەر ئەوەی لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ئایندەی ئەو بابەتەی کە جێی لێکۆڵینەوەیە؛ دەشێت زیاتر لە سیناریۆیەک (بە شێوەیەکی ئاسایی سێ یان چوار سیناریۆ بۆ بەراوردکردن) بخرێتە ڕوو، لەبەر ئەوە زۆربەی کات لە لێکۆڵینەوە ئایندەییەکاندا ئەم وشەیە بە شێوازی کۆ (جمع) بەکار دەهێنرێت و لەجیاتیی ئەوەی بوترێت "Scenario"، دەوترێت (Scenarios - مشاهد)، هەروەها دەشوترێت (سیناریۆ ئایندەییەکان - Future Scenarios - المشاهد المستقبلیة).

سیناریۆکان زۆربەی جار بەئەنقەست خەیاڵین و کەم جاریش ڕاسپاردەیان تێدایە، بە مەبەستی فێربوون و گرتنەبەری کرداری پێویست لە ئێستادا دیزاین کراون، ئەمەش بە سەرلەنوێ دروستکردنەوە و تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکان سەبارەت بەوەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا ڕوو بدات.

سیناریۆکان تەکنیکێکی ئایندەناسی بەسوودن لە سێ ڕووەوە:

١. (پشکنین – Exploration): ڕێگە دەدات ئەگەرە گریمانکراوە جۆراوجۆرە تەبا یان دژبەیەکەکان لەسەر ئایندەی بابەتێک بدۆزێتەوە.

٢. (ڕەوش – Context): ڕێگە دەدات ئایندەی هەر بابەتێک لە چوارچێوەی کۆی بابەتە پەیوەندیدارەکان پێیەوە وێنا بکرێت، نەک وەک یەک بابەتی تەنیا و پەراوێزی.

٣. (گێڕانەوە – Narrative): ڕێگە دەدا چەند شارەزاییەکی ئەزموونکراوی جۆراوجۆر لەسەر بابەتی جێی لێکۆڵینەوەکە بخرێتە ڕوو کە شایەنی وانە لێوە فێربوون و سوودلێبینین بن.

هەر چەندە بەشێک لە شارەزایان وا دەخوازن سیناریۆکان لە ڕووی زەمەنی ئایندەییەوە بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەن، ئەوانیش: (نزیکمەودا، ناوەندمەودا، دوورمەودا)،

بەڵام بەگشتی دەشێت لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بۆ سێ جۆر پۆلێن بکرێن:

١. (سیناریۆی چاوگگەر – مرجعي): کە تیایدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو وێنا و بەدیلە دەکرێتەوە کە زۆرترین ئەگەری ڕوودانی هەیە.

٢. سیناریۆی گەشبینگەر: کە تیایدا زۆربەی وێنا و بەدیلەکان بە ئاراستەی ئومێد و گەشەی ئەرێنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەخرێنە ڕوو.

٣. سیناریۆی ڕەشبینگەر: کە تیایدا زیاتر پێداگری لەسەر زەقکردنەوەی ئاڵنگاری و دژوارییە نەرێنییەکانی بەردەم ئایندەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەکرێت.

## سەرچاوەکان

1. M. Godet, F. Roubela, Creating the future : The use and misuse of scenarios, Published in Long Range Planning, Vol. 29, No. 2, 1996.

2. OECD, Educational Research and Innovation Back to the Future of Education Four OECD Scenarios for Schooling, Publishe: OECD, 2020.

٣. محمد جمال جارحي سعداوي، بناء السيناريو في الدراسات المستقبلية، رسالة ماجستير، جامعة حلوان، ٢٠١٦.

٤. د. یوسف گۆران، لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی: پوختە دەروازەیەکی تیۆری، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (١)، ئایار ٢٠٢٠.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية
دەربارەی ئێمە
توێژەران


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاناى ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ئاوەدێتی، چارەنوسی دیفەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاناى ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئاییندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019

# ژمارەکانی رابردووی ئایندەناسی
























# ئایندەناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٩) ئەیلولی ٢٠٢١، ساڵی دووەم